سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی ئاشتیی ژاپۆنی: گوشارێکی گەورەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لەسەر کوردستان هەیە و جیهان هەموو چاودێریی دەکەن

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5849) سێ شەممە 15ی تشرینی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سکرتێری گشتی ڕێکخراوی ئاشتیی جیهانی ژاپۆنی لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات باسی مەترسییەکانی ئاشتی لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان دەکات و دەڵێ گوشارێکی گەورەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لەسەر کوردستان هەیە و جیهان هەموو چاودێری کوردستان و حیکمەتی سەرکردەکان و گەلی کوردستان دەکەن. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

دانیشتنی دادگا لەسەر یاسای هەموارکراوی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق دواخرا

دانیشتنی دادگای ئیتیحادی عێراق، لەسەر یاسای هەموارکراوی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق، کە بڕیاربوو دوێنێ دووشەممە بەڕێوەبچێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

یەکێتیی ئەوروپا ئیدانەی هێرشە سەربازییەکەی تورکیا دەکات

دەبێ تورکیا هێرشەکانی بوەستێنێت و لە سووریا بکشێتەوە



دوێنێ دووشەممە یەکێتیی ئەوروپا لە کۆبوونەوەیەکدا کە تایبەت بە پرسی سووریا و هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان ساز کرابوو، ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە کە تێدا داوا لە تورکیا کراوە بە خێرایی هێرشەکانی ڕابگرێت و لە سووریا بکشێتەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

وەزیری دەرەوەی لۆکسەمبۆرگ:

دەبێت ئەوروپا بە ئەردۆغان بڵێت ڕاوەستە

جان ئەسیلبۆرن، وەزیری دەرەوەی لۆکسەمبۆرگ ڕایگەیاند، زۆر قورسە لەلای لە هێرشی تورکیا بۆ سەر باکووری سووریا و ئامانجەکانی تێبگات کە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بانگەشەی بۆ دەکات. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ئەمەریکا لەسەر گوللەبارانکردنی هاوڵاتیان لە سووریا هاتە دەنگ

وتەبێژێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاندووە، وڵاتەکەی بەنیگەرانییەکی زۆرەوە چاودێری ئەو ڕاپۆرتانەی کردووە لەبارەی کوژرانی هەڤرین خەڵەف سیاسەتمەداری کوردی سووریا و دەستگیرکردن و گوللەبارانکردنی ژمارەیەک چەکداری هێزەکانی سووریای دیموکرات. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

کۆنفرانسی ئەنجوومەنی ئابووری ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو

مستەفا سەید قادر: هەرێمی کوردستان زەمینەیەکی لەبارە بۆ وەبەرهێنانی بیانییە



دوێنێ دووشەممە، کۆنفرانسی ئەنجوومەنی ئابووری ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان لە هەولێر بەڕێوەچوو کە تیایدا جێگری سەرۆکوەزیرانی حکوومەتی عێراق فوئاد حوسێن، جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان قوباد تالەبانی، بەشێک لە وەزیرەکان و ژمارەیەک لە بازرگانانی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان بەشداربوون. لە دەستپێکی کۆنفرانسەکەدا، جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان قوباد تالەبانی گوتارێکی پێشکەش کرد و تیایدا ڕایگەیاند کە وەک حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسیارن بەرامبەر چاکسازی و پێشخستنی هەرێمی کوردستان و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان، جەختی لەوەشکردەوە کە ئەنجامدانی پڕۆسەی چاکسازی هاوکار دەبێت بۆ هاندانی کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی کۆمپانیاکان خۆیان تۆمار بکەن، ئاشکرایشی کرد کە هەموو ئەو هەنگاوانە بە پشتیوانیی حکوومەتی ئەمەریکا دەیانگەیەنێتە حوکمڕانییەکی دیکە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ئیسرائیل کۆگایەکی دیکەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە نزیک بەغدا دەتەقێنێتەوە



ئیدی کۆهین، ئەکادیمی و توێژەری ئیسرائیلی لە هەژماری تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (تویتەر)، ڕایگەیاندووە، شەوی یەکشەممە 2019/10/13 ئیسرائیل بۆردومانی بنکەیەکی حەشدی شەعبی کردووە. ئیدی کۆهین هەروەها ڕایگەیاندووە، حەشدی شەعبی لە ترسی ئابڕووچوون، نایەوێ هەواڵی بۆردومانەکەی شەوی ڕابردوو، بڵاو بکاتەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

هەرێمی کوردستان سەرژمێرییەک قبوڵ دەکات کە بۆ مەبەستی پەرەپێدان بێت نەک سیاسی

وەزیری پلاندانان ڕایدەگەیەنێت نابێت پرۆسەی سەرژمێری بۆ مەبەستی سیاسیی بەکاربهێندرێت و دەبێت مافی پێکهاتەکانیش پارێزراوبێت. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

وەزیرانی پێشمەرگە و بەرگریی عێراق:

شایستەی دارایی بۆ پێشمەرگە دابیندەکرێت

وەزیری پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و شاندێکی یاوەری سەردانی بەغدایان کرد و لەگەڵ وەزیری بەرگری عێراقی فیدراڵی کۆبوونەوە. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**



کەرتی گەشتیاریی تورکیا

ڕووبەڕووی زیانێکی گەورە بووەتەوە

پاش زیاتر لە هەفتەیەک لە پۆپراسیۆنی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان کەرتی گەشتیاری ئەو وڵاتە ڕووبەڕووی زیان بووەتەوە. بە وتەی خاوەن کۆمپانیاکانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی چوونی گەشتیار بۆ تورکیا نەک لە کوردستانەوە بەڵکوو لەسەرجەم وڵاتانی جیهانەوە کەمیکردووە. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**



ژاپۆن.. لە ئاکامی هەڵکردنی باهۆزی هاگیبیس لانی کەم 140 کەس بوونەتە قوربانی (زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

مستەفا سەید قادر:

هەرێمی کوردستان زەمینەیەکی لەبارە بۆ وەبەرهێنانی بیانیی



پاشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەممە 14/10/2019 لە هەولێر بەڕێز مستەفا سەید قادر جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەشداریی کۆنفرانسی (هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا ـ هاوبەشی ئاشتی و پەردەسەندن)ی کرد کە بە هاوکاریی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا و ئەنجومەنی بزنسی ئەمەریکا ـ کوردستان ـ هەولێر ڕێکخراوە و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکوومی و پیاوانی کاری ئەمەریکی و هەرێمی کوردستان ئامادەی بوون. بەڕێزیان وتارێکی پێشکەش کرد کە تیایدا هەرێمی کوردستانی بە زەمینەیەکی لەبار بۆ سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنانی بیانی لە قەڵەم دا و جەختی لە ئامادەییی هەرێمی کوردستان بۆ هەموو ئاسانکارییەک بۆ کەرتی تایبەت و وەبەرهێنانی بیانی کردەوە. ئەمە دەقەکەیەتی:

ئامادەبوونی بەڕێز، ئەم کاتەتان باش و هەمو لایەکتان بەخێربێن...

بەخێرهاتنی تایبەتی ئەندامانی ئەنجومەنی بزنسی ئەمەریکا ـ کوردستان (USKBC) و نوێنەرانی کۆمپانیا بەشدارەکانی ئەم کۆنفرانسە دەکەم، کە لە ئەمەریکاوە هاتوون بۆ هەرێمی کوردستان.

خۆشحاڵم ئەمڕۆ پێکەوە، لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، ئامادەی ئەم کۆنفرانسەین، کە بە هەماهەنگیی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان قوباد تاڵەبانی، بەشێک لە وەزیرەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کۆنسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر و زانکۆی کوردستان لە هەولێر، ڕێکخراوە. دەستخۆشیی ئەم دەستپێشخەرییەیان لێ دەکەم، هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنفرانسەکەتان دەخوازم.

بەڕێزان..

ئاشکرایە، پەیوەندیی ئابووری و بازرگانی، یەکێکە لەو فاکتەرە سەرەکیانەی، کە ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە بەهێزکردن و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکان و مسۆگەرکردنی بەرژەوەندیی هاوبەش لەنێوان وڵاتان و گەلانی جیهاندا، وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاریش گەورەترین دەروازەن بۆ هەنگاونان بەرەو دۆستایەتی و پەیوەندییەکی دروست و بەهێزی بەردەوام لەنێوان وڵاتان و گەلاندا. هەرێمی کوردستان، وەک چۆن بە ڕێز و پێزانینەوە دەڕوانێتە هەموو ئەو پشتیوانی و هاوکارییە سیاسی، دیپلۆماسی، سەربازی، ئابووری و مرۆییانەی، کە لەلایەن وڵاتانی دۆستەوە لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەکەماندا پێشکەشی کراون، بە هەمان شێوە و بە چاوی ڕێزەوە دەڕوانێتە کار و هەڵوێستی هەموو ئەو کۆمپانیا بیانیانەی لەگەڵ کەرتی تایبەتی نێوخۆدا سەرمایەگوزارییان لە هەرێمی کوردستان کردووە و ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە پرۆسەی بنیاتنان و گەشەپێدان و پێشخستنی هەرێمی کوردستان لە سەرجەم بوارەکاندا.

ئەم کارانە جگە لە کاریگەریی ئەرێنییان لە بواری ئابووری و گەشەپێداندا، ڕۆڵێکی گرنگیش دەبینن لە سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەمنی لە هەرێمی کوردستان و عێراق، وێڕای پتەوکردنی پەیوەندیی دۆستانەی نێوان گەلی کوردستان و گەلانی تر.

ئێمە پەیوەندییەکی دۆستانەمان لەگەڵ ئەمەریکا هەیە و هەمیشە بە ڕێزەوە ستایشی هاوکاری و پشتگیریی ئەمەریکامان کردووە بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق. پشتگیریی ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق لە شەڕی دژی تیرۆردا لەگەڵ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی تیرۆر، ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە شکستپێهێنانی تیرۆر و پاراستنی هەرێمی کوردستان و عێراق.

ئێمە پێکەوە بەرگریمان لە بەها هاوبەشەکانی ئازادی و ژیان و شارستانیی و مرۆڤایەتی کرد. پێکەوە لە یەک بەردا، لەپێناو ئاشتی و سەقامگیری، پێکەوەژیان، لێبوردەیی و دیموکراسیدا، سەنگەرمان لە دوژمنانی شارستانی و ژیان و مرۆڤایەتی گرت و شکستمان پێهێنان. پێکەوە قوربانیمان دا، لێردەوە بەوپەڕی ڕێزەوە، لەگەڵ پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان، یادی قوربانیانی سوپای ئەمەریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیش دەکەینەوە.

چەندین کۆمپانیای ئەمەریکی لە بوارەکانی وزە و وەبەرهێنان و بازرگانیدا لێرە کاریان کردووە. پێزانینی زۆرمان بۆ ئەوان هەیە، کە لە دۆخی سەخت و هەستیاری ڕابردوودا، لە هەرێمی کوردستان بەردەوام بوون و بەجێیان نەهێشتین. بە دڵنیاییەوە بەشداریی زیاتری کۆمپانیا و سەرمایە و وەبەرهێنانی ئەمەریکی، پەیوەندییەکانی نێوان گەلی ئەمەریکا و گەلانی ئەم ناوچەیە پتەوتر دەکات.

بەڕێزان..

هەرێمی کوردستان زەمینەیەکی لەبارە بۆ وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری، بەردەوام کارمان کردووە و بەردەوامیش دەبین بۆ دەستەبەرکردنی زیاتری ئاسانکاری، پشتگیری و هاوکاری بۆ وەبەرهێنەران و سەرمایەگوزاران، بە جۆرێک هەست بە دڵنیایی و گەرەنتی بکەن، کە لە ژینگەیەکی یاسایی و کارگێڕیی تەندروستدا وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری دەکەن و هەموو مافێکیان پارێزراو دەبێت.

بۆ ئەم مەبەستەش حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان هان دەدەین، بۆ ئەنجامدانی هەرچی پێویست بێت بۆ کارئاسانی و زەمینەسازیی زیاتر بۆ وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری لە هەرێمی کوردستان.

کار و پرۆژەکانتان وێڕای دابینکردنی دەرفەتی کاری زیاتر لە هەرێمەکەمان، ڕایەڵەکانی پەیوەندیی نێوان گەلەکانیشمان زیاتر و بەهێزتر دەکەن. گەلی کوردستان بە سروشت کۆمەڵگەیەکی کراوەیە، مەیلی لە بنیاتنانی پەیوەندیی دۆستانەیە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.

دڵنیاین کە بەردەوامی و بەهێزبوونی پەیوەندیی دۆستانەی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان، پاڵنەرێکی گرنگ دەبێت بۆ سەقامگیری و گەشەی ئابووری لە هەرێمی کوردستان و عێراق.

باشبوونی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی عیراق ڕەنگدانەوەی باشی دەبێت لەسەر چالاکیی ئابووری و سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان و عێراق. ئێوە و هەموو ئەوانەی دەیانەوێت لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری بکەن، دەتوانن هەرێمی کوردستان وەک دەروازەیەک بۆ تەواوی عێراق بەکار بهێنن، بۆ ئەم مەبەستەش هەرێمی کوردستان هەموو هاوکاری و ئاسانکارییەک پێشکەش دەکات.

ئامادەبوانی بەڕێز..

ئێمە لە هەرێمی کوردستان و عێراق دوای قۆناغی شەڕی تیرۆر و تێکشکاندنی داعش، ڕووبەڕووی هەڕەشەی تیرۆر و بڕوادانە بە پەیوەندیی ئابووری و بارزگانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و جیهان، بۆ هەموو ئەمانەش ئارامی و ساقامگیری پێویستە. بەداخەوە ئێستا بەهۆی ئۆپەراسیۆن و پێکدانانە سەربازییەکانی ڕۆژئاوا (ڕۆژهەڵاتی فورات لە سووریا)، ئاڵۆزی لە ناوچەکە هاتۆتە کایەوە.

ئێمە لە هەرێمی کوردستان بە دڵگرانی و نیگەرانییەکی قووڵەوە لە دۆخەکە دەڕوانین و پێمان وایە شەڕ و پشێوی، تەنیا ئاڵۆزییەکان زیاتر دەکەن و دەسکەوتەکانی تێکشکاندنی داعش دەخەنە مەترسییەکی جددییەوە و ئەگەری سەرهەڵدانەوەی داعش دێنێتە ئاراوە. بۆیە داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین ڕۆڵی خۆی لە ڕاگرتنی شەڕ و گێرانەوەی ئاشتی و ئارامی بگێڕێت و ئێمەش بۆ هەموو هاوکارییەک لەپێناو ئاشتیدا ئامادەین.

لە کۆتاییدا، پیرۆزبایی ڕێکخستنی ئەم کۆنفرانسەتان لێ دەکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم. جێی خۆیەتی سوپاسێکی گەرمی ئەنجومەنی بزنسی ئەمەریکا ـ کوردستان (USKBC) بکەم لەگەڵ نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا بۆ ڕێکخستنی سەردانی شاندی بازرگانیی کۆمپانیا و ڕێکخراوانی ئەمەریکی بۆ هەرێمی کوردستان کە ئەمڕۆ لەم کۆنفرانسەدا بەشدارن.

دووبارە بەخێرهاتنی گەرمیان لێ دەکەم و پێیان دەڵێم فەرهەنگی ژیاندۆستانەی ئێمە، ئارەزوومان بۆ دۆستایەتی، پشتگیریکردنمان لە وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاریی ناوخۆ و دەرەکی، دەرگای والآن بەڕووی پرۆژە و کاری ئابووری و بازرگانی و سەرمایەگوزاری و وەبەرهێناندا. هیوای کاتێکی خۆش بۆ هەموتان دەخوازم. سوپاستان دەکەم.

کۆنفڕانسی ئەنجوومەنی ئابووریی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو

د.فوئاد حوسێن: لەسەدا 88 بۆ 90ی بوودجەی عێراق پشتی بە نەوت بەستووە

ستیڤ ڤیگن: ئەمەریکا لە هەنگاوەکانی چارەسەری و پێشخستنی ئابووری پاڵپشتی هەرێمی کوردستان دەکات





دوێنێ دووشەممە، کۆنفرانسی ئەنجوومەنی ئابووری ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان لە هەولێر بەڕێوەچوو کە تیایدا جێگری سەرۆکوەزیرانی حکوومەتی عێراق فوئاد حوسێن، جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان قوباد تاڵەبانی، بەشێک لە وەزیرەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کۆنسوڵی ئەمەریکا لە هەولێر ستیڤ ڤیگن و ژمارەیەک لە بازرگانانی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان بەشداربوون.

لە دەستپێکی کۆنفرانسەکەدا، جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان قوباد تاڵەبانی گوتارێکی پێشکەشکرد و تیایدا ڕایگەیاند کە وەک حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر چاکسازی و پێشخستنی هەرێمی کوردستان و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان، جەختی لەوەشکردەوە کە ئەنجامدانی پڕۆسەی چاکسازی هاوکار دەبێت بۆ هاندانی کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی کۆمپانیاکان خۆیان تۆمار بکەن، ئاشکرایشی کرد کە هەموو ئەو هەنگاوانە بە پشتیوانی حکوومەتی ئەمەریکا دەیانگەیەنێتە حوکمڕانییەکی دیکە.

دواتر جێگری سەرۆکوەزیرانی حکوومەتی عێراق، فوئاد حوسێن ڕایگەیاند کە بارودۆخێکی سیاسی ئاڵۆز هەیە لە ناوخۆی عێراق و ناوچەکە، جەختی لەوەشکردەوە کە ئەم ئاڵۆزیانە مانای ئەوە نییە کە دەرفەت بۆ چاکسازی نەماوە. ئاشکرایشی کرد کە بارودۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئابووری عێراقەوە هەیە. هەر لە میانی بەڕێوەچوونی کۆنفڕانسەکەدا، جێگری سەرۆکوەزیرانی عێراق فوئاد حوسێن گوتی: خۆپێشاندانەکانی ئەمجارەی عێراق جیاواز بوون لە خۆپێشاندانەکانی پێشتر، چونکە ئەمجارە زۆرینەی خۆپێشاندەران گەنج بوون، سەرەتای خۆ پیشاندانەکەش دروشم و داواکارییەکانییان تەنیا چاکسازی بوو، بەڵام دواتر ئاراستەی خۆپیشاندانەکە گۆڕدرا و بەم هۆیەوەش 105 کەس کوژران و شەش هەزار و 200 کەسیش بریندار بوون.

فوئاد حوسێن گوتیشی: کابینەی حکوومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی کە دەستی بەکار کرد کێشەی زۆر گەورەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەمنی لە عێراق هەبوون، ئەو کابینەیە بەرنامەیەکی ڕوونی هەیە لە گۆڕانکاری ئابووری لە عێراق و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان، لە ماوەی یەک ساڵی کابینەکەدا بەرهەمهێنانی کارەبا لە15 بۆ 16 هەزار مێگاواتەوە بۆ نزیکەی 20 هەزار مێگاوات زیادیکردووە، بەڵام کێشەی گەیاندنی کارەبا و دابەشکردنمان هەیە، هەر بۆیەش لە ئێستادا حکوومەت کار لەسەر ئەوە دەکات.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، فوئاد حوسێن ئاماژەی بە پرسی بوودجە کرد و گوتی: لەسەدا 88 بۆ سەدا 90ی بوودجەی عێراق پشتی بە نەوت بەستووە بۆیەش بەرزبوونەوە و دابەزینی نرخی نەوت، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بوودجەی عێراق و بواری ئابووری هەیە، بۆ ساڵی 2019 نرخی یەک بەرمیل نەوت بە56 دۆلار خەملێندرا بەڵام بۆ ساڵی داهاتوو نرخی یەک بەرمیل بە 46 بۆ 50 دۆلار دەخەملێندرێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە خۆپیشاندانەکان فشارێکی زۆری لەسەر بوودجە دروست کردووە چونکە 200 هەزار کەس دەهێندرێتەوە ناو ریزەکانی سوپا، حەشدی شەعبی و پۆلیس، بەمەش بەشێکی زۆری بوودجەی عێراق بۆ مووچە و خانەنشینیی و چاودێری کۆمەڵایەتی دەچێت.

فوئاد حوسێن گوتیشی: دەبێت لە عێراق پشت بە سەرچاوەی دیکەی داهات ببەستریت بۆ پێشخستنی بواری ئابووری، لەو بوارەشدا عێراق پاڵپشتیی کەرتی کشتوکاڵ دەکات بۆ ئەمساڵیش بەرهەمی دانەوێلە بەشێوەیەکی باش زیادیکردووە، حکوومەتیش لەو پاڵپشتییەی جووتیاران بەردەوام دەبێت، لە پاڵ ئەوەش کار بۆ وەبەرهێنان لەبواری گەشتوگوزار بەتایبەت گەشتیاری ئایینی دەکەین.

هەر لە کۆنفرانسەکەی ئەنجوومەنی ئابووری ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان، جێگری سەرۆکوەزیرانی عێراق ئاماژەی بە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق کرد و گوتی: پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا یان خراپ بوو یان پچڕا بوو، لە هەندێک قۆناغ شەڕ هەبوو لە نێوانیاندا، ئێستا ئەو لاپەڕە داخراوە و لاپەڕەیەکی دیکە هەڵدراوەتەوە و لە قۆناغی دانوستان بەردەوامین.

دواتر کۆنسولی ئەمەریکا لە هەولێر، ستیڤ ڤیگن گوتی: هەرێمی کوردستان هەنگاو دەنێت بۆ پێشخستنی ئابووری و هەنگاوی باشی ناوە، ئێمەیش پاڵپشت و هەماهەنگی ئەو هەنگاوانە دەکەین کە دەبێتە هۆی کێبڕکێی پێشخستنی ئابووری هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لە دوای شەڕی داعش و دابەزینی نرخی نەوت کە گەشەپێدانی ئابووری کەمی کردبوو بە جۆرێک نەدەتوانرا مووچەی فەرمانبەران بدرێت، بەڵام ئێستا دەستپێکێکی باش هەیە و هەموو لایەک جۆرێک ڕێککەوتنیان هەیە بۆ ئەوەی حکوومەتێکی بەهێز دابمەزرێنن و، ڕووبەڕووی گەندەڵی ببنەوە، دەبێت هەرێمی کوردستان جددی بێت لە چاکسازی و هەنگاوەکانی چارەسەری و پێشخستنی ئابووری، لەو بوارەش ئەمەریکا پاڵپشتی هەرێمی کوردستان. لە درێژەی قسەکانیدا، ستیڤ ڤیگن گوتیشی: پێویستە حکوومەتی هەرێم جگە لە نەوت، پشت بە کەرت و بواری دیکەی ئابووری ببەستێت و، هەڵی تازە لە بواری کشتوکاڵ و بواری دیکە بڕەخسێنێت بەو ئامانجەی خزمەتگوزاری باشتر و زیاتر پێشکەش بکات و دەرفەتی وەبەرهێنانی هەمەجۆر فەراهەم بکات لەو بوارەش ئەمەریکا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هەردوولا هاوکار و هەماهەنگ دەبێت.

دەبێ تورکیا هێرشەکانی بوەستێنێت و لە سووریا بکشێتەوە

یەکێتیی ئەورووپا ئیدانەی هێرشە سەربازییەکەی تورکیا دەکات

پشتگیریی بڕیاری وڵاتانی ئەورووپی بۆ نەناردنی چەک بۆ تورکیا دەکەین



دوێنێ دووشەمە یەکێتیی ئەورووپا لە کۆبوونەوەیەکدا کە تایبەت بە پرسی سووریا و هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان ساز کرابوو، ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە کە تێدا داوا لە تورکیا کراوە بە خێرایی هێرشەکانی ڕابگرێت و لە سووریا بکشێتەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەی یەکێتیی ئەورووپادا چەند پرسێکی جیدی باس کراوە و لە شەش خاڵدا باس کراون و تێیدا هاتووە:

1- ئەنجومەنی یەکێتیی ئەورووپا دوابەدوای ڕاگەیەندراوی 9ی ئۆکتۆبەری 2019 داوا لە تورکیا دەکات بە زووترین کات هێرشە سەربازیە تاکلایەنەکەی بۆ سەری ڕۆژئاوای کوردستان بوەستێنێت و هێزەکانی بکشێنێتەوە.

2- یەکێتیی ئەورووپا ئیدانەی هێرشە سەربازییەکەی تورکیا دەکات کە کاریگەریی نەرێنی هەبووە بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە بەگشتی و بووەتە هۆی زیانگەیاندن بە هاوواڵتیانی سڤیل و ئاوارەبوونیان و پچڕانی یارمەتییە مرۆییەکان. ئەمە کێشە دەخەنە بەر ڕێگەی هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دەستەبەردکردنی ئاشتی لە سووریا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە داعش هێشتا مەترسییە بۆ سەر یەکێتیی ئەورووپا و تورکیا و ناوچەکە بەگشتی، ئەم هەنگاوەی تورکیا کێشە دەخاتە هەوڵەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ شکستدانی داعش. یەکێتیی ئەورووپا پابەندە بە یەکپارچەیی و سەروەریی خاکی سووریا. ئەمانەش تەنها لەڕێگەی پرۆسەی دیالۆگی جێنێف و لە چوارچێوەی ڕاگەیەندراوی ژمارە 2254ی ساڵی 2012ی جێنێف دەستەبەر دەکرێن.

3- تورکیا هاوبەشێکی سەرەکیی یەکێتیی ئەورووپایە و لایەنێکی گرنگیشە لە قەیرانی سووریا و ناوچەکە. نیگەرانییە ئەمنییەکانی تورکیا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا پێویستە بە ڕێگەی سیاسی و دیپلۆماسییەوە و بە پێی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتییەکانەوە چارەسەر بکرێن نەوەک بە ڕێگەی سەربازی.

4- هەوڵی بەردەوامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بە هەوڵەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە، پێویستن بۆ کۆتاییهێنان بەم هێرشە سەربازییە تاکلایەنە. ئەنجومەنی یەکێتیی ئەورووپا داوای کۆبوونەوەی وەزیرانی وڵاتانی ئەندام لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دەکات کۆبوونەوەیەک ئەنجام بدەن بۆ باسکردنی هەڵمەتە بەردەوامەکانییان دژ بە داعش لە چوارچێوەی ئەم بارودۆخەی ئێستا هاتووەتە کایەوە.

5- بەو پێیەی کە هێرشە بەردەوام دەبێت لە هەوڵەکانی تاکلایەنەکەی تورکیا تا ئەم ساتەش بەردەوامی هەیە، یەکێتیی ئەورووپا پشتگیری بڕیاری ئەو وڵاتانە دەکات کە هەنارەدەکردنی چەکیان بۆ تورکیا هەڵپەساردووە. وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا پێویستە تەواو پابەندی هەڵوێستی خۆیان بن سەبارەت بە یاساوڕێسای پەیوەست بە هەنارەدەکردنی چەک بۆ تورکیا، کە بگونجێت لەگەڵ ڕێنمایی (CFSP/944/2008) سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی هەنارەدەکردنی چەک. لێژنەیەکی تایبەت بەم بابەتە هەر لەم هەفتەیە کۆ دەبێتەوە هەڵوێستی وڵاتانی ئەندام لە یەکەمین هەڵدەسنگێنێتەوە.

6- یەکێتی ئەورووپا پابەندە بەوەی هاوکارییەکانی بۆ ئاساییکردنەوە و پێشخستنی ئەو ناوچانە تەرخان ناکات کە مافی دانیشتوانەکەی پێشێل دەکرێت. یەکێتیی ئەورووپا بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە مرۆیی و کۆچبەرییە سەختەی کە ئێستا هاتووەتە ئاراوە.

سایمۆن کۆڤنی، وەزیری دەرەوەی ئێرلەندا، لەپێش کۆبوونەوەکەی دوێنێ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند: دەبێت بزانین چی ڕووەدات، ئەمە ئەو مژارەیە کە ئەمڕۆ ئێمە گفتوگۆی لەبارەوە دەکەین، بە تێڕوانینی من نیگەرانییێکی مەزن لە ئەورووپا هەیە سەبارەت بە ڕەوشی سووریا، بۆیە یەکێتیی ئەورووپا لەسەر ئاستی وەزیرانی دەرەوەی کۆدەبێتەوە تاوەکو بزانین دەتوانین بە چ شێوەیەک کاریگەرتر بین. هەروەها ستیف بلۆک، وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا ڕایگەیاند: دەبێت تورکیا پابەندی یاسا نێودەوڵەتییەکان بێت و هێرشەکەی بۆسەر باکووری سووریا بووەستێنێت. ئێمە، فرۆشتنی چەکمان بە تورکیا وەستاندووە.

وەزیری دەرەوەی لۆکسەمبۆرگ:

دەبێت ئەورووپا بە ئەردۆغان بڵێت ڕاوەستە

/K24

جان ئەسیلبۆرن، وەزیری دەرەوەی لۆکسەمبۆرگ ڕایگەیاند، زۆر قورسە لەلای لە هێرشی تورکیا بۆ سەر باکووری سووریا و ئامانجەکانی تێبگات کە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بانگەشەی بۆ دەکات.

وەزیری دەرەوەی لۆکسەمبۆرگ داوای لە ئەورووپا کرد سەرکۆنەی هێرشەکە بکەن و بە تورکیا بڵێن ڕاوەستە و ناکرێت ئەم دۆخە بەردەوام بێت.

دوێنێ دووشەمە 2019/10/14 پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوەی یەکێتی ئەورووپا، وەزیری دەرەوەی لۆکسەمبۆرگ بە ڕۆژنامەوانانی ڕاگەیاند: ئەوەی ڕوودەدات تێگەیشتن لێی قورسە، تورکیا دەڵێت دەمانەوێت ئەو ناوچەیە لەو کەسانە پاکبکەینەوە کە بە "تیرۆریست" ناویان دەبات، بەڵام لە هەمان کاتدا لە ماوەی ڕابردوودا هیچ هێرشێک لە سووریاوە نەکراوەتە سەر تورکیا. هەروەها ئاماژەی بەوەکرد، بەهۆی هێرشەکەی تورکیاوە زیاتر لە 130 هەزار کەس ئاوارە بوون و ناچارکراون بەهۆی ئەو کردەوە دوژمنکارانەوە ڕابکەن، خەڵک کوژراون و تاوانی جەنگ ڕوویداوە. هەروەها دەڵێت، ڕێککەوتنی نێوان هێزە کوردییەکان و ڕژێمی سووریا، واتای ئەوەیە تورکیا لە ڕووی سەربازییەوە بەرەو ڕووی سەرکردایەتی فەرمی سووریا دەبێتەوە. وەزیرەکەی لۆکسەمبۆرگ ئاماژەی بە مادەی 5 لە پەیماننامەی هاوپەیمانێتی باکووری بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە مرۆیی و کۆچبەرییە سەختەی کە ئێستا هاتووەتە ئاراوە.

سایمۆن کۆڤنی، وەزیری دەرەوەی ئێرلەندا، لەپێش کۆبوونەوەکەی دوێنێ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند: دەبێت بزانین چی ڕووەدات، ئەمە ئەو مژارەیە کە ئەمڕۆ ئێمە گفتوگۆی لەبارەوە دەکەین، بە تێڕوانینی من نیگەرانییێکی مەزن لە ئەورووپا هەیە سەبارەت بە ڕەوشی سووریا، بۆیە یەکێتیی ئەورووپا لەسەر ئاستی وەزیرانی دەرەوەی کۆدەبێتەوە تاوەکو بزانین دەتوانین بە چ شێوەیەک کاریگەرتر بین. هەروەها ستیف بلۆک، وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا ڕایگەیاند: دەبێت تورکیا پابەندی یاسا نێودەوڵەتییەکان بێت و هێرشەکەی بۆسەر باکووری سووریا بووەستێنێت. ئێمە، فرۆشتنی چەکمان بە تورکیا وەستاندووە.

دانیشتنی دادگا لەسەر یاسای هەموارکراوی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق دواخرا

ڕووداو/

دانیشتنی دادگای ئیتیحادی عێراق، لەسەر یاسای هەموارکراوی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، کە بڕیاربوو دوێنێ دووشەمە بەڕێوەبچێت، بۆ 18ی مانگی یازدەی ئەمساڵ دواخرا. دوای ئەوەی پارتی لەگەڵ کۆمەڵێک لایەنی دیکە لە دادگا ئیتیحادی عێراق سکاڵایان لەسەر مادەی 16ی یاسای هەموارکراوی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق تۆمار کرد، بڕیاربوو دوێنێ 14ی 10 دانیشتنێکی دادگا لەو بارەیەوە بەڕێوەبچێت. د.قیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند: دانیشتنەکە بۆ 18ی مانگی 11 دواخرا، ئەوەش حاڵەتێکی ئاسایی ئیشوکاری دادگایە، پێدەچێت بۆ یەکخستنی هەموو سکاڵاکان بێت، چونکە بەپێی زانیارییەکانی ئێمە هەشت سکاڵا لەوبارەیەوە تۆمار کراون. سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، جەختی لەوە کردەوە ئەوان وەک لایەنە کوردستانییەکان گرنگی زۆر بەو پرسە دەدەن. گوتیشی "هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوەیە، یاساکە دووبارە هەموار بکرێتەوە بەتایبەت ماددەی 16ی یاساکە". لە ماددەی 16ی یاسای هەموارکراوی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا بڕگەیەک هەیە باس لەوە دەکات، ئاوارەکانی کەرکووک و نەینەوا ناتوانن لە شوێنی نیشتەجێبونی ئێستایان دەنگ بدەن، بەڵکو دەبێت بۆ دەنگدان بگەڕێنەوە سنووری پاریزگاکانیان، بەبڕوای بەڕێرسانی کوردیش ئەو بڕگەیەی یاساکە، زیانی بۆ دەنگی کورد لە ناوچەکێشە لەسەرەکان دەبێت، هەر بۆیە سکاڵایان تۆمار کردووە و داوای هەموارکردنەوەی یاساکە دەکەن.

ئەتڵەسی (ناتۆ) دەکات و دەڵێت: لەو ماددەیەدا نووسراوە، ئەگەر یەکێک لە ئەندامانی ناتۆ ڕووبەڕووی هێرش بووەوە وڵاتانی دیکەی ئەندام یارمەتی بدەن. ئێستا دەپرسم وا تەماشای بکەن سووریا و هاوپەیمانەکانی هێرشیان کردووەتە سەر تورکیا، ئەوکاتە بەگوێرەی ئەو ماددەیە چی ڕووی دەدا؟".

جان ئەسیلبۆرن دەشڵێت: بەهۆی ئەو دۆخەی دروستکراوە خەڵکێکی زۆر ئاوارە بوون و ئەندامانی داعش هەڵاتوون کە لەو ناوچانەدا لە گرتووخانەکاندا بوون، پێویستە سەرکۆنە بکرێن، سەدان لەو داعشە هەڵاتووانەش بەرەو ئەورووپا کەوتوونەتە ڕێگا.

ڕێبوار هادی:

ئەنجومەنی پارێزگاکان سڕ نەکراون و لە کارەکانیان بەردەوام دەبن



سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق، ڕەتی کردەوە کە ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق لەلایەن پەرلەمانەوە سڕ کرابن و دەڵێ، هەر پارێزگایە و بە گوێرەی تایبەتمەندییەکەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

ڕێبوار هادی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: پێشنیاز هەبوو وادەی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق لە 1ی ئادار کۆتایی پێ بێت، بەڵام ئێستا ئەو پرسە ڕەوانەی لایەنی یاسایی کراوە و پێشنیازی دیکە هەن بۆ چارەکردنی وادەی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگاکان.

هادی ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە: پێشنیازەکە ئەوەیە، کار بە یاسای ژمارە 21ی ئەنجومەنی پارێزگاکان بکرێت و هەر پارێزگایەک بە گوێرەی تایبەتمەندیی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەوە داواکاریی ئێمەشە وەک لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق. پەیوەست بە بڕیاری پەرلەمان بۆ هەڵپەساردنی کاری ئەنجومەنی پارێزگاکان، سەرۆکی لیژنەی یاسایی گوتی: "ئەنجومەنی پارێزگاکان سڕ نەکراون، ئەو زانیاریانە بە هەڵە بڵاو کراونەتەوە لە ڕاگەیاندنەکان و هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا نەهاتووە، ڕاستە هەفتەی ڕابردوو لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق ئەو خاڵە دانەدرابوو، بەڵام دواتر دەنگی لەسەر نەدرا و لەنێو بڕیارەکانی پەرلەمان دەرهێندرا. ناوبراو دەشڵێت: هەوڵ هەیە بۆ ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگانی عێراق نەمێنن یانیش سڕ بکرێن، بەڵام تا ئێستا کە من قسە بۆ ئێوە دەکەم، هیچ ڕووینەداوە و ئەنجومەنی پارێزگاکان لە کارەکانیان بەردەوام دەبن.

ئیسرائیل کۆگایەکی دیکەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە نزیک بەغدا دەتەقێنێتەوە



ئیدی کۆهین، ئەکادیمی و توێژەری ئیسرائیلی لە هەژماری تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (تویتەر)، ڕایگەیاندووە، شەوی یەکشەمە 2019/10/13 ئیسرائیل بۆردومانی بنکەیەکی حەشدی شەعبی کردووە. ئیدی کۆهین هەروەها ڕایگەیاندووە، حەشدی شەعبی لە ترسی ئابڕووچوون، نایەوێ هەواڵی بۆردومانەکەی شەوی ڕابردوو، بڵاو بکاتەوە.

هەروەها بەکارهێنەری عێراقی لە تویتەر گرتە ڤیدیۆییەکی داناوە و ئیدی کۆهینیشی تاگ کردووە و ڕایگەیاندووە، تەقینەوەیەک لە بارەگایەکی حەشدی شەعبی لە ناوچەی مەدائین لە بەغدا، ڕووی دا.

بەکارهێنەریکی دیکەی ئەو تۆڕە بە هەمان شێوە ڕایگەیاندووە، کە فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوان بارەگایەکی گەورەی حەشدی شەعبی لە نزیک بسمایە لە ناوچەی مەدائین بۆردومان کردووە و بووەتە هۆی تەقینەوەی کۆگایەکی ئەو میلیشیایانە. ئیدی کۆهین بە گاڵتەوە دەپرسێ، قەیس خەزعەلی و ئەبو مەهدی موهەندیس لە کوێن؟ و ڕایگەیاندووە، «ئێوە پێ بنێنە سەر ئاڵای ئیسرائیل و ئێمەش بۆردومانتان دەکەین».

لە ناوەڕاستی مانگی 8ی 2019ـەوە، ماوە ماوە بنکە و بارەگاکانی حەشدی شەعبی لەناوچە جیاوازەکانی عێراق دەکرێنە ئامانج و ئیسرائیلیش ناراستەوخۆ دانی بە ئەنجامدانی هێرشەکان، ناوە. حەشدی شەعبی لە زیاتر لە 60 گرووپ و میلیشیای تائیفیی تووندڕەو پێک دێت، کە دوای هەرهسهێنانی سوپای عێراق و داگیرکردنی نزیکەی نیوەی خاکی ئەو وڵاتە لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، بە فەرمانی ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی، مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق پێک هات. چەکدارانی ئەو میلیشیایانە، کە زۆربەیان فەرمان لە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەردەگرن، گوێ بە هیچ یاسا و دابونەریتێک نادەن و بە تووندترین و خراپترین شێوە مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتییانی عێراق، بەتایبەت پارێزگا سوننەنشینەکان، دەکەن.

لە مانگی 6ی 2014 نزیکەی دوو هەزار چەکداری ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرشیان کردە سەر شاری مووسڵ و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، هەرەسیان بە سوپای عێراق هێنا و زۆربەی ناوچەکانی پارێزگاکانی نەینەوا، دیالە، سەلاحەدین و ئەنباریان داگیر کرد.

وتارو رایۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
www.xebat.net
ژمارە (5849) 2019/10/15 سێ شەممە
خەبات



هۆشەنگ باوانی

کەی ئەمەریکا بەیەکجاری دەکشێتەوە؟

24ی یۆلیۆی 2023 یادی سەد ساڵەی پەیماننامەی لۆزانە و بەمەش کاریگەری و باندۆری بڕگەکانی ئەو پەیماننامەیە کۆتایی پێدێت و ئیتر دەوڵەتە مۆرکەردەکانی بەهیچ شێوەیەک پابەندنابن و هەریەک بیر لەبەرژەوەندی خۆی و بیر لە داڕشتنی کارنامەی نوێ دەکەنەوە، بۆیە ئەردوگان گوتوبەتی ساڵی 2023 ساڵی وەرچەرخانی گەشەسەندن و گۆڕانکاری سیاسییە لە تورکیا.

لۆزان لە 24ی تەموزی 1923 دوای کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم لەنێوان تورکیای عوسمانلی و وڵاتانی هاوپەیمان "بەریتانیا ، فەرەنسا ، ئیتالیا ، یابان، یونان، ڕۆمانیا ، پورتوگال، بولگاریا ، یوگسلاڤیا" مۆرکراوە. بەپێی بڕگەکان.. پێویستە تورکیا دەستبەردار قوبرس، میسر، عێراق، سووریا ، و دەستکەوتەکانی لە لیبیا ببێت و سەرلەنوێ سنوورەکانی لەگەڵ هەرێک لە ئێران، قوبرس، عێراق، سووریا داببڕێتەوە وەکو شکستخواردووەکی لەجەنگ. لەهەموشی گرنگتر، بەهیچ شێوەیەک تا 2023 تورکیا مافی پشکنین و دەرهێنانی نەوتی خۆی نییە.. جگەلەوەش دەبێ دەوڵەتی سیکۆلاریزم ڕابگەیەنێت و تەواوی سامان و داهات و مووڵکی خەلافەتیش دەستی بەسەر داگیرا.

بۆیە تورکیا زۆر بەتامەزرۆییەوە چاوەڕێی هاتنی ئەم بەرواردەکات. جا ئەگەر ئەمەریکا بەر لەهاتنی ئەو مێژووە بەجدی ببیر لە کشانەوەی یەکجارەکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و لەم ناوچە کوردستانییانە بەتایبەتی بکاتەوە ناهەق نییە، چونکە تەمپ ڕایگەیاندووە کە هاتنی ئەوان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵە بووە. ئەگەر ئەمەریکا کە ئەمڕۆ سەرکردایەتی هێزە هاوپەیمانەکانی دژی تیرۆر لە جیهان دەکات بەیەکجاری نەکشێتەوە ئەوا دەبێ بیر لە گرێبەست و پەیمانێکی تری نوێ بکاتەوە بەتایبەت لەگەڵ تورکیای ناتۆ و دۆست و هاوپەیمانە نوێیەکانی کە کوردیش ئەمڕۆ بووە بە یەکێک لەو ژمارانە، ئەمەش بۆ ئەمەریکا قورستترین هاوکێشەی سیاسیە.

بۆیە بەدیدی من بارگەتێکنان و گواستنەوەی سەنگەر لەم ناوچەیە بۆ ئەمەریکایەک کە خاوەنی سەرۆکێکی وەکو تەرمپ بێ، هەرزانتر و کەم مەسرەف تر. دەکرێ ڕووسیای ئاینەدە و ئەورووپای بەبێ ئینگلیز بتوانن نەخشە و ڕۆژهەڵاتێکی نوێ و تورکیایەکی ماقوڵ، بەپێی پەیماننامەیەکی تر پێکبهێنن. هەرگیزیش لەو بڕوایەدا نیم هاوپەیمانان لەئایندەدا ڕێگە بە تورکیایەکی سیکیۆلاری کە کەسانی وەک ئۆردوگان و حزبێکی وەکو ئاکپارتی حوکمڕانی بکات بدەن تا ئابووری تورکیا لەڕێگەی دەرهێنانی نەوت و گەشەسەندنی وزە بەهێزبێت.. کەواتە دەکرێ پێشبینی ئەوە بکەین تا ساڵی 2023 ئەمەریکا بەیەکجاری بکشێتەوە و سیستەمی تورکیاش بگۆڕێت.

کیوجی سوجینو سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی ئاشتیی ژاپۆنی بۆ خەبات:

گوشارێکی گەورەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لەسەر کوردستان هەیە و جیهان هەموو چاودێریی دەکەن

پێویستە UN و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای بەهێزی و لاوازی مامەڵە لەگەڵ خەڵکی کوردستان و ناوچەکە نەکەن



خەبات/ مەریوان نەقشبەندی

خاتوو کیوجی سوجینو کەسایەتی ناسراوی ژاپۆن و سکرتێری گشتی ڕێکخراوی ئاشتی جیهانی ئەو وڵاتە و سکرتێری کارگێڕی دامەزراوەی نێودەوڵەتی ئاینەکان لەپێناوی ئاشتی لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات باسی مەترسییەکانی ئاشتی لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان دەکات و دەڵێ گوشارێکی گەورەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لەسەر کوردستان هەیە و جیهان هەموو چاودێری کوردستان و حیکمەتی سەرکردەکان و گەلی کوردستان دەکەن.

خاتوو کیوجی سوجینو لەدێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی تایبەتەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتیشی: لە کێشەی هەردوو کۆریا بگرە هەتا کێشەی ڤەنزویلا و دانیشتووانە ڕەسەنەکەی کێشوەرەکانی باکوور و باشووری ئەمەریکا و ئەفریقیا و ئوسترالیا و لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نەیجیریا و نۆگەندە و کێشەی کشمیر لەنێوان هندستان و پاکستاتان و موسڵمانانی میانمار و بوزییەکان و کێشەی تونداڕۆیی ئایینی و مەزهەبی و سیاسی و کێشەی کۆچبەر و پەنابەر و برسێتی و تێکچوونی ژینگە هەموویان پێکەوە هەرەشە لەهەسارەی زەوی و دانیشتووانەکەی دەکەن.

ئەم خاتوونە ژاپۆنییە کە چالاکوانێکی ناسراوی بواری ئاشتی و پێکەوەژیانی جیهانە لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتیشی: لە ناوەڕاست نائارامیەکی ئێجگار زۆر لەهەست و دڵی دانیشتووانی ناوچەکە هەیە کە گرنگترینیان مانەوەی کێشەی کورد لەناوچەکە و کێشەی عەرەب و ئیسرائیل و کێشەی مەزهەبی نێوان سوننە و شیعەیە کە سەری کێشاوە بۆ دەستوەردانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لەتەواوی وڵاتانی ناوچەکە و بەتایبەتیش هەرەشەی دووڵایەنەی ئەمەریکا و ئێران بۆ بەریاکردنی شەڕێکی کاولکار کە هەموو خەڵکی ناوچەکە زەرەرمەند دەبن تێیدا.

خاتوو کیوجی سوجینو گوتیشی: ئەگەرچی کورد لەباکووری عێراق ژیرانە سیاسەت دەکەن لەمامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەم کێشە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەی کە دەیان ساڵە پێوەی دەنالێنن، بەڵام چارەسەرکردنی کێشەی کورد و لەبەرچاوگرتنی مافی ڕەوای گەلانی کوردستان و ئەو ئەزموونە سەرکەوتووەی کە هەرێمی کوردستان لەئاشتی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی نێوان ئاین و نەتەوە و مەزهەبەکان پەیڕەو دەکرێ، گەرەنتی هێورکردنەوەی بەشێک لەکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و پێویستە نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتر مرۆییانە هەڵسوکەوت بکەن و لەسەر بنەمای بەهێزی و لاوازی، گەورە و بچووک مامەڵە لەگەڵ خەڵکی کوردستان و ناوچەکە نەکەن. لەکۆتایی قسەکانیشیدا ئەم خاتوونە هیوای خواست لەنزیکترین کاتدا سەردانی کوردستان بکات و بەچێن و تۆێژەکانی بگات و گفتوگۆیان لەگەڵ بکات.

د.بەشیر حەداد لەگەڵ شاندی چەند وڵاتێک ڕەوشی ڕۆژئاوای کوردستان و عێراقیان تاوتوێ کرد



بەشیر حەداد داوای لە شاندی تورکیا کرد ئەم شالاوە ڕابگرن و گیانی خەڵکی سڤیل بپارێزن و کێشەکانیان لەگەڵ نەیارانیان لە ڕێگای گفتوگۆوە چارەسەر بکەن، داواشی لە شاندی ئەمەریکی کرد کە داواکارییەکانیان بگەیەنێتە دۆنالد ترەمپ سەرۆکی ئەمەریکا و بەرپرسانی دیکەی باڵای ئەو وڵاتە و ئەو پەیامەشیان پێ بگەیەنێت کە جارێکی دیکە میللەتی کوردیان فەرامۆش کرد و بە جێیانهێشت.

ڕۆژی یەکشەممە دکتۆر بەشیر حەداد، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە پەڕاوێزی کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی پەرلەمانی ناتۆ، لەگەڵ شاندی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا و شاندی بەریتانیا و ئوسترالیا و تورکیا کۆبوویەوە.

لەو کۆبوونەوانەدا جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق باسی لە ڕەوشی ئێستای عێراق و مەترسی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی سوپای تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان کرد و، جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە ئەو هێرشە سەربازییانە چەندین مەترسی هەیە لەوانەش گیانلەدەستدانی هاوواڵاتیانی سڤیل و ئاوارەبوونی سەدان هەزار هاووڵاتی دیکەی ڕۆژئاوای کوردستان بۆ ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و شارەکانی دیکەی عێراق و، سەرهەڵدانەوەی گروپە تیرۆرستیەکان و هاتنەوەیان بۆ ناو خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان.

هەر لە کۆبونەوانەدا، دکتۆر بەرپرسانی دیکەی باڵای ئەو وڵاتە و ئەو پەیامەشیان پێ بگەیەنێت کە جارێکی دیکە میللەتی کوردیان فەرامۆش کرد و بە جێیانهێشت.

لەلایەن خۆشیەوە شاندی ئەمەریکی بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی ڕاگەیاند کە لەناو کۆنگریسی ئەمەریکادا داوایەکی بەهێز هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخە و ڕاگرتنی هێرشەکانی سوپای تورکیا و ئاماژەشی بەوەدا کە دەنگێکی زۆر لە ناو ئەمەریکادا هەیە کە هاوسۆزە لەگەڵ میللەتی کورد و دژی بڕیارەکەی سەرۆکی ئەمەریکایە.

ئەمەریکا لەسەر گوللەبارانکردنی هاووڵاتیان لەسووریا هاتە دەنگ

وتەبێژێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاندووە، وڵاتەکەی بەنیگەرانییەکی زۆر و ڕاوەستانە چاودێری ڕاپۆرتانەی کوردووە لەبارەی کوژرانی هەڤرین خەڵەف سیاسەتمەداری کوردی سووریا و دەستگیرکردن و گوللەبارانکردنی ژمارەیەک چەکداری هێزەکانی سووریای دیموکرات. ئەو وتەبێژە بەئاژانسی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاندووە: ئەو ڕاپۆرتانە جێی نیگەرانییەکی زۆر و تێکچوونی بارودۆخی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریایە بەشێوەیەکی گشتی بەهۆی دەستپێکردنی شەڕ و کوشتارەکان، تەئکیدیشی کردەوە وڵاتەکەی بەتوندترین شێوە هەموو پێشێلکارییەکان و پرۆسەی گوللەبارانکردنی هاوڵاتیانی مەدەنی لەدەرەوەی یاسا ئیدانە دەکات و بەدواداچوون بۆ ئەو مەسەلەیە دەکات. ئەوە لەکاتێکدا گرتەی ڤیدۆیی گوللەبارانکردنی هەڤرین خەلەف هاوسەرۆکی پارتی دواڕۆژی سووریا و شۆفێرەکەی و ژمارەیەک هاوڵاتی لەلایەن گروپێکی چەکداری سەر بەتورکیا لەتۆرە کۆمەڵایەتیەکان بڵاوبۆوە و ئەو تاوانانە کاردانەوەیەکی زۆر لێ کەوتەوە.



خامنەیی ڕێنمایی سوپای پاسداران دەکات پەرە بە چەکی پێشکەوتووتر بدەن

دەنگی ئەمەریکا: ڕابەری باڵای ئێران ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی داوای لە سوپای پاسدارانی ئێران کرد چەکی پێشکەوتووتر دروست بکەن لەنێودەندی زیادبوونی گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و وڵاتانی کەندەاوی عەرەبی لەگەڵ ئێراندا. خامنەئی لە مزگەوتی ئیمام حسێن لە تاران لە وتارێکدا ڕایگەیاند، پێویستە لەسەر سوپای پاسداران چەکی نوێ و پێشکەوتووی هەبێت. دەبێت چەکەکانتان نوێ و پێشکەوتوو بن. هەروەها دەبێت لە ناوخۆدا پەرەی پێبدرێت. ئێوە پێویستتان بەوەیە ئەو چەکانەی دروستی دەکەن پەرەی پێببەدن. هەروەها ڕاشیگەیاندووە: ئێستا لەمڕۆدا سوپای پاسداران بوونێکی بەهێزی هەیە لەناو ئێران و دەرەوەشدا، ئەو سیاسەتە دوژمنکارییەی ئەمەریکا پەیڕەویی دەکات سووربوونی سوپای پاسدارانی زیاتر کرد.

پەیامنێری کەناڵ چواری بەریتانیا: بە شەرم و پەژارەیەکی زۆرەوە ڕۆژئاوای کوردستان جێدەهێڵم



لینزی هیلسن، پەیامنێری کەناڵ چواری بەریتانیا ڕایگەیاند، کە بە شەرم و پەژارەیەکی زۆرەوە، ڕۆژئاوای کوردستان بەرەو عێراق جێدەهێڵم. لینزی هیلسن، پەیامنێری کەناڵ چواری بەریتانیا لەتوێتێکدا بڵاوی کردۆتەوە شەرمەزارییە بۆ بەریتانیا ، هەروەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە خیانەتی ئەو هێزەی کە لەلایەن کوردەوە سەرۆکایەتی دەکرا، کە لە جێگای ئێمە بەشێک بوون بۆ لەناوبردنی داعش، ئێمە ڕەتمان کردەوە کە یارمەتی ئەوان بدەین لە کاتێکدا ئەوان پاسەوانی جیهادییە بەریتانییەکانیان دەکرد. ئەو پەیامنێرەی کەناڵی چواری بەریاتانیا ڕاشیگەیاندووە، پاشان ئێمە ئەوانمان بۆ گورگەکان فڕێ دا، ئەردۆغان و ئەسەد.

ژاپۆن.. لە ئاکامی هەڵکردنی باهۆزی هاگیبیس لانی کەم 140 کەس بوونەتە بە قوربانی

لە ئاکامی باهۆزی هاگیبیس کە لە ڕۆژی شەممەوە شەش ناوچەی ژاپۆنی گرتۆتەوە، 40 کەس گیانیان لەدەستداوە. بەپێی ئەو زانیارییانەی ئاژانسی هەواڵیKyodo لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە کۆی کردوونەتەوە لە ئاکامی باهۆزی هاگیبیس کە لە پێرێوە شەش ناوچەی ژاپۆنی گرتەوە، 40 کەس گیانیان لەدەستداوە. هێزەکانی بەرگری شارستانی، بەرپرسانی پۆلیس و ئاگرکوژێنەوە ئاماژەیان بەوە داوە لەو ناوچانەی باهۆزەکەی گرتۆتەوە زیاتر لە 100 کەس بریندارببوون و هەوڵەکانیش بەردەوامن بۆ دۆزینەوە و ڕزگارکردنی 17 کەسی دیکە. ئاژانسی کاروباری ئاگرکوژێنەوە و کارەسات ڕایگەیاندووە کە بە هۆی باهۆزەکەوە، 38 هەزار کەسیان لە 17 ناوچە گواستووەتەوە. ئەو کەسانەیش کە هێشتا نەگەڕاونەتەوە ماڵەکانیان لەو قوتابخانانە دەمێنننەوە کە بۆ زیانبەرکەوتووانی کارەساتەکان تەرخان کراون. کۆمپانیای وزەی کارەبای تۆکیۆ ڕایگەیاندووە کە بەمهۆیەوە تەزووی کارەبای پێنج هەزار و 600 ماڵ لە میاگی، ئیواتی، فوکوشیما و نیگاتا پچڕاوە.

پانۆرامای سەردانی فەرمی شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) بۆ کۆماری پۆلۆنیا



بەشی یەکەم

شاندێکی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) لە چەند رۆژێ رابردوو دا زنجیرەیەک دیداری سیاسی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە و ئاساییشی نەتەوەیی و ناوەندەکانی شیکاری و لێکۆڵینەوەی ستراتیژی پۆلۆنیا ئەنجام دا

جێگری وەزیری دەرەوەی کۆماری پۆلۆنیا پێشوازی لە شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) دەکات

لە دریژەی کار و چالاکییە دیپلۆماسییەکانی پارتی دێمۆکراتی کوردستان بۆ بەرەوپێشەوەبردنی پەیوەندییەکانی دەرەوە و گەیاندنی دیدگای پارتی و هەرێمی کوردستان لەسەر دۆخی ئێستا و ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوانیان و شیکردنەوەی دۆخی ئێستا وباسکردنی گۆڕانکاری و پەرەسەندنەکانی سیاسی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و ناوچەکە ، شاندێکی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دێمۆکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە و ئەمیر عەبدوڵڵا جەرگیس بەرپرسی دێسکی ئەوروپا لە پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) بە بانگهێشتێکی فەرمی کۆربەندی ئاساییشی وارشۆی 2019 گەییشتنە وارشۆی پایتەخت ولە یەکەمین دیدار و چالاکییاندا شاندەکە لە لایەن وەزیر دکتۆر ماچێی لانگ، جێگری وەزیری دەرەوەی کۆماری پۆلۆنیا و بەرپرسی کاروباری سیاسی و ئاسایشی وەزارەتی دەرەوە لەگەڵ ئاسیا ، ئەفریقیا ، ئەمەریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و بەرێز بارتۆش گرۆداتسکی ، بەرپرسی فەرمانگەی کاروباری کۆنسوڵخانەکان لە وەزارەتی دەرەوە و ستیڤان هەینۆڤیچ ، ڕاوێژکاری جێگری وەزیری دەرەوە بە گەرمی پێشوازی کران ، بەهۆی ئەوەی شاندەکە لە ڕۆژی پشوودا گەییشتنە وارشۆی پایتەخت کە شەمە بوو بۆ کۆبۆنەوە لەگەڵ شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) دا هەر بۆیە لەلایەن جێگری وەزیری دەرەوە دکتۆر ماچێی لانگ شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دێمۆکراتی کوردستانیان بانگهێشتی سەر خوانی نانی بەیانی کرد.

لە دیدارەکە دا، بەرێز هۆشیار سیوەیلی ،سوپاسی پێشوازی گەرم و دۆستانەی دکتۆر لانگ ، وەزیری دەرەوە کۆماری پۆلۆنیای کرد لە شاندەکە و هیوای خواست کە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو گەلی پۆلۆنیا و حکوومەتەکەیان لەگەڵ کوردستان و حکوومەتی هەرێم بگاتە ئاستێکی پێشکەووتر کە هەردوو لا هەوڵی بۆ دەدەن. سوپاسی هاوکاری و پشتیوانی کۆماری پۆلۆنیای کرد لە چوارچێوەی هاوپەیمانی نێتوەدەوڵەتی لە شەڕی داعش بۆ کوردستان و گەیاندنی هاوکاری مرۆیی بۆ ئاوارەکانی جەنگ و گرنگیدانیان بە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی هەوڵەکانی ئەم دوایەی جێگری وەزیری دەرەوەی کۆماری پۆلۆنیا و باڵوێزخانەی ئەم وڵاتە لە بەغدا و کۆنسوڵگەری پۆلۆنیای لە هەرێمی کوردستان کە لە کۆتایی مانگی تەموزی ئەمساڵ سەرۆکایەتی شاندی کۆماری پۆلۆنیایان کردبوو بۆ هەولێری پایتەخت و لەگەڵ بەڕێزان سەرۆکی هەرێم و سەرۆکوەزیران و سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دیدار و چاوپێکەوتنی سیاسی گرنگیان ئەنجام دابوو بۆ خزمەتی پێشکەوتنی پێوەندییەکانی ئابووری ، سیاسی و دیپلۆماسی و هاوکاری و لێکتێکگەییشتن لە نێوان هەولێر و وارشۆ دا.

هوشیار سیوەیلی، سەرۆکی شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) بە تێروتەسەڵی دیدگای پارتی و هەرێمی کوردستان لەسەر پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا و پەیوەندییەکانی ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی ناوچەکە دوای نەمانی داعش و ڕەهەندەکانی دوای پۆست داعش و پرسی دەستوور و ناوچەکانی کێشەلەسەر ، پرسی ئاوارەکانی جەنگ و ناکۆکییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران لە ناوچەکەدا و بارۆدۆخی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان و ئاشتی و ئاساییش و سەقامگیری لە ناوچەکە و چەندین تەوەری تریان لەگەڵ جێگری وەزیری دەرەوەی کۆماری پۆلۆنیا تاوتوێ کرد و هیوای خواست کۆماری پۆلۆنیا بڕەو بە پەیوەندییەکانی دەرەوە و ئابووری و پەیوەندییەکانی سیاسی خۆی بدات لەگەڵ هەرێمی کوردستان دا و شاندەکە داوای لە جێگری وەزیری دەرەوەی پۆلۆنیا کرد کە ئاستی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پۆلۆنیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەرزبکەنەوە بۆ ئاستی کۆنسوڵگەری گشتی لە هەولێر.

دکتۆر ماچێی لانگ ، جێگری وەزیری دەرەوە خۆشحاڵی خۆی بەم دیدارە دەربڕی و هیوای خواست ئەو پلانەی لە دووا سەردانیدا بۆ هەولێری پایتەخت لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی هەرێمی کوردستان باسکراوە جێبەجێ بکەن بەتایبەتی لە بواری گەشەپێدان بە پەیوەندییەکان و گرنگیدانی کۆماری پۆلۆنیا بە هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکانی ئابووری و سیاسی و چەندین بواری تر بۆ خزمەتی بەرەوپێشەوەبردنی بەرژەوەندی هاوبەش و هەروا ڕایگەیاند کە لە وەزارەتی دەرەوەی کۆماری پۆلۆنیا خواستی بەرەو پێشەوەبردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان .

***

لە چوارچێوەی سەردانی شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دێمۆکراتی کوردستان بۆ وارشۆی پایتەخت بە مەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لە گەڵ دامەزراوەکانی ئەم وڵاتە و گەیاندنی دیدگا و تێروانینی پارتی دێمۆکراتی کوردستان لە سەر دووا پێشهاتەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە چەندین دیداری سیاسی گرنگ ئەنجام دەدەن.شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) کە پێکهاتووە لە بەڕێزان هۆشیار سیوەیلی ، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە و سەرۆکی شاند و ئەمیر عەبدوڵڵا جەرگیس، بەرپرسی دێسکی ئەوروپای پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) چەندین دیدار و گفتوگۆی شیکارییان لەگەڵ دامەزراوە و ناوەندە گرنگەکانی سیاسی، هزری و ستراتیژی و ئەمنی پۆلۆنیا ئەنجام دا کە پسپۆڕن لە بواری توێژینەوە سیاسی و لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و پەیوەندییەکانی دەرەوە وقەیرانی سیاسی و پرسەکانی ئاساییش و پێشکەوتنی دێمۆکراسی.

دوای ئەوەی لەسەر ئاستی وەزارەتی دەرەوە و ئۆفیسی ئاساییشی نەتەوەیی کۆماری پۆلۆنیا پرسی پەیوەندییەکان و ئاساییش و هاوکاری و بەرەودان بە پەیوەندییەکانی هاوبەش لە نێوان کۆماری پۆلۆنیا و هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) تاوتوێ کرا، جیگری وەزیری دەرەوەی کۆماری پۆلۆنیا و بەرپرسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیای وەزارەتی دەرەوە لە کۆبۆنەوەیان دا لەگەڵ شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوە خواستی کۆماری پۆلۆنیا بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکانی سیاسی و ئابووری و کەلتووری و گرنگیدانیان بە چەندین لایەنی جێی بایەخ لە نێوان پۆلۆنیا و کوردستان تاوتوێ کرد و ڕایانگەیاند کە لە ئایندەیەکی نزیک دا ئاستی پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی کۆماری پۆلۆنیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان دا بەرز دەکەنەوە بۆ کۆنسوڵخانەی گشتی لە هەولێری پایتەخت کە ئەم هەنگاوی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری پۆلۆنیا دەرگای هاوکاری و لێکتێگەیشتن و فراوانکردنی پەیوەندی سیاسی و بازرگانی لە نێوان هەردوو گەلی دۆست و کۆماری پۆلۆنیا و هەرێمی کوردستان دەباتە ئاستێکی پێشکەوتووتر کە هەردوو لا چەند سالیکە هەوڵی بۆ دەدەن. هەروا ئۆفیسی ئاساییشی نەتەوەیی کۆماری پۆلۆنیا کە تیرۆانینی لە سەرۆک کۆمارەوە نزیکە و گرنگی بە بواری ئاساییش و بەرگری و پرسە ستراتیژییەکان دەدات ، وەک هاوبەشێکی گرنگ دەڕوانە هەرێمی کوردستان و ئاشتی و ئاساییش و پێشکەوتنی هەرێمی کوردستانیان بەڵایانەوە گرنگە. ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پڕ لە کێشە و قەیرانی سیاسی و ئەمنی بەرز دەنرخێنن و قارەمانێتی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی تێکشکاندنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و دوورخستنەوەی مەترسییەکان لەسەر خەڵکی سڤیل لە هەموو ئایین و پێکهاتەکان لە ناوچەکە دا و دڵدەدانی سەدان هەزار لە ئاوارەکانی شەڕ لە کوردستان و پێکەوەژیان و سەقامگیری و ئاشتی پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستانیان جێی بایەخی دەزگاکەیانە .

شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) داوایان لە لایەنی پۆلۆنی پەیوەندیدار کرد کە پشتیوانی سیاسی و ئەمنی و مرۆیی لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بکەن و لە چوارچێوەی پشتیوانی و هاوکارییەکانی هاوپەیمانی نێتودەوڵەتی لە شەڕی بنبڕکردنی تیرۆر و تووندوتیژی لە ناوچەکە دا پۆلۆنیا و وڵاتانی ئەندام لە هاوپمانی نێتودەوڵەتی مەشق و ڕاهێنانی سەربازی بە هێزەکانی پێشمەرگە بکەن ، بە هۆی سەرهەڵدانەوەی مەترسییەکانی داعش و پەلامارەکانی تیرۆریستی لە ناوچەکە دا و لەسەر ئاستی ناتۆ و یەکێتیی ئەورووپا هاوکاری و پشتیوانی لە هەرێمی کوردستان بکەن و حکوومەتی فیدرالی لە عێراق هان بدەن کە کێشە و ناکۆکییەکانی سیاسی و پرسەکانی دەستوور و ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچەکانی کێشە لەسەر و پرسی بودجە و پێشمەرگە و پرسەکانی ئەمنی و ستراتیژی نێوانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە ڕێگەی دیالۆگ و لە چوارچێوەی دەستووردا چارەسەر بکەن و ڕێز لە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بگرن.

***

شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیمانەیەکی لەگەڵ ڕۆژنامەوان ئێستۆڵد ڕێپێتۆڤیچ بۆ سایتی فەرمی تەلەڤزیۆنی فەرمی پۆلۆنی(تیڤی – پ) ئەنجام دا لەسەر ئامانجی سەردانی شاندەکە بۆ پۆلۆنیا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەرەوە و دووا پێشهاتەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە و پرسی مەترسییەکانی پاشماوەکانی داعش لە ناوچەکە کە لە نئێستا دا ژمارەیەکی بەرچاویان لە یو کەمپەکان دا دەژین مەترسین بۆ سەھڵدانەوەی هزری تووندڕەوی داعش بۆ ئێستا و ئایندە لە کوردستان و عێراق و ئەورووپا کە دەبێ کۆمەڵگای نیودەوڵەتی و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان چارەسەری بنەڕەتی بۆ بدۆزنەوە و ئەندامانی بیانی نێو داعش و هاوڵاتییەوکانی وڵاتانی ئەورووپی کە ئێستا لە بەندیخانەکان و کەمپەکاندان بگەڕێندرێنەوە بۆ وڵاتەکانیان و بە پێی یاسای نێودەوڵەتی بۆ ئەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە دژ بە مرۆڤایەتی دادگایی بکرێن و سزای خۆیان وەربگرن. بە هەمان شێوەش نەوەی داهاتووی داعش کە دەیان هەزار منداڵی داعشن و لە کەمپەکان دا دەژین بە مەترسی گەورە دادەنرێن کە پێویستە وڵاتانی جیهان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە سووریا وعێراق چارەسەری بنەڕەتی بۆ بدۆزنەوە.

***

شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) هەروا لەسەر داوای ئەکادیمیای ئەورووپای نوێ و دەزگای لاوانی دیپلۆماتی پۆلۆنیا بەشداربیان لە سەمینارێکی گرنگدا کرد کە بە تایبەتی بە هۆی سەردانی شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) ساز کرا بوو لەژێر ناونیشانی: (ئایندەی هەرێمی کوردستان) کە لە بالآخانەی دەزگای لاوانی دیپلۆماتی ئەورووپا لە وارشۆی پایتەخت کە لایەن یاکۆب ساڤیتسکی، لە دەزگای لاوانی دیپلۆماتی ئەورووپا بەڕێوەچوو و ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسانی نوخبە و ئەکادیمی و هاوسۆزی پرسی کورد لە نووسەر و ڕۆژنامەوان تێیدا ئامادەبوون لە دیدارەکەدا هەریەک لە بەڕێزان خاتوو ڕینا تا تشچینسکا، کۆنسوڵی پێشووی کۆماری پۆلۆنیا لە هەولێر و مارچین فالینسکی سکرتێری پێشووی باڵوێزی پۆلۆنیا لە بەغدا. ئامادەی سەمینارەکە بوون. هەریەک لە بەڕێزان هۆشیار سیوەیلی ، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) و پیۆتر سۆسنۆڤسکی، لە ئەکادیمیای ئەورووپای نوێ ، ڕۆژنامەوان و نووسەر ڤیتۆلد ڕێپێتۆڤیچ لە دەزگای هزری کاژمێژ پۆواسکی،ئەرتۆر ڤرۆبلێڤسکی ، لە زانکۆی وازارسکی وەک کۆرگێر بانگهێشت کرابوون. جیا لە باسکردنی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی لە هەموو پارچەکانی کوردستان و شیکردنەوەی باردۆخی ئێستا و ئایندەی هەرێمی کوردستان هەروا لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و وڵاتانی ناوچەکە و حوکمڕانی دووای ڕێفراندۆم و پەیوەندییەکانی دیپلۆماسی حکوومەتی هەرێم لەگەڵ دەرەوە قۆناغی پۆست داعش پرسی ئاو و سەرهەڵدانی ناکۆکی سیاسی لە نێوان عێراق و تورکیا ناکۆکی نێوان ئەمەریکا و ئێران و وڵاتانی ناوچەکە و پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوا و پارچەکانی تری کوردستان و ئایندەی هەرێم لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە تاوتوێ کران.

***

هەر لە میانی سەردانی شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) بۆ سەردانی ڕێکخراوی لاوانی دیپلۆماتی ئەورووپا دا هەروا سەرۆکی شاندی پارتی دووای کۆبۆنەوە و ئەنجامدانی سەمینارێک لەسەر ئایندەی هەرێمی کوردستان کە ڕێکخراوی ناوبراو بە هاوکاری لەگەڵ ئەکادیمیای ئەورووپای نوێ ڕێکیان خستبوو ،دیمانەیەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ پەیامنێری ڕادیۆ(ڤنێت ژئێف ئێم) ، ماچێی یان ستڕێمبسکی ئەنجام دا سەبارەت بە ڕێفراندۆم و پۆست داعش و ڕەهەندەکانی دووای ئەنجامدانی ڕێفراندۆم و کۆتایهێنان بە داعش و پێگە و ڕۆڵی پارتی لە حوکمڕانی هەرێمی کوردستان ، هەڵوێستی پارتی لەسەر ناکۆکییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران، پرسی دەستێوەردانی ئێران لە عێراق، هەڵوێستی هەرێم بەرامبەر خەباتی پارچەکانی تری کوردستان و ڕۆڵی پێشمەرگە لە تێکشکاندنی داعش و چونی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ، پرسی کورد و پرۆسەی ئاستی لە تورکیا و شەڕ لە سووریا و و سەهەڵدانەوەی داعش لە عێراق و نیگەرانییەکانی هەرێمی کوردستان لە سەر گرفتەکانی لەگەڵ بەغدا و پرسی ئاوارەکانی شەر و پاشماوەکانی داعش و پەیوەندییەکانی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی هاتە سەرخەت و پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگە لە شەڕی داعش گەشەی کرد و هەرێم و خەڵکەکەی پاریزراوو بوون و ئەفسانەی داعش لەسەر خاکی کوردستان بە قارەمانێتی پێشمەرگە مەترسیدارترین ڕێکخراوی تیرۆریستی جیهانی داعش تێک بشکێندرا بەڵام قۆناغی ئێستاش هەروا هەستیارە و پێویستە پشتگیری نێودەوڵەتی و وڵاتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ کوردستان و پێشمەرگە بەردەوام بێت چونکە لە ئێستادا مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش لە ناوچەکە و جیهان هەر ماوە و لە لایەکی تریشەوە پێویستە پۆلۆنیا و لاتانی ئەکێتی ئەورووپا و ناتۆ و نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکاری عێراقی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی سیاسی نیوانیان و جێبەجێکردنی مافە دەستووریەکانی هەرێمی کوردستان و هێنانەدی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکە دا.

ڕۆژانی دابێ پەرلەمان خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژەیاسای تاپۆکردنی خانووی زێدەڕۆ دەکات



بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا پەرلەمانی کوردستان پرۆژەیاسای خانووە زێدەڕۆکان پەسەند بکات و ئەندامێکی لیژنەی شارەوانییەکانی پەرلەمانی کوردستانیش نرخی نوێی تاپۆکردنی خانووە زێدەڕۆکان ئاشکرا دەکات.

شوان زراری، ئەندامی لیژنەی شارەوانییەکان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: "پرۆژەیاسای خانووی زێدەڕۆ لە لایەن حکومەتەوە گەڕێندراوەتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان لە بەرژەوەندیی هاوواڵتیانی کەمدەرامەت پێداچوونەوەیەکی تەواوی بۆ کراوە و بڕیارە لە ڕۆژانی داهاتوودا خوێندنەوەی بۆ بکرێت و لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستانیش بخرێتە کارنامەوە."

لەبارەی گۆڕانکارییەکانیشەوە، ئەندامەکەی لیژنەی شارەوانییەکان دەڵێت: "پێشتر بۆ تاپۆکردنی هەر مەترێک خانوو لە سەنتەری شارەکان 60 هەزار دینار و لە قەزاکان 40 هەزار و لە ناحیە و کۆمەڵگەکانیش30 هەزار دینار دیاری کرابوو، بەڵام ئێستا ئەو نرخە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و بۆ سەنتەری شارەکان بەرانبەر تاپۆکردنی هەر مەترێک خانووی زێدەڕۆ 30 هەزار دیناری و بۆ قەزاکان 20 هەزار و بۆ ناحیەکانیش 10 هەزار دیناری، کە ئەو نرخانە گونجاون و لە بەرژەوەندیی خەڵکی کەمدەرامەتدان.

شوان زراری ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: "هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ ئەوەی لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا پرۆژەیاسای تاپۆکردنی خانووی زێدەڕۆ پەسەند بکرێت و بخرێتە واری جێبەجێکردنەوە، چونکە هەم کێشەی ئەو خانوانە کۆتایی دێت و هەمیش لە بەرژەوەندی هاووڵاتیانی هەژار و کەمدەرامەتی هەرێمی کوردستاندایە، کە ژمارەیان دەیان و سەدان هەزار خانوو دەبێت.

بەرپرسی لقی 24ی سەفین خانەوادەی شەهید (حسین حمد سپیگرەیی) بەسەردەکاتەوە



هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی 24ی سەفینی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەیاوەری پوشۆ ئەحمەد لاوکە کارگێڕی مەکتەبی پەیوەندییەکانی لق و ماموستا سەلام بەرپرسی ناوچەی هیران، لەگوندی سپیگرە، سنوری ناوچەی هیران سەردانی خانەوادەی شەهید (حسین حەمەد عەولا سپیگرەیی) کرد بەمەبەستی لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە ڕەوش و گوزەرانی خانەوادەکەیان.

لەسەردانەکەدا بەرپرسی لق پاڵپشتی و پشتیوانی لقی بۆخانەوادەی شەهید دووپات کردەوە و ئاماژەی بەوەشدا کە دەستکەوتەکانی گەلەکەمان بەرهەمی خوێنی ئەو شەهیدانەیە و پاراستنیشیان ئەرکی سەرشانی هەموومانە.

لای خۆشیانەوە خانەوادەی شەهید سوپاسی بەرپرسی لقی 24ی سەفینی پارتی یان کرد لەبەرامبەر ئەو بەسەرکردنەوەیان و پێزانینیان هەبوو، بەڵێنیاندا کە بەردەوام بن لەسەر ئەو ڕێبازە پیرۆزەی کە هەزاران شەهیدی بەخشیوە لەپێناو کورد و کوردستاندا کە ڕێبازی بارزانی نەمرە.

جێی ئاماژە پێدانە ناوبراو لە ساڵی 1963 لەشەقڵاوە بە برینداری دەکەوێتە دەست ڕژێمی لەناوچووی بەعس و بە دڕندەترین شێوە شەهیدی دەکەن و سوکایەتی بەلاشەکەی دەکەن و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ تەرمەکەی بەهەڵواسراوی بە لولەی دەبابە دەمێنێتەوە، لەسەر ئەوەی کە پێشمەرگەی کوردستان و ڕێبازی پیرۆزی بارزانی بوو، ئێستاشی لەگەڵبێ گۆڕ بزرە..

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو شێخ ئەکرەم هەنارەیی

خەمبار بووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی و سەرۆک هۆزی هەنارەیی شێخ ئەکرەم هەنارەیی.

بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و تەواوی کەسوکار و دۆست و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو و خزمانی هەنارەیی دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی خوالێخۆشبوویش بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله و انا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

ئەمڕۆ دژ بە لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان لە گەرمیان خۆپیشاندان ئەنجام دەدرێ

خەبات/ سەبریە یوسف: کاردانەوەکان لەدژی لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بەردەوامەو بڕیارە ئەمڕۆ لە شارەدێی ڕزگاری سەر بەشارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان خۆپیشاندانی بەفران ئەنجام بدرێت. لاوان ئەحمەد ، ئەندامی بەڕەی نیشتمان بە خەباتی ڕاگەیاند: دژ بە لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان ئەمڕۆ کاتژمێر 4ی ئێوارە لە شارەدێی ڕزگاری خۆپیشاندانێکی بەرفراوان ئەنجام دەدرێت. گووتیشی، خۆپیشاندانەکە لە بەردەم گەنجانەوە ئەنجام دەدرێ بۆ بەردەم کتێبخانەی گشتی ڕزگاری. ئەو ئەندامەی بەڕەی نیشتمان بەپێویستیزانی تەواوی چین و تۆێژەکانی ناوچەکە بەشداری ئەو خۆپیشاندانە بکەن.

وەزیری پلاندانان: هەرێم سەرژمێریەک قبوڵدەکات کە بۆ مەبەستی پەرەپێدان بێت نەک سیاسی



وەزیری پلاندانان ڕای دەگەیەنێت نابێت پرۆسەی سەرژمێری بۆ مەبەستی سیاسیی بەکاربهێندرێت و دەبێت مافی پێکهاتەکانیش پارێزراوبێت. ئەم وتانەی د.دارا ڕەشید وەزیری پلاندانان لەمیانی کۆبونەوەی ئەو لیژنەیە هات کە حکومەتی هەرێم تایبەت بە سەرژمێری پێکی هێناوە کە دوێنێ دووشەمە 2019/10/14 لەدیوانی وەزارەت بەڕێوەچوو. لەسەرەتای کۆبوونەکە وەزیری پلاندانان ئاماژەی بە ڕوئیایی حکومەتی هەرێم کرد بۆ پرۆسەی سەرژمێری کە لای هەرێمی کوردستان ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە گرنگە بەمەرجێک ئەم پرۆسەیە بۆ بواری پەرەپێدانی سێکتەرە جیاجیاکان و ژێرخان بێت نەک بەمەبەستی سیاسیی و فاکتەرەکانی تری دەسەڵات لەعێراق بەکار بهێندرێت و دڵنیایی یاسایی و دەستوریش بدرێت. لەبەشێکی تری کۆبوونەکە گفتوگۆلەبارەی دەرئەنجامی کۆبونەوەکانی نێوان وەفدی هەرێم و بەغداد کرا کە تائێستا چەند کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامداوە بەتایبەت بە سەرژمێری و میکانیزمەکانی ئەنجامدانی بەئامانجی سەرخستنی پرۆسەیەکی سەرکەتوو و دوور لە هەموو هەژموونێک کە کاریگەری لەسەر پەراوێز خستن و کەم کردنەوەی قەبارەی نەتەوەکانی تر هەبێت. لەکۆتایش وەزیری پلاندانان ڕای گەیاند تەنها ئەوە نەبێت کە سەرژمێری ئەنجام بدرێت بەڵکو دەبێت ئەنجامەکانی متمانەی هەموو لایەک بەدەست بهێنێت.

وەزیرانی پێشمەرگە و بەرگری عێراق: شایستەی دارایی بۆ پێشمەرگە دابینەکرێت



وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بڵاویکردەوە کە شۆڕش ئیسماعیل، وەزیری پێشمەرگەی کوردستان و شاندێکی یاوەری سەردانی بەغدایان کرد و لەگەڵ وەزیری بەرگری عیراقی فیدراڵی کۆبوونەوە.

ڕاشیدەگەیەنن، لەکۆبوونەوەکەدا چەند بابەتێکی گرنگ و تایبەت بە مافەکانی پێشمەرگە باسکران و ڕێکەوتنی سەرەتایان لەبارەوە ئەنجامدرا. وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بڵاوی کردەوە کە ئەم سەردانە درێژەپێدەری هەوڵەکانی هەردوولایە بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکان و هەماهەنگیکردن لەسایەی دەستوری عیراقی فیدراڵدا بۆ دابینکردنی مافەکانی پێشمەرگە. باس لەوەش کراوە کە پێشمەرگە لەپاڵ ئەوەدا کە هەزاران شەهید و بریندار بۆ پاراستنی سنورەکانی هەرێم و عیراقی فیدراڵ بەخشیوەو بەپێی دەستوور ماف و شایستەی دارایی بۆ تەرخانکراوە، بەڵام تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە.

ڕاشیدەگەیەنن ، بەشێکی تری کۆبوونەوەکە تەرخان کرا بوو بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان هێزەکانی پێشمەرگەو سوپای عیراق لە سنوری نێوان هەردوولادا، بۆ ڕێگریکردن لە گەشەسەندنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش.

لەکۆبوونەوەکەدا وەزیری بەرگری عیراقی فیدراڵ بەڵێنیدا کار بکات بۆ ئەوەی پێشکی پێشمەرگە لە خولە سەربازییەکانی عێراق و دەرەوەدا دابین بکرێت، هاوکات چەند لیژنەیەکی هاوبەش پێکهێنران بۆ کارکردن لەسەر ئەو خاڵانەی لەسەرەوە باسکران.

هەردولاش ڕێکەوتن لەسەر بەردەوامیدان بە کۆبوونەوەکان و کۆبوونەوەی داهاتوو لە هەوڵێری پایتەختی هەرێم ساز دەکرێت. جێگای ئاماژەیە ژمارەیەک لە ئەفسەرە پلە بااڵکانی وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان و وەزارتی بەرگری عێراقی فیدراڵ ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون.

وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێم بڕیارێکی نوێی دەرکرد


وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی نوێ دەردەکات بۆ ئەو کەسانەی کەکاری هێنانی ئۆتۆمبێل دەکەن.

هەروەها لەبڕیارەکەی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا هاتووە ، کە پێویستە بەڵێننامە لە کۆمپانیاکانی هێنانی ئۆتۆمبێل وەربگیرێت بۆ ئەو کەسانەی کە مۆڵەتی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلیان هەیە ، سزادانیان بە بڕی10 ملیۆن دینار بۆ هەر ئۆتۆمبێلێک کە هاوردە بکرێت، بە پێچەوانەی مەرجەکان.

ڕاشیدەگەیەنن، بەستنەوەی سەرجەم کۆمپانیاکانی کواڵیتیی کۆنترۆڵی دەروازە سنوورییەکان بەیەکەوە و نرخی پشکنین وەک ئەو نرخانە دەبێت کە پێشتر وەزارەتی دارایی دەستنیشانی کردوون.

هەروەها وەزارەتی ناوخۆی دەشڵێت، پێویستە هەر ئۆتۆمبێلێک هاوردەکراو بێت بڕوانامەی (COC) لەگەڵ بێت و مۆڵەت دەدرێت بە کۆمپانیاکانی پشکنینی ئۆتۆمبێل کە لە دەروازەی سنوورییەکان کار دەکەن، تا 2019/11/1 ئەم بڕگەیە جێبەجێ دەکرێت، هەروەکها لەو سنوورانەی کە تا ئێستە کاری پێ ناکرێت. لەکۆتاییدا ڕایدەگەیەنن، لەکاتی بوونی جیاوازی لە نێوان پشکنینی ئۆتۆمبێل لەلایەن کۆمپانیاکانی پشکنینی کوالێتی لە سنوورەکان و پشکنینی کۆتایی کە لەلایەن لیژنەکانی هاتوچۆوە، دەکرێت بە بڕی پێنج ملیۆن دینار بۆ هەر حاڵەتێک کۆمپانیای پشکنەر سزا بدرێت لەگەڵ گەڕاندنەوەی ئۆتۆمبێلەکە لەو دەروازەی کە لێی هاتووە.

وەزیری خوێندنی باڵا تورێژینەوەی زانستی لە نزیکەوە پرۆسەی تۆمارکردنی قوتابیان لە زانکۆی سەلاحەدین بەسەر دەکاتەوە



لە سەردانێکی فەرمیدا بۆ زانکۆی سەلاحەدین، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی باس کردنی گرنگی زانکۆی سەلاحەدین لە پرۆسەی خوێندنی زانکۆیی لە هەرێمی کوردستان، هاوکات پاڵپشتی خۆی دووپاتکردەوە بۆ سەرکەوتنی بەڕێوەچوونی پرۆسەی وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان. پاشان لە دانیشتنێکدا وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین تاوتوێی پلانی ئەمسالی وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستانیان کرد. وەزیری خوێندنی باڵا خۆشحاڵی خۆی دەربری کە توانیویانە لەرێگەی پێشخستنی پرۆگرامی وەرگرتنی ژمارەیەکی زۆر قوتابی دەرفەتی زیاتری خوێندنیان لە زانکۆ حکومیەکان بۆ بڕەخسێت. هاوکات سوپاسی زانکۆی سەلاحەدینی کرد کە توانی پاڵپشتی لەو پلانەی وەزارەت بکات و ڕێژەیەکی زۆری قوتابیان لە زانکۆی سەلاحەدین وەربگیرێت بە هەرسێ شێوازی زانکۆلاین و پارالیل و خوێندنی ئێوارانەوە. هەروەها سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین ئەوەی دوپاتکردەوە کە پێویستە پلانەکانی وەرگرتنی قوتابیان لە خزمەتی کەرتی گشتی بێت بۆ ئەوەی زۆرترین ڕۆڵەی ئەم وڵاتە سوود لە خزمەتگوزاریەکانی حکومەت وەربگرێت. هەروەها دەستخۆشی لە پلانێکی وەزارەتی خوێندنی باڵا کرد بەکەمکردنەوەی نرخی خوێندنی پارلیل کە بووەتەوە مایەی زۆربوونی دەرفەت لەبەردەم قوتابیان بۆ ئەوەی لە زانکۆ حکومیەکان دەرێژە بە خوێندن بدەن.

کەرتی گەشتیاری تورکیا ڕووبەڕووی زیانێکی گەورە بووەتەوە

لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان هاوواڵتیانی هەرێم کەمتر گەشت بۆ تورکیا دەکەن

خاوەن کۆمپانیاییەکی گەشتیاری: پاش دەستپێکردنی شەڕ ڕێژەی چوونی گەشتیار بۆ تورکیا لە سەرجەم وڵاتانەوە کەمی کردووە

ڕاپۆرت/عەلی بانیشاری

پاش زیاتر لە هەفتەیەک لە پێڕاسیۆنی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان کەرتی گەشتیاری ئەو وڵاتە ڕووبەڕووی زیان بووەتەوە. بەوتەی خاوەن کۆمپانیاکانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی چوونی گەشتیار بۆ تورکیا نەک لە کوردستانەوە بەڵکوو لەسەرجەم وڵاتانی جیهانەوە کەمیکردووە. شارەزایانی ئابووری تورکیاش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن لە ماوەی یەک هەفتەدا ڕێژەی چوونی گەشتیار بۆ ئەو وڵاتە دابەزینی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە.



شێخ سالح بەرزنجی، خاوەنی کۆمپانیای لەندەن سکای بۆ فڕۆکەوانی و گەشتیاری لە شاری هەولێر بە (خەبات)ی گوت" ئەو جەنگەی ئێستا تورکیا بەڕپای کردووە کاریگەری زۆر لەسەر ڕێژەی چوونی گەشتیار بۆ ئەو وڵاتە دەبێت". گوتیشی" هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەراورد بە چەند هەفتەی ڕابردوو کەمتر داوای پێدانی فیزای تورکیا دەکەن". شێخ سالح بەرزنجی تورکیا ؟ گوتی" نرخی فیزای تورکیا وەکو خۆیەتی و گۆڕانکاری بەسەر نەهاتووە".

سەیوان عومەر، خاوەنی کۆمپانیای بابان تراڤل بۆ گەشتوگوزار لە شاری سلێمانی بە (خەبات)ی ڕاگەیاند" هەر وڵاتێک توشی شەڕ و ئاڵۆزی ببێت خەڵک کەمتر سەردانی دەکات، بەتایبەت وڵاتێکی وەکو تورکیا کە ئێستا کەوتووەتە شەڕێکی قورسەوە".گوتیشی" لەبەرئەوەی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان سۆزێکی نەتەوەییان بۆ ڕۆژئاوا هەیە لە پاش دەستپێکردنی شەڕ کەمتر گەشت بۆ تورکیا دەکەن". ئەوەشی گوت" شەڕی تورکیا و ڕۆژئاوای کوردستان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کەرتی گەشتیاری تورکیا دەبێت و گەشتیار نەک لە کوردستانەوە بەڵکوو لە وڵاتانی دیکەشەوە کەمتر گەشت بۆ ئەو وڵاتە دەکەن". تەئکیدی کردەوە ئەگەر ئەو ئۆپراسیۆنەی تورکیا کە ئێستا دەستی پێکردووە کۆتایی پێی بهێنرێت لە چەند مانگی داهاتوودا ڕێژەی چوونی گەشتیار بۆ ئەو وڵاتە ئاسایی دەبێتەوە.

سکای بۆ فڕۆکەوانی و گەشتیاری دەشڵێت" ئێستا کە سەردانی وڵاتی تورکیا دەکەیت لە فڕۆکەخانەی ئەو وڵاتە کێشەت بۆ دروست دەکەن و پرسیاری زۆرت ئاڕاستە دەکەن". باسی لەوەشکرد پاش دەستپێکردنی پێڕاسیۆنی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بۆ ترانزلێتیش زۆربەی هاوڵاتیان بە تورکیادا هاتووچۆ ناکەن، مەگەر کەسێک کاری پێویستی هەبێت. سەبارەت بە نرخی ئێستا فیزای تورکیا هەژار عومەر، ماستەر لە کارگێڕی کار و سەرۆکی بەشی کارگێڕی یاسا لە زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی بە (خەبات)ی گوت" ئەو داهاتەی تورکیا ساڵانە لە ڕێگەی کەرتی گەشتیارییەوە دەستی دەکەوێت نزیکەی 29.6 ملیۆن دۆلارە کە دەکاتە 4%ی داهاتی تورکیا". گوتیشی" هەر وڵاتێک ئاڵۆزی تێکەوت و ڕووبەڕووی شەڕ بوویەوە پێش هەموو سێکتەرەکانی دیکە کەرتی گەشتیاری سست دەبێت و زیانی بەر دەکەوێت، چونکە گەشتیاری هەژار عومەر، ماستەر لە کارگێڕی کار و سەرۆکی بەشی کارگێڕی یاسا لە زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی بە (خەبات)ی گوت" ئەو داهاتەی تورکیا ساڵانە لە ڕێگەی کەرتی گەشتیارییەوە دەستی دەکەوێت نزیکەی 29.6 ملیۆن دۆلارە کە دەکاتە 4%ی داهاتی تورکیا". گوتیشی" هەر وڵاتێک ئاڵۆزی تێکەوت و ڕووبەڕووی شەڕ بوویەوە پێش هەموو سێکتەرەکانی دیکە کەرتی گەشتیاری سست دەبێت و زیانی بەر دەکەوێت، چونکە گەشتیاری زۆر بەکەمی سەردانی وڵاتێک دەکات کە شەڕی تێدا بێت". هەژار عومەر هەروەها ئەوەشی گوت" ئۆپراسیۆنەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان زیانێکی زۆر لە کەرتی گەشتیاری ئەو وڵاتە داوە و ژمارەی بێکاریش لە تورکیا بەرز دەبێتەوە".

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی گەشتوگوزاری تورکیا ساڵی ڕابردوو نزیکەی 41 ملیۆن گەشتیار ڕوویان لەو وڵاتە کردووە. ڕووسیا پلەی یەکەم و ئەڵمانیا پلەی دووەم و بەریتانیا پلەی سێیەمی لە چوونی ڕێژەی گەشتیار بۆ تورکیا بەردەکەوێت. وەزارەتی گەشتوگوزاری تورکیا پلانی ئەوەی داناوە لەمساڵدا ڕێژەی هاتنی گەشتیار بۆ 50 ملیۆن بەرز بکاتەوە. ئاژانسی ئەنادۆڵۆی نزیک لە حکوومەتی تورکیا بڵاوکردووەتەوە لە چوار مانگی یەکەمی ئەمساڵدا هەشت ملیۆن و 735 هەزار و 268 گەشتیار سەردانی وڵاتی تورکیایان کردووە، ئەمەش بەراورد بە چوار مانگی ساڵی 2018 بە ڕێژەی لە 12% زیادیکردووە.


پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان

لە چارەسەری قەیرانەکاندا پشکی شێریان بەردەکەوێت

ئا: سەردار حوسێن

هیچ قەیرانێک بوونی نییە بەبێ بوونی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی قەیران، هەروەها هیچ قەیرانێک نییە بەبێ بەڕێوەبردن، هیچ بەڕێوەبردنێکیش نییە بەبێ مەرج و بارودۆخی تایبەت، ئەوەی کە پەیوەندی بە بەڕێوەبردن و ڕۆڵی سەرۆکی کارگێڕییشەوە هەیە دەتوانین لە چەند خاڵێکدا جێی بکەینەوەو باشترە لە نمایشکردنی وردەکاری و شیکردنەوە.

هەموو ئەوانەیش هاوکارمان دەبن لە وێناکردنی قەیرانەکەو چۆنیەتی بەڕێوەچوونی، جیهان ئەمڕۆ بەردەوامە، بەشێوەیەکی خێرا و بە کەم و زیاد کردنەوە، دەبینین کەشتی مای فلاوەرز بە سێ مانگ هەروەها مووشەکە بالیستییەکان دەتوانن بە کەمتر لە سی خولەک هەمان دووری ببڕن. لە ساڵی 1990دا ئەو سێ لەسەر یەکی ئەو تێچوونە هەیە لە گەشتێک کە لە ساڵی 1950دا کراوە، هەوەهاش سەبارەت بە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی نێوان نیویۆرک و لەندەن لە ئێستادا تەنها 6%ی ئەو تێچووەیە کە لە نیوەی سەدەی ڕابردوو هەبووە، هەموو ئەو پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییانە لەبەردەوامی و زیادبوونیشدان بەشێوەیەکی فراوان و خێرا و بەرچاو، هەروەک چۆن لە ئێستادا ئینتەرنێت و ئیمەیڵ لەوپەڕی خێراییدا گەشە دەکەن، کە کۆالیتی و خێرایی زەریای ئەتڵەسی بڕی بە ساڵی 1924دا، بەڵام گەیشتەکەی تشارلو لیندبێرگ بە فڕۆکە تەنها 24 کاتژمێری خایاند، کەچی ئێستا فڕۆکەی کۆنکۆرد تەنها بە سێ کاتژمێر ئەو مەودایە دەبڕێت.



چارەسەری قەیرانەکان ئەوەبوو هەندێک لەو ڕەگەزانە مانەوە لە سیاسەتدا بە تێپەڕبوونی چەرخ و سەردەمیشەوە، هەر لە ئیسبارتەوە تا ئەسکەندەر و خالیدی کوڕی وەلید هوە تا ئابووریناس جۆن م. کنین لەوبارەیەوە دەڵێت: پیاوانی کار ئەوانەی زانستییانە کار دەکەن و پێیانوایە هیچ بیردۆزێک بەکار ناهێنن، زۆرینەیان دیلی دەستی نووسەرێکی نادیارن، کە نایانەوێ ناوی بهێنن.

نمونەیەکی ڕوونتریش لەسەر ئەوە، ئەوە گەشەسەندنیە کە واتای زیادکردنی توانا خودییەکان دەدات بۆ چارەسەری کێشەکانی گۆڕانکاری و بەوەیش دەبێتە دەرچەیەکی پێگەیشتووی بەڕێوەبردنی قەیران و ملمالانێ و کارساتەکان لە ڕێگەی بەشداریەکی میللیدا، هەروەها گەشەی کارگێڕی بووەتە تەوەری جوولەکردنی سیستەمی سیاسی نوێ، واتا ئەو شێوازە کارگێڕییە گونجاوانەی بۆ بەکارخستنی دەزگا کارگێڕییەکان بەکار دێن.

لە کاروباری دیکەیش وەک نموونە کە پەیوەندییان بە بەڕێوەبردنی ئایبیندەوە هەیە، دەبینین لە یابان دروستکردنی کێبڵی بچووک کە پێکهاتەکەی کەمترە لە 2% لە مادەی خاو و وزە، لەنێوان ساڵانی 1965-1985 دا دوو هێندە بووە، بەڵام بەکارهێنانی مادە خاوەکەو وزە هیچ گۆڕانێک تێدا نەکراوە، زیاتریش لەوە ئۆتۆمبێلی بونتیاکی ئەمەریکی لە ئەڵمانیا دیزاین کراوەو لە کۆری بە وزەیەکی یابانی پارچەکانی ئامادە دەکرێن و کۆمپانیای هیوندای لە ئەمەریکا دروستی دەکات و هاوردەی دەکاتەوە بۆ یابان. بۆ نمونەی دیکەیش، کێبڵێکی لە بە بازاڕکردن، کە باشترین وانەیەک بوون لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو هاتنە ئارا، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە قەیران و چارەسەرکردنی هەبوو، دەبینین هەرەسهێنانی کۆمپانیای هیوندای ئەکسل کە خاوەنی باشترین ئۆتۆمبێل بوو لە ساڵانی نێوان 1987-1988و ئۆتۆمبێلی کۆری ڕەوانەی ئەمەریکا دەکرد، کە لەماوەی 15 ماڵگدا400000 ئۆتۆمبێلی فڕۆشت، کە ئەوەیش خێراترین گەشەی فڕۆشتنی ئۆتۆمبێلە لە جیهان و لە مێژووشدا، بەڵام بە هاتنی ساڵی 1990 واتا دوای دوو ساڵ ئۆتۆمبێلی ئەکسل بەتەواوی لەبەر چاو ون بوو.

هەمان حاڵەتیش سەبارەت بە فاکس FAX هەیە، ئەو ئامێرەی ئەمەریکا دایهێنا و بەڕۆکەو دروستکردن و جێبەجێکردنیش هەر خوودی ئەمەریکا بوو، ئەوەبوو بە خێرایی لە نووسینەگەو ئۆفیسەکانەوە بەڕەو ماڵەکانیش چوو، ئەمەریکا فاکسی نەخستە بازاڕەکانەوە چونکە تۆێژینەوەدان پێیان گوتبوو، کە ئەو ئامێرە تازەیە لە بازاڕەکاندا خواستی لەسەر نییە، ئەوەیش وایلێکردبوون کە بڕوا بەوە بهێنن زۆرتر دروستی نەکەن، هۆکارەکەیش لەسەر بنەمای ئەو پرسیارە بوو کە دەیگوت: ئایا پێویستە لەگەڵ بوونی ئامێری تەلەفۆن لەنێو ماڵەکاندا ئامێرێکی دیکەیش هەبێت کە نرخەکەی 1500 دۆلارە؟! لە کاتێکدا دەتوانرا هەمان ئەو کارەی بە فاکس دەکرێت لە ڕێگەی پۆستەوە بە25 سەنت ڕەوانەی بکەیت...! بێگومان وەڵامەکەیش نەخێر بوو، بەڵام یابانییەکان نەچوون بەدوای ئەوەدا بگەڕێن کە ئایا ئەو ئامێرە تازەیە بازاڕی چۆنەو چەندە، بەڵکو بیریان لەوە کردەوە ڕێگایەکی خێراو ئاسانتر و کەم تێچووتر بدۆزنەوە کە جێگرەوەی ئەو ئامێرە تازەیە بێت و هەمان ئەو کارانەی ناردنی نامەو دەقەکان لەخۆی بگرێت.



ئابووریناس جۆن م. کنین: پیاوانی کار ئەوانەی زانستییانە کار دەکەن و پێیانوایە هیچ بیردۆزێک بەکار ناهێنن، زۆرینەیان دیلی دەستی نووسەرێکی نادیارن، کە نایانەوێ ناوی بهێنن

سەرۆک بارزانی مەرجەع و خەمخۆری هەر چوار پارچەی کوردستانە





دکتۆرە مەیادە نەجار*

ئەگەر تێرامانێک بەمێژووی تێکۆشانی نەتەوەکەماندا بکەین مالّی بارزان نموونەیەکی بێوێنەبوون لەتێکۆشان و پاراستنی یەکڕیزی و تەبایی نێو مالّی کورد، بێگومان باوکی ڕۆحیمان (سەرۆک بارزانی نەمر) وەک یەکەم سەرکردە لەمێژوودا بریاریدا خەباتی هاوبەشی نەتەوەیی کوردایەتی لەسەر ئاستی هەر چوارپارچەی کوردستان دەست پێبکات و یەکەم گزنگیش بەشداریکردنی (باوکی ڕۆحیمان سەرۆک بارزانی نەمر) و سەدان گەنجی پالّەوانی بارزانییەکان لەدامەزراندنی کۆماری کوردستان لەمەهاباد و خۆبەختکردنیان لەپێناو سەرخستنی خەباتی ڕۆژهەلاتی کوردستان.

سەرۆک بارزانی دەنگی کوردانی ڕۆژئاوای گەیاندە کۆڕبەندی نێودەوڵەتی

ئەمڕۆ مەرجەعی نەتەوەیمان ڕیزدار (سەرۆک مەسعود بارزانی) هەموو هەوڵێکی لە پێناو یەکخستنی خەباتی نەتەوایەتی و چارەسەرکردنی پرسی کوردە لەسەرجەم پارچەکانی کوردستاندا بەشێوەیەکی دیپلۆماسی و دانوستانی هاوبەش. هەوڵەکانی مەرجەعی نەتەوەیمان بۆ چارەسەری پرسی ڕۆژئاوای کوردستان لەدوای قەیرانی سووریا بەچەندین قۆناغدا تێپەڕیوە لەڕووی هاوکاری و هەماهەنگی لە هەموو بوارێکدا، هەر لە هەوڵە دیپلۆماسییەکان تا دەگاتە هاوکاری گەیاندنی دەنگیان بۆ دەرەوەی وڵات بەردەوامبووە. بەدرێژای ئەو سەردەمەی کە ڕۆژئاوای کوردستان بەهۆی جەنگی تیرۆلیستانی داعش لەڕەوشێکی زۆر ناهەمواردابوون، بەڵام پالّپشتی سەرۆک بارزانی ئەگەری سەرەکی بوو بە مانەوە و بەرگریکردنیان بەو ئاستە بەهێزەی کەهەبوو.

بەهەوڵی (سەرۆک بارزانی) هاوکاری پێشکەش بە ڕۆژئاوا کرا

لەسالی (2014)دا پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ جۆن کێری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ئەجامدا داوای لێکرد هاوپەیمانی نێودەوڵەتی پشتیوانی ئاسمانی کورد لە ڕۆژئاوابکەن و زەمینەسازی بکرێت بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەناو خاکی تورکیاوە ڕەوانەی کۆبانێ بکرێت، ئەوەبوو هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی داواکەی پەسەندکرد و کۆبانێ ڕزگارکرا. ئەم هەنگاوانەی جەنابی (سەرۆک بارزانی) وایکرد کوردانی ڕۆژئاوا وەک کیانێکی سەربەخۆ لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە مامەڵەیان لەگەل بکرێت و پەیوەندی دیپلۆماسیان لەگەل دروست بکرێت. ئەگەر زیاتر ووردبینینەوە لە بەردەوامی هەوڵەکانی ڕێزدار (سەرۆک بارزانی) بەتایبەتی لەپێناوی یەکخستنی سەرجەم هێزە کوردستانییەکانی ڕۆژئاوادا، دەبینین چەندینجار تەواوی لایەنەکان بانگهێشتی هەرێم کران، تالەئەنجامدا هەردوو ڕێککەوتنی هەولێر و ڕێککەوتنی دهۆک لەنێوان لایەنە کوردییەکان ئەنجامدرا. بەڵام بەداخەوە سەرکردایەتی پەیەدە لەڕێککەوننامەکە کشایەوە و دژایەتی بۆ سەرجەم لایەنەکانی دیکە دەربڕی. پەیەدە دەیوست خۆی وەک هێزی فەرمانڕەوایی تەنیا بناسێنێت، بەڵام لەگەل ئەمانەشدا ڕێزدار (جەنابی سەرۆک بارزانی) لەهەوڵە دیپلۆماسییەکانی خۆی بەردەوامبوو چەندینجار لەدیدار و کۆبوونەوە و پەیام و نامەکانیدا، بەڕێزیان دوای لەسەرجەم لایەنە کوردییەکانی ڕۆژئاوا کردووە کەیەکبگرن و خاوەنی هێزێکی هاوبەشی بەتوانابن لەئایندەدا خاوەن پێگە دەبن، چونکە ئەگەر بەپەرتەوازەیی بمێنەوە ئەوا لەهەموو حاڵەتەکاندا مافخورا دەبن.

پەیەدە چی دەکا؟!

هەردەم ئامۆژگارییەکانی (سەرۆک بارزانی) بۆ لایەنە کوردستانییەکان لەوەدابووە کە پێویستە هیزە کوردستانییەکان خۆیان بۆ سەرجەم گۆڕانکاریە خێراکانی نێو گۆڕەپانی سیاست ئامادەبکەن، هەر لە سەرکەوتنی ڕژێمی بەشار ئەسەد یان ئۆپۆزیسیۆنی سووریا یان هەر گۆڕانکاریەکی دیکە، مەرجە کورد یەک دەست و یەکی هەڵوێست بێت بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەل ئەو دۆخ و پێشهاتە نوێیەدا مامەڵە بکات، لەهەر ڕێکەوتنامەیەکدا پێویستە مافەکانی کورد لە سووریا گەرەنتی بکرێ، بەڵام بەداخەوە پەیەدە تەواوی ئامۆژگارییەکانی پشتگوێخستبوو، لەبەر ئەوەی سەرکردایەتی پەیەدە تەنیا بەوە دڵخۆشبوو کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چەک وجبەخانەی لەپێناوی شەرکردن دژی داعشدا پێشکەشدەکرن، لەکاتێکدا ئەوان هیچ جۆرە ڕێککەوتنامەیەکی دیاریکراویان لەگەل ئەمریکیەکاندا نەبوو بۆ دوای کۆتایهێنانی جەنگی داعش. بەڵام بەداخەوە سەرکردایەتی پەیەیەدە تەواوی ئامۆژگارییەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی پشتگوێ خستبوو لەجیاتی گوێگرتن و هەوڵدان بۆ یەکخستنی مالّی کورد کەوتنە دوژمنایەتی کردنی پێشمەرگەو هەرێمی کوردستان.

یەکبوونی نیو مالّی کورد و ئایندەی ڕۆژئاوا

بێگومان بەهۆی تاکڕەوی و نەبوونی بەرنامەیەکی دیپلۆماسی سەرکردایەتی پەیەدە ڕۆژئاوای کوردستان تووشی ناهەموارترین دۆخی سیاسی و مرۆیی و گەورەترین کارەسات بووە کە هەڕەشە لەم ناوچەی کوردستان دەکات. لەم کاتە ناهەمواردا ڕێزدار (سەرۆک مەسعود بارزانی) هەموو تواناکانی بەکار هێناوە لەگەڵ و ڕووسیا و وڵاتە یەکگرووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و هێزە هەرێمیەکان بۆچارەسەرکردنی کێشی ڕۆژئاوا، هەوڵەکانی لەچەندین بواری دیپلۆماسیدا بووە چەندین پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەل سەرکردەی زلهێزەکانی جیهان ئەنجامداوە دیارترینیان ئەنجامدانی دیدارێکی دیپلۆماسی بوو لەسەر ئاستی لوتکە لەگەل وەزیری دەرەوەی ڕووسیا کە ڕاستەوخۆ (سەرۆک بارزانی) داوای لە لاڤرۆڤ کرد کەڕووسیا وەک زلهێزێکی جیهان و هێزی کاریگەری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هەوڵەکانیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ڕۆژئاوابخەنەگەڕ و ڤلادمیر پوتین لەم ڕێگەیەوە تەواوی نفوزی خۆی بۆ چارەسەری پرسی کوردانی ڕۆژئاوا و ڕێگری کردن لە هێرشی تورکیا بەکاربهێنێت.

بێگومان سەرۆک بارزانی لەهەوڵە دیپلۆماسیەکانی بۆ چارەسەرکردنی پرسی ڕۆژئاوا بەدەوامە، لەکاتێکدا کە قەیرانی سووریا بەگشتی زۆر ئاڵۆزبووە و چەندین هێزی نێودەوڵەتی و هەرێمی بۆ بەرژەوەندی خۆیان ڕۆڵی تیدا دەگێڕن. کوردانی ڕۆژئاواش باجێکی قورسی هەڵەکان و تاکڕۆیی پەکەکە لە ڕۆژئاوای کوردستان دەدەن هەر لەتێکدانی یەکڕیزیی نیو مالّی کورد تادەگاتە دژایەتی کردنی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەوەی گرنگە لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا هێشتا درەنگ نییە، لەم دۆخە ناهەمواڕەشدا ئەگەر سەرجەم کوردستانیان لەگشت پارچەکاندا گوێڕایەڵی ئامۆژگاریەکانی مەرجەعی نەتەوەیمان ڕیزدار (سەرۆک مەسعود بارزانی) بن ، ئەوا دڵنیاین بە یەکریزی و یەکبوونی نیو مالّی کورد گەورەترین ئومێد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەبێت. لەکۆتاییدا دەڵێم مەرجەعی نەتەوەیمان ڕیزدار (سەرۆک مەسعود بارزانی) ئەو سەرکردەیەبووە کە لەڕۆژەکانی نائومیدا چرای هیوابەخشی هەڵکردووە و چەخماخەی شۆڕشی گوڵانی داگیرساندووە، دامەزرێنەری بەرەی کوردستانی و ئەندازیاری ڕاپەڕین و هەڵگری مەشخەڵی سەربەخۆیی بووە، ئێستاش کلیلی چارەسەری سەرجەم کێشەکانە، چونکە سەرۆک بارزانی مەرجەع و خەمخۆر و ڕابەری ڕۆحی هەر چوار پارچەی کوردستانە.

*** ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.**



هیمداد عەبدوڵلا خۆشناو

بارزانی ئەو مەرجەعەی لەخەمی هەموو کورد دایە

هەڵوێستەکانی سەرۆک بارزانی ڕوون و ڕاشکاوە بۆ دۆست و نەیارانی کورد، ڕابردووی گەواهیدەری ئەوڕاستییەی کە خەبات و تێکۆشانی لەپێناو خاکێکی بەش بەشکراو بووە و خۆی بەخاوەنی هەموو کوردێک زانیوە و دەزانێ.

بۆیە پێویستە ئێستا لەهەموو کات زیاتر گرنگ و پێویستە کورد یەکدەنگ و یەک هەڵوێست هەنگاو بنێ و خۆی ئامادە بکات بۆ هەر ڕووداو و پێشهاتێک کە لە ناوچەکە دێتەپێش.

هەرکوردێک لەهەرشوێنێک بێت، پشتیوانی سەرۆک بارزانی بێت بێ جیاوازی، چونکە ئێستا سەرۆک بارزانی وەک مەرجەعێک لەجیهان و ناوچەکە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و خۆشی لەخەمی هەموو کورددایە، بەتایبەت ئەو پێشهاتەی ئەم دواییەی ڕۆژئاوای کوردستان و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، هێرشی تورکیا بۆسەر ڕۆژئاوای کوردستان، هەروەک سەرۆک بارزانی لەتوێتێکدا ڕایگەیاند: "ئێمە لەو دۆخەی لە ڕۆژئاوای کوردستان هاتۆتە پێش، زۆر نیگەرانین. بەهەموو توانایەک لە هەوڵدانین و لەگەڵ زۆر لایەن لە پەیوەندیداین بۆ ئەوەی خوشک و براکانمان لە ڕۆژئاوا تووشی کارەساتی تر نەبن".

هەروەها لەلایەکی تریشەوە دوای سەردانی وەزیری دەرەوەی ڕوسیا سێرگی لاڤرۆڤ بۆهەرێمی کوردستان و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک بارزانی، جەنابی سەرۆک دووپاتی لەوە کردۆتەوە کە دەبێ لەو بارودۆخە تازەیەی سوریا ، کوردی ڕۆژاوا پاریزراو بێ و نابێ جارێکی دیکە کورد ئاوارە بێتەوە.

گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست



ژیار بندیان

ئەمەریکا پێش جەنگی جیهانی دووەم سیاسەتی گرینگی پێنەدانی لە سیاسەتی دەرەوەیدا هەڵبژاردبوو. واتە دەستێوەرنەدان لە کاروباری وڵاتانی دیکە، بەڵام لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە ئەمریکا قوربانییەکی زۆری دا لە ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەم کاتەوە تاکو ئێستا گرینگی زۆر بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی دەدات و توانیویەتی سەرکەوتنی بەرچاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەست بێنێ بەتایبەت دوای ئەوەی توانی (سوپای سووری سۆڤییەت لە ئەفغانستان بەدەرنێت و تالیبانیش بروخێنێ.

بنەمای دارشتنی سیاسەتی نوێی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا لە دوو تێروانینی خۆی دەبینێ، ئەمانەیش شەری دژی تیرۆر و پەردان بە دیموکراسی بە جەنگ یان ناشتی لەناوچەکەدا، ئەوەی کە ئەمریکا یان ئەو هێزانەی پالّپشتی دیکتاتۆرییەت دەکەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەربەرکانێ دەکەن و بەدوای بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیانەوەن، ئەوەی جێگای باس کردن نیە لەبەر ئەوەی هەر وڵاتێک بەهەر شێوەیەک بێت بەرژەوەندیی خۆی لە پێش هەموو شتێک دادەنێت، بەڵام بۆ ململانێ لەگەڵ تیرۆر و دیکتاتۆرییەت و بیرکۆن لە بەرژەوەندیی حکوومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دایە و باشترین جێگرەوە بۆ تیرۆر جێگیرکردنی دیموکراسییە لە ناوچەکەدا، بە سەرکردنی کورتەیەک لە سااڵنی ڕابردوو ئەو وڵاتانەی لە ژێر سیستەمی دیکتاتۆرییەت ڕزگاریان بووە لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لەبواری ئەمنی بە تەواوی سەقامگیر نەبوونە، بەڵام بۆ گەیشتن بە دیموکراسی بەرادەیەکی زۆر بەرەوپێش چوونە، کوردستانی عێراق یەکێکە لە نمونەکانی بەرەوپێش چوونی دیموکراسییەت کە پێشتر لە ژێر ڕەشەکوژی و ئەنفال کردن و کیمیاباراننی ڕژێمی پێشووی عێراقدا بوون، بەڵام لە دوای ڕزگار کردنی عێراق، کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان توانی سەرکەوتوو بێت بە دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری . هەروەها بەرەوپێش چوونی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی.

لە ئێستادا کۆماری ئیسلامی ئێران لە قەیرانێکی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دایە قەیرانەکان قوڵتر بوونەتەوە بەتایبەت لە دوای کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی، ئەم سیاسەتەش کە خاڵی سەرەتای وەلانانی سەرۆکی سازشکاری ئەمەریکا باراک ئۆباما بووئیستا بەرە و کۆتاییە و ئەم گۆڕانکارییانەی لەم دواییانەدا لە ئیدارەی ئیستای ئەمەریکا بە سەرۆکایەتی دۆنال ترامپ بەرچاو دەکەوێت ئەو گوتوویەتی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەک کێشەی هەیە ئەویش ڕژێمی دەسەڵاتدارە لە ئێران. هەروەها وڵاتانی عەرەبی بەتایبەت سعودیا لەو بروایەدان مانەوە و تەیار بوونی حکوومەتی ئێران بە چەکی ئەتۆمی، بەمەترسی بۆ سەر خۆیان دەزانن و دوای کشانەوە ئەمەریکا لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی ئەو ناوچەیە لە جیهاندا چۆتە قۆناغێکی تازەوە کە زیاد لە ڕابردوو زەنگەکانی هەڵگیرسانی جەنگێکی نوێ لە ناوچەکە لێدەدرێ و لە ئێستادا وڵاتانی ئێران کە خاوەنی پێگەیەکی بەهێزی ئابووری و سەربازیە لەناوچەکەدا هەروەها کێشەی ئایدۆلۆجی و ئایینی و سیاسی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا هەیە بەتایبەت لەگەڵ سعودیا ، کە ئەمەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ سەپاندنی هەژمونی ئەمریکا بەسەر وڵاتانی تری ناوچەکە.



بۆ ئەمەریکا تاکو پلانێک دارێژێت بۆ لەناوبردنی ڕژێمی ئەوکاتی عێراق کە دەستی هەبوو لە ئەنفال کردن و کوشتنی بەناهەقی گەلی کورد، لە ئێستاشدا بە هەمان شێوە ئێران تووشی قەیرانی دارایی بووە و نرخی نەوتیش دابەزیوە، هەروەها ئەمە هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە کە ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ بیانوو چونکە هەرچەند ئێران بەهێزبێت وڵاتانی تری ناوچەکە پەنا دەبەن بۆ باوەشی ئەمەریکا هەتاکو بیانپارێزێت، کە ئەمەش پەیوەستە بە بوونی بەرژەوەندی بەهێزی ئابووری و سەربازی ئەمەریکا لە ناوچەکە بەتایبەت لەگەڵ وڵاتانی کەنداوادا، ئەم بارودۆخە بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی ئێران بتوانێت ببێتە هەرەشەی جددی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، بەڵام پێش ئەوەی حکوومەتی ئێران بەو ڕۆژە بگات بەهەمان دەردی ڕژێمی پێشووی عێراقی دەبەن، هەروەک چۆن لە سالی 1990 بەپلانێکی نێودەوڵەتی توانرا نرخی نەوت بەرێژەیەکی بەرچاو دابەزێنرێت کە کۆێت بەشێک بوو لەو پلانە، هەر ئەمەش بووە هۆی لاواز بوونی عێراق، هەروەها ئەمە هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە کە ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ بیانوو

هەنگاو نان بەرەو نووسینەوەی دەستووری کوردستان



13
مافپەروەر: جەواد مستەفا ستریەیی

بنەمای سەربەخۆیی ناوخۆیی لە دەوڵەتی فیدرالیدا (مبدأ استقلال الذاتی)

هەر هەرێم یان ویلایەتێکی فیدرالی مێژوو و کەلتور و داب و نەرێتێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کوردستانیش یەکێکە لەو هەرێمە فیدرالیانە، بۆ ئەوەی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی هاوڵاتیانیەکامان نەکەوێتە ژێر کاریگەری پێکهاتەکانیتری وڵات، لەبەر کاریگەری و راو بۆچوون و بەرژەوەندی جیاوازی پێکهاتەکانیتر، بۆیە لەبەر ئەم هۆکارانە وڵاتان پەنا بۆ بژاردەی سیستەمی فیدرالی بۆ بەرێوەبردنی وڵات بە شێوەیەکی تەندروست دەبەن و بە باشترین چارەسەر دەزانن بۆ زامن کردنی مانەوە و سەربەخۆبوونی هەموو ئەم بەهایانە. بەگشتی بنەمای سەربەخۆی ناوخۆیی گرنگییەکی زۆری لە سیستەمی فیدرالیدا هەیە لە هەمان کاتدا ئەم بنەمایە سیستەمی فیدرالی لە سیستەمەکانیتر جیا دەکاتەوە، دەتوانین بنەمای سەربەخۆیی لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

یەکەم: سەربەخۆیی دەستووری: دەوڵەتی فیدرالی کۆمەڵێک بنەمای سیاسی جیاواز لە بواری ناوخۆییدا لە خۆدەگرێت، یەکێک لەم بنەمایانە بریتییە لە بوونی دەستووری سەربەخۆ بۆ هەر هەرێمێک لە پاڵ دەستووری حکومەتی فیدرالیدا، واتە دەستووری هەر هەرێمێک سەربەخۆیە لە دەستووری هەرێمێکیتر وە لە هەمان کاتدا حکومەتی فیدرالیش دەستووری سەربەخۆی تایبەت بە خۆی هەیە. دەستەی دامەزرێنەری دەستووری هەر هەرێمێک نازادە لە نووسینەوە و هەموار کردنی دەستوور بە پێی بەرژەوەندی گشتی و ئەو گۆرانکارییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیانەی لەم هەرێمەدا رووەدەن، بەبێ ئەوەی پێویست بە رەزامەندی یاخود پەسەند کردنی دەولەتی فیدرالی هەبێت. هەروەها دەستەی دامەزرێنەری دەستووری هەریەک لەم هەرێمانە نازادن لە هەموار کردنی دەستووری هەرێمەکەیان بەپێی رێ و شوێنی تایبەت کەلەناو خودی دەستوورەکەدا دیای کراوە، بەڵام هەر هەموار کردنێک بکرێت پێویستە پێچەوانەی بنەماکانی دەستووری فیدرالی نەبێت، کەواتە دەکرێت دەستووری هەرێم یان ویلایەت پێچەوانەی بنەماکانی دەستووری هەرێمێکی تری فیدرالی بێت. هەروەها هەرێمێکی فیدرالی یەکگرتوو لە سالی 1949 مافی بەستنی رێکەوتنامەی نێودەوڵەتی درایتە ئەنجومەنی یاسادانانی هەرێمەکان کە بتوانن رێکەوتن لەگەڵ وڵاتانی بیانی بکەن، بەڵام لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی حکومەتی فیدرالی. هەروەها دەستەکانی یاسادانانی هەرێمەکانی کۆماری باشووری ئەفریقیا لە یەک ئەنجومەن پێکدێن پێی دەگەترێت یاسادانانی هەرێم.

سێیەم: دەسەلاتی جێبەجێ کردن: هەرێمە فیدرالیەکان هاوشێوەی حکومەتی فیدرالی هەرسێ دەسەلاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریان هەیە. ئەرکی دەسەلاتی جێبەجێکردن لە هەرێمە فیدرالییەکاندا بریتییە لە بەرێوەبردنی کاروبارەکانی کارگێری و جێبەجێکردنی یاسا و رێنومایییەکان چ ئەم یاسا و رێنومایانەی لە حکومەتی فیدرالی دەردەچن یان لە هەرێمەکان، لەگەڵ پاراستنی ئاسایش و بەرژەوەندی گشتی وڵات لە بواری جۆراوجۆرەکاندا. دەسەلاتی جێبەجێ کردنی هەندێک هەرێم تەنها لە سەرۆک پێکدێت و لە هەندێک وڵاتیش لە سەرۆک و ئەنجومەنی وەزیران پێکدێت و لە هەندێک وڵاتیش تەنها لە ئەنجومەنی وەزیران پێکدێت. بەڵام لە هەر وڵاتێک ناوێک لەم سەرۆکە دەنێن، بۆ نمونە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێی دەڵێن (حاکم) کە لە هەندێک ویلایەتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا حاکم لەلایەن ئەنجومەنی یاسادانانی ویلایەتەکەوە هەڵدەبژێردرێت.

بەپێی دەستووری هیندی ساڵی 1950 بەم سەرۆکە دەگوترێت (پارێزگاری هەرێم) کە لەلایەن سەرۆک کۆماری فیدراڵییەوە هەڵدەبژێردرێت، بەڵام وەزیرەکانی ئەم هەرێمە لەلایەن پارێزگارەوە هەڵدەبژێردرێن لەسەر پێشنیاری سەرۆک وەزیرانی هەرێم.

بەڵام لە فەنزویلا سەرۆکی هەرێم و ئەندامەکانی دەسەلاتی جێبەجێکردن، واتە وەزیرەکان لەلایەن سەرۆک کۆماری فیدراڵییەوە هەڵدەبژێردرێن کە ئەمە دەسەلاتی هەرێمەکان بچووک دەکاتەوە و دەبێتە هۆی دەست تێوەردانی حکومەتی فیدرالی لە کاروبارەکانی هەرێمەکانەوە.

چوارەم: سەربەخۆی دەسەلاتی دادوەری: هاوکات لەگەل دەسەلاتی دادوەری فیدرالی، هەر هەرێم یان ویلایەتێک سیستەمی دادوەری سەربەخۆی هەیە کە پێکدێت لە کۆمەڵێک دادگای تایبەت بە هەمان هەرێم، کە بەپێی دەستوور دامەزراون بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشە ناوخۆییەکانی هەرێم. هەروەها لە هەرێمە فیدراڵییەکاندا دەسەلاتی دادوەری سەربەخۆیە لە دەسەلاتی دادوەری فیدرالی، دەتوانین بڵێین ئەمە گرنگترین پێوەری سەربەخۆی دەسەلاتی دادوەری هەرێمەکانە کە بریارەکانی کۆتایین و دادگاکانی سەربە دەسەلاتی دادوەری فیدرالی ناتوانن تانەیان لێبدەن. کەواتە دەتوانین بڵێین دوو دەسەلاتی سەربەخۆی دادوەری لە دەوڵەتی فیدرالیدا هەیە، دەسەلاتی دادوەری فیدرالی کە ڕاڤەی یاساکان دەکات و یاسا و رێنومایەکانی دەولەتی فیدرالی جێبەجێ دەکات و دەسەلاتی دادوەری هەرێمەکان کە ڕاڤەی یاساکان دەکات و یاسا و رێنومایەکانی هەرێمەکانیش جێبەجێ دەکات. کە هەردوکیان هەریەکە لە کۆمەڵێک دادگا پێکدێت بۆ ڕاڤە کردن و جێبەجێکردنی یاسا و رێنومایەکان بە شێوازێکی سەربەخۆ و جیاواز لەیەکتری، تەنها لە هەندێک پسپۆری تایبەت نەبێت کە تەنها تایبەتن بە دادگای بالای فیدرالی، بەڵام ئەم دەسەلاتانەشی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکیتر جیاوازیان هەیە، بۆ نمونە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک زۆرێ دایتە هەرێمەکان. لە هەمان کاتدا هەر هەرێمێک دەسەلاتی دادوەری تایبەت بە خۆی هەیە و سەربەخۆیە لە حکومەتی فیدرالی و هەرێمەکانی تری سەربە هەمان وڵاتی فیدرالی.

لە هیند دەسەلاتی دادوەری پێکدێت لە دادگای بالای فیدرالی و دادگای بالای هەرێمەکان، بەڵام دەسەلاتی دادوەری هەرێمەکان و دەسەلاتی دادوەری فیدرالی دوانەیی نییە، بەلکو یەکگرتووە، چونکە دادگای بالای فیدرالی لە لوتکەی هەرەمی دەسەلاتی دادوەری هەرێمەکان و فیدراڵیدایە، ئەم دادگایە هەموو پسپۆرییەکان لە خۆ دەگرێت و لە کاتی تانە لێدان دەتوانێت پێداچوونەوە بۆ هەموو دادگاکانی فیدرالی و هەرێمەکان بکات، واتە یاساکانی سەربە دەسەلاتی یاسادانانی هەرێمەکان و فیدرالی جێبەجێ دەکات.

پێنجەم: سەربەخۆی دارایی هەرێمەکانی فیدراڵی: داهاتە داراییەکان بریتییە لە پێداویستیە هەرە گرنگەکانی هەر وڵاتێک چ ئەم وڵاتە فیدرالی یان یەکگرتوو بێت یاخود حکومەتی فیدرالی یان هەرێمەکان بێت، چونکە سیستەمی سیاسی هیچ وڵاتێک بەبێ سەرچاوە دارایەکان بەرێوە ناچێت، کەواتە هەردوو حکومەتی فیدرالی و هەرێمەکان هەردووکیان پێویستی بە بودجەیەکی دیاری کراو و سەربەخۆی دارایی هەیە بۆ بەرێوەبردنی ئەرک و پسپۆڕی و کاروبارەکانیان، چونکە ئابووری بربڕەی پشتی بەرێوەبردنی هەر وڵاتێکە چ ئەم وڵاتە یەکگرتوو یان فیدرالی بێت.

ئەوەی شایانی ئاماژە پێکردنە لە هەموو حکومەتە فیدراڵییەکاندا حکومەتی فیدرالی و هەریەک لە هەرێمەکان یەک جۆری دراوی یەکگرتووییان هەیە چ دراوی کاغەز یان کانزا.

لە زوربەی وڵاتانی جیهان باجەکان بریتییە لە سەرچاوەیەکی سەرەکی ئابووری وڵات، بەڵام هەر وڵاتێک بەشێوەیەکی جیاواز باجەکان وەردەگرێت و دابەش دەکات یاخود باج دەخەنە سەر یەکتر. بۆ نمونە هەردوو دەستووری کەنەدا و ئوسترالیا بەشێوەیەکی یەکسان قەدەغەی کردووە هەردوو حکومەتی فیدراڵی هەرێمەکان باج بخەنە سەر یەکتر. هەروەها هەرچەند لە دەستووری ئەمریکادا باس نەکراوە، بەڵام دادگای باڵا بریاری داوە دەبێت باج لەسەر بنەمایەکی یەکسان بێت.

دەستووری سویسرا هاوشێوەی زۆربەی وڵاتانی فیدرالی تەنها حکومەتی فیدرالی دەسەلاتی دیاری کردن و دانانی باج و رسومات و پێبژاردن و...تاد هەیە واتە لە دەسەلاتی حکومەتی فیدراڵییەکە نەک وڵایەتەکان، بەڵام لە هەمان کاتدا هەرێمەکانیش دەسەلاتی دیاریکردنی هەندێک جۆری باج و رسوماتی ناوخۆی هەیە وەک باجی سەر مولکەکان و رسومات و چەندین باجیتریش.



کورد و عەرەب

خالید قشتینی

بەرێز برجس ئەلبرجس، سەرۆکی رێکخراوی هیلالی سووری کوێت، لە ناوەندی راگەیاندنی کوێتی لە نەوەدەکاندا، بە سوپاسەوە باسی ئەوەم بۆ کرد، چۆن رۆژنامەنووسێک، لە بارەی دووبەرەکی لە بەرەی کوردی-عێراقی، پرسیاری لە سەرکردەی کورد، جەلال تاڵەبانی کرد، لە وەڵامدا وتی: ئێمە ئەوەیان لە ئێوەوە فێر بووین، ئێوە ئەی عەرەبەکان. ئەو رۆژنامەنووسە عەرەبەی کە هاوپێشەکانی کورد لە تەنیشتمەوە بوو. سەیری یەکترییان کرد، بەیەکەوە پێکەنین و لەبارەی ئەو تراجیدیا کۆمیدییە، کە بووتە مۆدیلێکی سیاسی نەوەکەی ئێمە، بە چرپە هەندێک قسەمان کرد. باسی ئەوەم بۆ کرد، چۆن رۆژنامەنووسێک، لە بارەی دووبەرەکی لە بەرەی کوردی-عێراقی، پرسیاری لە سەرکردەی کورد، جەلال تاڵەبانی کرد، لە وەڵامدا وتی: ئێمە ئەوەیان لە ئێوەوە فێر بووین، ئێوە ئەی عەرەبەکان. ئەو رۆژنامەنووسە کوردەش باسی ئەوەی بۆ کردم، ئەوکاتەی لە سەردەمی شۆڕشی کورد، لە ریزەکانی شۆڕشی مەلا مستەفای بارزانی پێشمەرگە بووە، رۆژنامەنووسێکی میسڕی سەردانی بارزانی کرد و چەندین پرسیاری سادە و بێ مانای لێکرد، بارزانیش دڵی نەدەشکاند و بەبێ تووڕە بوون وەڵامی دەدایەوە. بەڵام ئارامی لێبڕا، کاتێک رۆژنامەنووسەکە بەو پرسیارەکانی هێنا: ئایا راستە ئێوەی کورد، پێشتر عەرەب بوون؟ بارزانی ڕووی بەلای مەحمود عوسمان وەرگێڕا و پێی وت: ناتوانم بە عەرەبی وەڵامی ئەو پرسیارەی بدەمەوە، بە کوردی وەڵامی دەدەمەوە و تۆش بۆی وەرگێڕە. وەڵامی دایەوە و مەحمود عوسمانیش، وتەکانی وەرگێڕا و وتی: راستە ئێمە پێشتر عەرەب بووین و لەناوچەی عەرەبیدا نیشتەجێ بووین، بەڵام ئارامان لێ هەڵگیرا، بۆیە رۆیشتین، بە چیا هەڵگەڕاین و ناومان لە خۆمان نا "کورد". بەم شێوەیە کورد زانییان، رۆڵەی چیان، بۆیە لە تورکیاش پێیان دەڵێن (تورکانی چیا).

کامل چادرچی، سەرکردەی پارتی نیشتمانی دیموکراسی ئەوسای عێراق، لە بارەی ئەو ڕاستییە جیۆفیزیاییە، قسەی لەگەڵ ڕەشید عارف، ئەو وەزیرە کوردە لە حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم کرد و پێی وت: ئێوەی کورد، هەرگیز نابنە خاوەن وڵاتی خۆتان، چونکە لە چیاکان نیشتەجێن، شارستانیەتییەکانیش لەسەر چیا بەرپا نابن. بە دڵنیاییەوە ڕەشید عارف، ئەو قسەیەی ڕەت کردەوە و مشتومڕی لەسەر کرد. چەند مانگێک تێپەڕی، کامل چادرچی، بە گەشتێک بۆ کات بەسەر بردن چووە ئەورووپا. لە گەشتەکەیدا سەردانی سویسرای پڕ چیای کرد و بینی، ئاستی ڕۆشنبیری خەڵکی ئەو وڵاتە زۆر نیگەرانی کردووە. پاشان گەڕایەوە عێراق و لە بۆنەیەکدا چاوی بە ڕەشید عارف کەوت. داوای لێبووردنی لێکرد و پێی وت، لەقسەکانی خۆی لە بارەی دانیشتوانی چیاکان دەکشێتەوە، پاشان پێی وت: ئێوەی کورد، لەبەرچی ئەوە ناکەن، کە سویسرییەکان بە چیاکانی خۆیان کردووە؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی: سویسرا بە شارستانییەتەکان دەورە دراوە، ئەڵمانیەکان لە باکوور، فەرەنسییەکان لە ڕۆژئاوا، نەمساوییەکان لە ڕۆژهەڵات و ئیتاڵییەکانیش لە باشوور و لەوانەوە فێر بوون، بەڵام ئێمەی کورد، کێ لەدەورمانە تاکو لێیانەوە فێر بین؟ عەجەمەکان لە ڕۆژهەڵات، قەرەجەکان لە باکوور، عەرەبەکان لە باشوور و دەشتەکییەکانیش لە ڕۆژئاوا. لە کامیانەوە فێر بین؟.

و: رەمزی میرەکانی



رێبوار حەمەلا و شوانی

هەوڵەکانی سەرۆک بارزانی بۆ پاراستنی ڕۆژئاوای کوردستان

هەر لە کاتژمێرەکانی دەستپێکردنی هێرش و هەوڵی داگیرکردنی ڕۆژئاوای کوردستان، سەرۆک بارزانی هاوشێوەی کۆبانێ ، پردێ و سحێلا گشت توانا سیاسی و دیپلۆماسییەکانی خستۆتەگەر لە پێناو پاراستنی گەلی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان و ڕێگری لەو پیلانگێڕییەی کە بەرامبەر بە ڕۆژئاوای کوردستان چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە. لە لایەکی ترەوە شەڕێکی گەورە سەپێنراو، ئالۆز، بەڵام نابەرامبەر ڕووبەڕووی خەڵکی ڕۆژئاڤا بۆتەوە بە (ئۆکەی) یان بێدەنگی زلهێزەکان و بە هەندەرنەگرتنی لەلایەن دونیای ڕۆژئاوا، بێهەڵوێستی جەمسەرەکان و شاگەشکەبوونی وڵاتانی داگیرکاری کوردستان.

کورد لە ڕۆژئاوای کوردستاندا بە بەرداشی بەرژەوەندیی جەمسەرەکان دەهاڕدرێت، هەر جەمسەرە لەسەر جەستەی کورد ئامانجێیەتی ئەوە بچنێتەوە کە لەگەڵ بەرژەوەندیی خۆی یەکانگیرە. زۆر لە سەرکردەکانی ئەمریکا وەک لیدسی گراهام، نیکی هالیی، لیز چێنی، میت ڕۆمنێی و چەندان سیاسەتمەداری تر لە هەردوو پارتی کۆماری و دیموکراتی دژی ئەو بڕیارەی سەرۆکی ئەمریکا (ترامپ)ن، ئەوان پێیان وایە کە کشانەوەی ئەمریکا لە باکووری سووریا ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی دووبارە داعش سەرهەڵبداتەوە و نفوزی تورکیا و ڕووسیا و ئێران و بەشار ئەسەد زیاتر و زیاتر بێت. ئەوان ئەو پرسیارە لە خۆیان دەکەن کە ئەگەر ئێمە کشانەوە، کێ ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە کە ئێمە بەجێ دەهێڵین؟ پێشتر سەرکردەکانی پێنتاگۆن بە بەرپرسەکانی تورکیایان ڕاگەیاندبوو کە هێرشی یەکلایەنەی تورکیا کێشە بۆ تورکیا دروست دەکات، پێنتاگۆن پێیان وابوو کە بە هەماهەنگی زیاتر دەتوانرێت سەقامگیری بەدەست بهێنرێت. یەکێک لە سەرکردەکانی پێنتاگۆن بە ڕۆژنامەی (فۆرێن پۆلیسی) ڕاگەیاند کە ئێمە ئاگادار بووین لە پەیوەندیی نێوان سەرکردایەتی سیاسی تورکیا و ئەمریکا، بەڵام باوەڕمان نەدەکرد کە ترامپ ڕازی دەبێت بە داوای تورکیا. ئەو گوتی، هەموو سەرکردە باڵاکانی پێنتاگۆن دژی ئەو بڕیارەی (ترامپ)ن. ترامپ نایەوێت ببینێت کە سووریا نرخێکی ستراتیژیی هەیە بۆ ئەمریکا، هەروەها ئەو نایەوێت تورکیا لەدەست بدات بەتایبەتی کە ئێستا گەمارۆ ئابووریەکانی سەر ئێران توندتر بووە، ئەمریکا دەیەوێت هەم تورکیا لە ڕووسیا دوور بکەوێتەوە و هەمیش یارمەتیی ئێران نەدات بۆ دەربازبوون لە گەمارۆ ئابووریەکان لەسەری کە ئێستا بەهۆیەوە کەوتووەتە ناو بارودۆخێکی دژوارەوە. کوردانی ڕۆژئاوا ئەمجارە کارتی بەهێزیان لەبەردەستدایە، ئەوان دەتوانن داوای یارمەتی لە ئەورووپا بکەن، بەتایبەتی کە ئێستا تورکیا و یەکێتیی ئەورووپا پەیوەندییان باش نییە بەتایبەتی لەسەر مەسەلەی پەنابەرەکان، هەروەها پەیوەندیی یەکێتیی ئەورووپا و ئەمریکاش کەمێک گرژیی تێدایە، ئەوان دەتوانن ئەو هەلە بقۆزنەوە بە سوودی خۆیان. هەروەها ئەوان دەتوانن دەرگای ئەو کەمپانە بکەنەوە کە چەکدارەکانی داعش تێیدا زیندانی کراون بۆ ئەوەی لە شەڕدا بەکاری بێنن، ئەوان دەتوانن نزیکەی دە هەزار چەکدار ئازاد بکەن و دوو هەزار بیانیش لەدەستیان هەڵبێن، بەداخەوە ئەگەر ئەمە ڕوو بدات کارەسات ڕوو دەدات لە سووریا بەتایبەتی و لە ناوچەکە بەگشتی. سەرکردە سەربازییەکانی ئەمریکا ئەو مەترسییەیان بە کۆشکی سپی ڕاگەیاندووە. هەموو لایەنە سیاسییەکانی کورد لە چوارچێوەی یەک گوتاری نەتەوەیی هاوبەشدا داوا لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان ، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، یەکێتی ئەورووپا و ئیسرائیل بکەن کە تورکیا بەم بڕیارەی دەستدرێژیکارییەیدا بچێتەوە و بە زووترین کات خواستی تەماحکارانەی بۆ دەستەوەدان لە خاکی وڵاتێکی دروستکردنی ناوچەی دژەفڕین لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا و پێدانی چوار ملیۆن پەناهەندەکە بە ڕۆژئاوای کوردستان، تا لەڕێر چاودێری و هاوکاری کومەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە تورکیاوە بگوازرێنەوە سوریا و لەوێ ئاسایشیان بپارێزرێت، تا چیتر تورکیا ئەم ئاوارانەی سوریا بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان بەکارنەهێنێت. بەدڵنیاییەوە، ئەم تەنگژەیەی ئێستا لە ئاراداییە ڕاگوزەرە، دواجار بە قازانجی ڕۆژئاوای کوردستان دەشکێتەوە، بەدڵنیاییەوە، هەوڵەکانی سەرۆک بارزانی چۆن توانیی ڕێگری لە کەوتنی کۆبانێ بکات و ئینجا پیلانگێڕی دژی هەرێمی کوردستانی لە پردێ و سحێلا مایەپووچ کرد، لە ئێستاشدا گشت هەوڵەکانی خستۆتەگەر بۆ تێکشکاندنی ئەو پیلانگێڕییە و ڕێگریکردن لە سوپای تورک بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان. ئێستا ڕۆژئاوا، لە باکووردا لەبەردەم هێرش و پەلاماری مەترسیداری کارەسات خوڵقێنەری سامناک و لە باشوورێش لەبەردەم هەوڵ و کۆششە مەزنەکانی سەرۆک بارزانی دایە. بۆ هەموو ئەو لایەن و کەس و وڵاتانەی نەخشە ڕێگای سەرۆک "بارزانی"یان بۆ ڕۆژئاوا بەهەند وەرنەگرت، فریادڕەسیی ڕابەر و سەرۆک بارزانی، ئەو سەرۆکەی خوێنی کوردی لەلا بەبەهاترە لە پارە و چەک و پرسی کوردیش وەک پرسێکی ڕەوای نەتەوەیی دەبینێ، ئەوجارەش بەهانای ڕۆژئاوا دەچێت. لە ئاستی هزر و نەخشە ڕێگای بارزانی سەرۆک و ڕابەرەوە، ئەو خاڵە گەش و ئومێدە مەزنە وا وەک خۆری دەم ئاسۆ گەشە کە تیشکی زێرینی پەخش دەکا.

وون بوون

سیدی تایبەت بە ئۆتومبیلی ژمارە (٥٢٢٠٤/ کاتی سلێمانی) تایبەت جۆری نیسان قیرسا مۆدێل (٢٠١٨) بەناوی (کۆمپانیای خلیل محمد علی) وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

* * *

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٣ هەولێر ژمارەی پسوولە ٧٠٣١٢٦ بەروار ٢٠١٧/٣/٦ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ بەناوی خدیجە صالح شێخو وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

* * *

وون بوون

ناسنامەی پێشمەرگە لەوەزارەتی پێشمەرگە یەکەی ٨٠ فەلەك بەناوی سایب حربی رمضان وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

* * *

وون بوون

نووسراوی گومرگی ابراهیم خلیل بەناوی کۆمپانیای ساز ژمارەی نووسراو: ١٧١٣٤ بەرواری نووسراو ٢٠١٩/٥/٢٣ جۆری ئۆتومبێل: تویوتا لاندگروز ڕەنگی: ڕەش مۆدێل ٢٠١٩ ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٥٤١٤ کاتی دهوك ژمارەی شاصی: JTMHU٠١J٥K٥١٥٥٩٢٤ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

* * *

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای هیبە جۆری ئۆتۆمبێل: حفارە زنجیر ڤولفو حجم کبیر ڕەنگ پرتقالی + نفطی مۆدێل: ٢٠٠٢ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٢١٩٣٥ کاتی ژمارەی شاصی: ECC٤٠BNLCV١٠٢٣٣ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

* * *

وون بوون

کارتی زانیاری نوسینگەی تەق تەق بەناوی(سەربەست هدایت نادر) وون بووە، هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٥٠٦٣٤٣١٣٧)

* * *

وون بوون

سالانەی ئۆتۆمبێلی جۆری مازدا صالون مۆدیل(١٩٩١) ڕەنگی فضی ژمارە ٢٩٦٢٧٧/اربیل/ خصوصی بەناوی(ئاکار غریب حمەلاو) هەواڵدەر بەناوی(سەرکەوت طاهروك)ون بووە، هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٥٠٣٥٨٠٧٠٤)

* * *

وون بوون

کارتی زانیاری نوسینگەی تەق تەق بەناوی(رابەر لطیف رشید) ون بووە، هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٧٠٤٤٩٤٨٩١)

* * *

بەرزەبون

بەرزەبونا باجا قوتابی (هوگر رشید معروف) زانکویا نەوروز کولیژا زمان و ئەدەبێ کوردی ئەڤجا هیڤی یە هەرکەسێ ببینت بلا پەیوندییێ بڤێ ژمارێ بکەت ٠٧٥٠٤٧٠٤٧٣١ دگەل سوپاسیا.

* * *

مديرية تنفيذ زاخو

العدد: ٧٥ /تنفيذ/ ٢٠١٧
التاريخ: ٢٠١٩/١٠/٩

اعلان

قررت هذه المديرية الاعلان عن بيع كامل العقار المرقم (٥ / ١٣٦٥) مقاطعة ١٤ عباسية الواقع في زاخو محلة كاوه والمسجل باسم المدين (عبدالله عمر يوسف) والمحجوز لقاء دين الدائن (محمد طه محمد) والبالغ (٣٢,٠٠٠,٠٠٠) اثنان وثلاثون مليون دينار عراقي، فعلى الراغب بالشراء مراجعة هذه المديرية خلال مدة (٣٠)ثلاثون يوما تبدأ من اليوم التالي للنشر مسطحا معه التامينات القانونية البالغة (١٠٪) من القيمة المقدرة والبالغة (١٣١,٨٦٠,٠٠٠) مائة واحدى وثلاثون مليون وثمانمائة وستون الف دينار عراقي وكذلك جلب شهادة الجنسية العراقية , علما ان رسم التسجيل والدلالية تقع على عاتق المشتري .

منفذ عدل زاخو/ خضر محمد حسن

المواصفات :

١- الموقع / زاخو .
٢- الرقم / ٥ / ١٣٦٥ مقاطعة ١٤ عباسية .
٣- الجنس والنوع / دار سكن .
٤- الحدود والاوصاف / دار سكني يشمل ثلاثة طابق : الطابق الارضي (غرفة نوم واستقبال و مطبخ وصحيات و درج الداغلي)
الطابق الاول (اربع غرفة وهول وصحيات)
و طابق الثاني (غرفة نوم واحدة وهول و صحيات)
٥- المساحة / ١٩٠ م٢ .
٦- القيمة المقدرة / (١٣١,٨٦٠,٠٠٠) مائة واحدى وثلاثون مليون وثمانمائة وستون الف دينار عراقي

* * *

محكمة المواد الشخصية في الشمال

اعلان

الى المدعوه : مسرى خلف عمر

للطلب المقدم من قبل المستدعي (فرحان جردو كندور) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول

القاضي الاول/ سعود حمود الذعار

* * *

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقوده : ميناء مروان الياس

قدمت السيده / مهديه بشار قاسم طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي الاول/ سعود حمود الذعار

* * *

محكمة المواد الشخصية في الشمال

اعلان

الى المدعو : خليل ابراهيم اسماعيل

للطلب المقدم من قبل المستدعي (احمد ابراهيم اسماعيل) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول

القاضي الاول / سعود حمود الذعار

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوەو
نیشتەجێکردن/ هەولێر
ڕێگاوبان/ بەشی پلان
بڵاوکردنەوە
(ریکلام)
MOCH/GDRB-E (١٩-١١-٢٠١٠)

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی هەولێر/ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان/ عیراق بانگهێشتکردنی گشت بەڵێندەرانی پسپۆری ڕێگاوبان دەکات پۆلینی هەردوو ژمارە (١ ، ٢) ئەوانەی ئارەزووی بەشداریکردنیان هەیە لە کێبرکێکردندا لە کەم کردنەوەی جێبەجێکردنی پرۆژەی (چاککردنەوەو قیرتاوکردنی ڕێگای ناحیەی (سکتان) بەدرێژی (٢٠)کم کە دەکەوێتە نێوان گوندی هیزڕپ و ناحیەی هیران) بۆیە داواکارین لەگشت ئەو بەڵێندەرانە بە پێشکەش کردنی توانا (تەکنیکێکانیان و دارایی و کارگەکان و مەکینەکان وە ستافی بە ئەزموون و شارەزاییەکانیان و کارە ئەنجامدراوەکانی هەمە چەشنەکان لەم بوارەدا) بۆ ئەوەی لەلایەن لیژنەی تایبەت بەم بابەتە دەست نیشان بکرێت (هەڵبژێردرێت) بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە دوای سپاردنی پرۆژەکە بە کۆمپانیای یان بەڵێندەری شیاو وە بەگوێرەی ڕێنماییەکانی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتییەکان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٦)ی وەزارەتی پلان دانان لە هەرێمی کوردستان/ عیراق.

کۆدی پرۆژە:- MOCH/GDRB-E (١٩-١١-٢٠١٠)

(چاککردنەوەو قیرتاوکردنی ڕێگای ناحیەی (سکتان) بەدرێژی (٢٠)کم کە دەکەوێتە نێوان گوندی هیزڕپ و ناحیەی هیران) لە ناحیەی (سکتان) سەر بە قەزای (کۆیە) وە بەستنەوەی بەرێگای سەرەکی جووت سایدی (سلێمانی- چوارقورنە) بەدرێژی (٢٠)کم وە پانی (١٢,٥)م.

ئەو تێبینیانەی پێویستە ڕەچاوبکرێت:-

١- هەر داواکارییەك بەگوێرەی ڕێنماییەکان نەبوو یان بەدوور بۆ لە مەرجەکان و ڕێنماییەکانی کەم کردنەوەی گشتییەکانی ئاماژە پێکراو لەسەرەوە دوور دەخرێتەوە لەم پێشبڕکێیە.

٢- نابێت هیچ دوکیومەنتێکی کەمکردنەوە ڕەش کردنەوە یان چاککردنەوەو دەستکاری کردن بکرێت لە برگەکان یان لە ژمارەکان لەهەر خشتەیەك یان زانیاریەك دەبێت گشت زانیاریەکان ڕاست و دروست بن و گشتگیر بن .

٣- تێچووی ئەم ڕێکلامە بەتەواوەتی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایە یان بەڵێندەرەی پرۆژەکەی بۆ دەردەچێت.

٤- ئەم کەمکردنەوەی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەکرێت پڕ بکرێتەوە.

٥- ڕۆژی وەرگرتنی ئەم دوکیومەنتانە (لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم اعلانە لە ڕۆژنامەکانی کوردستاندا) وە بۆ ماوەی یەك هەفتە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی.

٦- کڕین و وەرگرتنی دوکیومەنتەکانی ئەم کەمکردنەوەیە بۆ ئەم پرۆژەیە لەلایەن (بەشی ژمێریاری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتییان) بەرامبەر بە (٢٥٠,٠٠٠) دینار (تەنها دوو سەد و پەنجا هەزار دینار) دەبێت. بەبێ گەڕاندنەوە وە ڕادەستی بەشی (یاسایی لەهەمان بەڕێوەبەرایەتی گشتی) دەکرێت دوای یەك هەفتە لە ڕۆژی وەرگرتن کە دەکاتە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٢٢) کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ کە دەکاتە دوا ڕۆژی وەرگرتن.

خاوەن کار/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبانی هەولێر/ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن/ هەرێمی کوردستان/ عیراق هەر پرسیارێك دەربارەی ئەم کەم کردنەوەیە دەتوانرێت پەیوەندی بکرێت بە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبانی هەولێر نزیك کۆلیجی کارگێری و ئابووری بەشی بەدواداچوون ژمارەی تەلەفۆن (٠٠٩٦٤٧٥٠٤٥٢٨٨٥٩)

٧- بەهیچ شێوەیەك جیاوازی یان پێشخستن ناکرێت لەنێوان بەڵێندەران و مەرج نیە خاوەن کار کەمترین نرخ وەربگرێت (قبوڵ بکات).

٨- ناکرێت دوای دەرچوونی ئەم پرۆژەیە بۆ هەر بەڵێندەرێك کەمکردنەوەکە بفرۆشێت یان بیداتە هەر بەڵێندەرێك یان کۆمپانیایەکی تر هەروەها نابێت لە (٣٠٪) کارەکانی کارەکانی ئەم پرۆژەیە زیاتر بدرێت بەبەڵێندەری لاوەکی بە ڕەزامەندی خاوەن کار بۆ جێبەجێکردنی هەر بڕگەیەك یان زیاتر بەپێچەوانەوە سزا دەدرێت بەگوێرەی یاسا و ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٩- پێویستە لەسەر کۆمپانیاکان یان بەڵێندەرانی بەشدار بوو لەم کردنەوەیە بەووردی و ڕوونی گشت دیاری کراو لەسەرەوە وە خاوەن کار بەهیچ شێوەیەك بەرپرسیارێتییەك بەرامبەر بە داواکاری ئەم کەم کردنەوەیە هەڵنەگرێت.

ئەندازیار/ هونەر نوری وەلی
ب.گ.ڕێگاوبانی هەولێر

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/٣٥٢٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٠
ئاگاداری
بۆ/ شیروان محمد احمد

لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە ئامادە بێیت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (رفیق محی الدین حجو) کە بڕی (١٠٤,٤٠٠,٠٠٠) سەدو چوار ملیۆن و چوار سەد هەزار دینارە. ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.

جێبەجێکاری داد/ کالێ قادر پیرۆت

* * *

بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سێ
بەشی/ کارگێری

ژمارە: ٣٧٥٦/١٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٠
بۆ/ سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
وونبوونی دەفتەری ئاگادارکردنەوە

ئاگاداری بەڕێزتان دەکەینەوە کەوا دانیەك لە دەفتەری ئاگادارکردنەوە (دفتر انذار) بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیمان کە لە ژمارە (١٤٥٥١) دەست پێ دەکات لە ژمارە (١٤٥٦٠٠) کۆتایی دێت وون بووە ئێستا کاری پێ ناکرێت.

ئەندازیار/ کارزان عبدالهادی طه
بەڕێوەبەری شارەوانی سێ

* * *

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر

ژمارە: ١٠٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٤
ئاگاداری

لەسەر داوای هاوڵاتی (قادر مصطفی قادر برایم) نەوەی (مصطفی قادر برایم) سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵدەستێت بە ڕاستکردنەوەی ناو:-

لە (مصطفی قادر ابراهیم) بۆ (مصطفی قادر برایم) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە (٨٦) کەرتی ٨٣/ قلاسنج سەروو, کە لەساڵانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراوە, پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکات لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٢٩) کارەکەمان ئەنجام دەدەین.

کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە

* * *

ڕێقەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پاریزگەها دهوکێ
بەشێ مولك و زەفی و زار

ژمارە: ٣٠/٣٠٠/١/١
ڕێکەفت: ٢٠١٩/١٠/١٣
ئاگەهداری

لدویف یاسا فروتن و کڕیکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا ساڵا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر قی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کڕیکرنا دوویێ بو جارا دووێ ڕادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کڕیدانا (گوڕەپانا ڕاوەستاندنا ترومبێلا و شیشتنا ترومبیلا) لسەر پارچە ئەردی یا ژمارە (١/ ٦٤٨٠) کەرتی ١١ سێمێلێ ب ڕووبەرێ (١٥٣٣,٦) بو ماوێ ٢ دوو ساڵا و هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئیك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا سێمێلێ بکەت د ماوێ ١٥ پازدە ڕۆژا دا ژ بەلافکرنا قێ ئاگەهداریێ د ڕۆژنامێ دا و ئەڤ سەرئیك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا سێمێلێ دەم ژمێر دوازدەی نیڤڕۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.

ئەندازیار/ دیار بحری رسول
ڕێڤەبەرێ گشتی

* * *

داد گەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٨١٠/ش/ ٢٠١٩
ڕێکەوتی / ٢٠١٩/١٠/١٤
ڕاگەهاندن

بو / داوالێکراو : هوار عبدالسلام حبیب

ل دیف داخوازا داواکار(جوان جمال ناصر) وکێشا ژمارە (٨١٠/ش/٢٠١٩) کو تێدا داخوازا ژیکڤەبون (التفریق) ، و ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (زاخو) یا ژمارە (٢٩٤٧) ل (٢٠١٩/١٠/١) و نڤیسارا هەلبژارێ تاخا (صلاح الدین /٢) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامیت ڕۆژانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل ڕۆژا (٢٠١٩/١٠/٢٣) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕێکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .

دادوەر / دارا طاهر توفیق

* * *

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

دعوة عطاء

تجهيز و نصب محولة كهرباء سعة KVA 2000 لمحطة معالجة ماء المقدادية في محافظة ديالى

1- المتطلبات: يدعو مكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين في العراق – بغداد الشركات ذات الكفاءة والمسجلة أصولياً لدى الحكومة العراقية لتقديم عطاءها لتجهيز و نصب محولة كهرباء سعة KVA 2000 لمحطة معالجة ماء المقدادية في محافظة ديالى.

.

رقم العطاء	تفاصيل المادة	يمكن الحصول على أوراق العطاء من خلال الرابط التالي:
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/ITB/454	تجهيز و نصب محولة كهرباء سعة KVA 2000 لمحطة معالجة ماء المقدادية في محافظة ديالى	https://www.ungm.org/Public/Notice/98414 كذلك يمكنك طلب أوراق العطاء من خلال إرسال إيميل الى IRQBASUP@UNHCR.ORG والرجاء كتابة رقم العطاء أدناه في إيميل الطلب HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/ITB/454

2- توقيتات مهمة:

الإجراءات	التاريخ والوقت – بتوقيت العراق
موعد زيارة الموقع الاختياري	27 تشرين الاول 2019
اخر موعد لإستلام الأسئلة / الإستفسارات للعطاء	29 تشرين الاول 2019 الساعة 23:59 توقيت العراق
اخر موعد لإستلام العطاءات / تاريخ غلق العطاء	09 تشرين الثاني 2019 الساعة 23:59 توقيت العراق

ملاحظة : عطاءات مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين هي مجانية وليس هناك أي مبالغ تدفع مقابل الحصول على هذه العطاءات .
يمكنكم الحصول على أوراق العطاء من خلال موقع الأمم المتحدة للسوق العالمية ***UNGM*** أو من خلال إرسال طلب عن طريق الأيميل
IRQBASUP@UNHCR.ORG

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

INVITATION TO BID (ITB)

For provision and installation of 2000 KVA transformer for Al Mukdadiya Water Treatment Plant in Diyala Governorate of Iraq

1. Requirement:

The Office of the United Nations High Commissioner for Refugees (UNHCR) in Baghdad invites qualified companies to make a firm offer for provision and installation of 2000 KVA transformer for Al Mukdadiya Water Treatment Plant in Diyala Governorate of Iraq

Tender Reference Number	Tender Item Description	Tender Documents
HCR/IRQ/BGD/2019/ITB//454	**For** provision and installation of 2000 KVA transformer for Al Mukdadiya Water Treatment Plant in Diyala Governorate of Iraq	**The RFP document available at the link below for downloading:** https://www.ungm.org/Public/Notice/98414 **The RFP documents can also be requested by sending an email to:** IRQBASUP@UNHCR.ORG **Please quote reference HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/ITB/454 in the subject**

2. IMPORTANT DATES FOR THIS RFP:

Calendar of Activities		
The above dates are tentative and may vary from actual dates, UNHCR will provide additional notice if needed		
No	Action description	Dates
1	Tender issuance	13 October 2019
2	Optional Site Visit	27 October 2019 at 10:00 am, Iraq time
3	Closing date for the clarifications	29 October 2019 23:59 hrs., Iraq time
4	Closing date for submission of proposals	09 November 2019 – 23:59 hrs, Iraq time

Note: UNHCR tenders are free of charge, no fees are charged to download the tender documents from the UNGM website

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٨١٣/ش/ ٢٠١٩
رێکەوتی / ٢٠١٩/١٠/١٤
راگەهاندن
بو / داواکارێ : دعاء مجيد عباس
ل دیف داخوازا داواکاری (قاسم یاسین تحلو) وکێشا ژمارە (٨١٣/ش/٢٠١٩) کو تێدا داخوازا پەسەندا مارەبرینا دەرەکی یا ل ناڤبەرا تە و کورێ داواکاری (دلشاد قاسم یاسین) ل (٢٠١٢/٧/٣٠) و گەهاندنا رەها زاروکێ ناکام (هڤال) ژ دایک بووی (٢٠١٣/٧/٣٠) بوتە و بو کورێ داواکاری یێ مریە ل (٢٠١٤/٩/٢) (دلشاد قاسم یاسین) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن (سیمالکا) یاژمارە (٣٣٥٩) ل (٢٠١٩/١٠/٨) و نڤیسارا بەربژارێ تاخێ (سیمالکا) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل روژا ٢٠١٩/١٠/٢٣ ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بریکارەکێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن.
دادەر / دارا طاهر توفيق
* * *
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تومارکردنی خانووبەرە رێڤەبەریا تومارکرنا خانووبەرە ل زاخو
ئاگاداری
بریاری چەسپاندنی خاوەندارییەتی سەرلەنوێ بشت بە چەسپاوبونی خاوەندارییەتی تەواوی خانووبەرە ژمارە (١٠٨٧/٣٢) کەرتی (٩١ جوار زاخو) بە ناوی داواکار تومارکردن (جمعة حسن علی) بە پێ ی بریار چەسپاندنی خاوەندارییەتی لە روژی ٢٠١٩/١٠/١٣ کە لەم فەرمانگایە دەرچوویە ، لەبەر ئەوە ئێمە ئەم بریارە دەدینە ئاگادارکردن ئنجا هەر کەسێ پەیوەندییێک بدم خانووبەرە یە هەبیت داوای خوی پێشکێشی دادگای پەیوەندیدار بکات لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە رۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداری یەوە، دوای تەواوبوونی ماوەیە بە پێی و دیاربوونی هیچ ئاگادارییێک لە دادگا بە پێشکێشکردنی داواییک لەو ماوەی دیارکراو ئەم فەرمانگایە دەست بە تومارکردنی دەکات بە پێ ی فەرمانی چەسپاندی خاوەندارییەتی.
دادەر/ يوسف الياس سدن
سەرۆکێ لیژنەی چەسپاندن
خاوەندارییەتی لە زاخو
* * *
دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/ ١٢٨٣ /ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ١٣ /٢٠١٩/١٠
راگەهاندن
بو/داوالێکری (فاطمە علی عابدیان) ل دویڤ داخازیا داواکار (فرهاد صالح حسن) و(عماد صالح حسن)و(امین صالح حسن) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داوا دکەن رەچەلەك سەماندنا وان (اثبات نسب) ژ تە و ژ بابێ وان بهێتەکرن وژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دویڤ نڤیسارا بەربژارێ دادی ل دهوکێ ژمارە (٢٦٧٥) رێکەفتی ٢٠١٩/١٠/١٤ وڤەژارا هەلبژێری تاخێ سەرهلدان رێکەفتی ٢٠١٩/١٠/١٣ ڤێ دادکەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریارا ڤێ دادگەهێ بریکا دوو روژنامێن نافخویی لدویڤ مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی وتە مافێ نەرازیبونی وپیداچوونی هەبە دماوی یاسایی دا بەروڤاژی دی بریار پلا ڤەبر وەرگریت ل دیف یاسایی
دادەر / ریبوار محمد حسن
* * *
دادگای باری کەسایەتی دیرالوك
ژمارە/ ٢٥٤/ش/٢٠١٩
رێکەفت/١٣/١٠/٢٠١٩
ئاگاداری
داواکار / ازاد صبری علی
داوالێکراو / سلڤانا کنتافا
بو داوالێکراو (سلڤانا کنتافا) جهێ ئاکنجیبونا تە نەدیارە ڤێ دادگەهی بریاردا ل ریکەفتی ٢٠١٩/١٠/٨ داوایا شەرعی یا ژمارە ٢٥٤/ش/٢٠١٩ ب سەلماندنا تەلاقا دەرەکی یا داواکاری (ازاد صبری علی) دگەل تە هاتیە کرن ل رێکەفتی ٢٠١٩/٩/٢٣ کو دهێتە هژمارتن تەلاقا رجعی بو جارا نێکێ ژبەر کو جهێ ئاکنجیبونا تە ل دیف پەسەندا هەلبژێرێ ناحیا شیلادزی ئەوا هاوپێچ دناڤ داوای یدا نەدیارە بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بهێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت نافخویی تە مافێ نەرازی بونێ هەیە لسەر بریارا ناڤبری لماوی یاسایی دا بەروڤاژی ڤێ چەندی بریار دێ پلا ڤەبری وەرگریت
دادەر / ئەڤراز مصطفى طه
* * *
ئاگاداری
گۆڤاری کاغەزی بەناوی (Mofidkar) کە خاوەن ئیمتیازەکە و سەرنووسەرەکەی (هێرش یوسف اسماعیل)ە بارەگای سەرەکی لەشاری هەولێر گەرەکی ئەفسەران شەقامی هۆلی زەرد نزیک چواریانی (٤٠م) بە زمانی کوردی بەشێوەیەکی (وەرزی) دەردەچێت هەرکەسێك تێبینی یان لاری هەیە با پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنانەوە بکات (٠٧٥٠٧٥٨٨٠٠٠).
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:٧٦٠/ش/٢٠١٩/٢
رێکەوت:٢٠١٩/٩/٢٩
جاردان
بۆ داوالێکراو علی صبحی طه
طیب شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە ٧٦٠/ش/٢٠١٩/٢ وە لەبەرواری ٢٠١٩/٩/١٥ بریاریدا لەسەر (اثبات زواج و نسب) لەنێوان تۆ و داواکار فین رمضان مجید لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری قەزای ئاکری گەرەکی گوراڤا بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە رۆژ لە رۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جارانە، بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.
دادەر/طارق حسين كريم
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە: ١٤١٧/ش/٢٠١٩/٣
رێکەوت:٢٠١٩/١٠/١٠
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (لقمان مصطفى ابراهيم) شوێنی دانیشتنت نادیارە
ئامازە بەداوای ژمارە (١٤١٧/ش/٢٠١٩/٣) دادگا بریاری دا لەسەر (جیابوونەوە لەبەر زیانپێگەیاندن) لەم دادگایە لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٢ لەنێوان داواکار (ایمان حمادی عبدالله) و داوالێکراو لقمان مصطفى ابراهيم) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی هەڤاڵان) بۆیە دادگا بریاری دا بەپێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی و رۆژانە و تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەی یاسایی ١٠ دە رۆژ لە رۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جارانە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.
دادەر/ صباح قادر كاملا
* * *

HANDICAP INTERNATIONAL

دعوة للعطاء

أجهزة مساعدة التنقل ، الجبائر الجاهزة ، مواد محددة

IRAQ/2019/CFT–002/AD

١-الكراسي المتحركة ٢- مواد مساعدة للمشي ٣-مواد ٤-معدات العلاج الطبيعي

يتم إعطاء جميع المواصفات الفنية بما في ذلك المؤثرات البصرية كمرجع في كل قطعة ، باللغة الإنجليزية ، والتي يمكن جمعها مجانًا من قبل جميع مقدمي العروض المهتمين من العنوان التالي:

المنظمة الدولية للإعاقة - العراق

مكتب أربيل: حي أشتي ، منزل رقم ٥/٢٧٠/٧٢٠ ، عينكاوا – أربيل

- مكتب بغداد: حي الوحدة ، شارع ٧٠ ، منزل ١٤ – بغداد

- مكتب الموصل: الزهور قطر ، ١٠٢٧/٢ ، ٤٤ ، الهاشمية – الموصل

- مكتب كركوك: مدينة نور ، مبنى رقم ٣٨٧ - كركوك

من الساعة ٠٩:٠٠ إلى الساعة ١٦:٠٠ أو قم بتنزيل المستندات مباشرة من www.ncciraq.org أو www.reliefweb.int

هذه المناقصة مفتوحة لجميع مقدمي العروض المؤهلين ومقدمي الخدمات. يجب على مقدمي العروض إرسال اقتراحهم على العنوان أعلاه وليس في موعد أقصاه يوم الأحد ٧ نوفمبر ، ٢٠١٩ ، الساعة ١٦:٠٠ (التوقيت الرسمي للعراق)

فقط في مظروف مختوم مع الإشارة والإشارة أدناه:

اسم الشركة لا يتم فتحه قبل الجلسة الافتتاحية للمناقصة / IRAQ/2019/CFT–002/AD

لن يتم النظر في أي طلبات بعد الموعد النهائي.

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

دعوة عطاء

اعادة تأهيل مديريات الاحوال المدنية في زمار , الربيعة , الكيارة و حمام العليل في مدينة الموصل

1- المتطلبات: يدعو مكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين في العراق – بغداد الشركات ذات الكفاءة والمسجلة أصولياً لدى الحكومة العراقية لتقديم عطاءها لأعادة تأهيل مديريات الاحوال المدنية في زمار , الربيعة , الكيارة و حمام العليل في مدينة الموصل.

رقم العطاء	تفاصيل المادة	يمكن الحصول على أوراق العطاء من خلال الرابط التالي:
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/455	اعادة تأهيل مديريات الاحوال المدنية في زمار , الربيعة , الكيارة و حمام العليل في مدينة الموصل	https://www.ungm.org/Public/Notice/98411 كذلك يمكنك طلب أوراق العطاء من خلال إرسال إيميل الى IRQBASUP@UNHCR.ORG والرجاء كتابة رقم العطاء أدناه في إيميل الطلب HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/455

2- توقيتات مهمة:

الإجراءات	التاريخ والوقت – بتوقيت العراق
مواعيد زيارة المواقع	03-05 تشرين الثاني 2019
اخر موعد لإستلام الأسئلة / الإستفسارات للعطاء	07 تشرين الثاني 2019 الساعة 23:59 توقيت العراق
اخر موعد لإستلام العطاءات / تاريخ غلق العطاء	12 تشرين الثاني 2019 الساعة 23:59 توقيت العراق

ملاحظة : عطاءات مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين هي مجانية وليس هناك أي مبالغ تدفع مقابل الحصول على هذه العطاءات .
يمكنكم الحصول على أوراق العطاء من خلال موقع الأمم المتحدة للسوق العالمية UNGM أو من خلال إرسال طلب عن طريق الأيميل
IRQBASUP@UNHCR.ORG

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

REQUEST FOR PROPOSAL (RFP)

Rehabilitation of Civil ID Affairs Offices in Zummar, Rabia'a, Qayarah and Hamam Al-Alil in Ninawa Governorate

1. Requirement:

The Office of the United Nations High Commissioner for Refugees (UNHCR) in Baghdad invites qualified companies to make a firm proposal for the rehabilitation of Civil ID Affairs Offices in Zummar, Rabia'a, Qayarah and Hamam Al-Alil in Ninawa Governorate.

Tender Reference Number	Tender Item Description	Tender Documents
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/455	Rehabilitation of Civil ID Affairs Offices in Zummar, Rabia'a, Qayarah and Hamam Al-Alil in Ninawa Governorate.	The RFP document available at the link below for downloading: https://www.ungm.org/Public/Notice/98411 The RFP documents can also be requested by sending an email to: IRQBASUP@UNHCR.ORG Please quote reference HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/455 in the subject

2. IMPORTANT DATES FOR THIS RFP:

Calendar of Activities		
The above dates are tentative and may vary from actual dates, UNHCR will provide additional notice if needed		
No	Action description	Dates
1	Tender issuance	13 October 2019
2	Closing date for the clarifications	07 November 2019, 23:59PM
3	Sites' visits Dates	03-05 November 2019
3	Closing date for submission of proposals	12 November 2019, 23:59PM

Note: UNHCR tenders are free of charge, no fees are charged to download the tender documents from the UNGM website

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٧٤٧٧
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٣
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (THYSSEN ERBIL ثیسن اربیل) بۆ (خزمەتگوزاری پیشەسازی و سەرخەر/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لیژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە:١٥٨٠٩/١٠
رێکەوت:٢٠١٩/١٠/١٤
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لیژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ئەم پارچە زەویانەی خوارەوە، بە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لیژنەی ئامادە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە رۆژی ١٥پازدە یەمین رۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە رۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەرۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- ژمارەی زەوی/ شوێنی ژمارە (٧) لەسەر پارچە زەوی ٧٥/٨٣٤ ك ٤٤ وارش روویەر/ ٢٥٠٠م جۆری بەکارهێنان/سوپەرمارکێت ماوەی بەکرێدان/ ١٥ ساڵ.
ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

www.xebat.net
سێ شەممە 2019/10/15 ژمارە (5849)
خەبات

دۆنالّد ترەمپ مەیلی هەڵگیرسانی شەڕی نییە!

و: خالید گەردی

لەکاتێکدا بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە بەرپرسیارێتی هێرشکردنە سەر دامەزراوە نەوتییەکانی سعودیە خراوەتە ئەستۆی ئێرانەوە، دۆنالّد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا بژاردەی بەکارهێنانی هێز لە دژی ئێران بەدوور دەزانێت، پێشتریش ترەمپ هەمان هەڵوێستی هاوشێوەی لەکاتی خستنەخوارەوەی فرۆکە بێ فڕۆکەوانە ئەمریکییەکە گرتەبەر، ماوەیەک لەمەو بەر جۆن بولّتونی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی لە پۆستەکەی دوورخستەوە، کە ناوبراو یەکێ بوو لەوانەی بە توندی داوای شەڕی لە دژی ئێران دەکرد، لەلایەکی دیکەوە دۆنالد ترەمپ، دوای دوایین هێرشی بزووتنەوەی تالیبانی ئەفغانی، دەستی بە گفتوگۆکرد، بەو ئامانجەی بە رێککەوتنی ئاشتی بگەن بە هۆیەوە بتوانێت سەربازەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان بکشێنێتەوە، هەروەها کۆتایی بەدرێژترین شەڕ کە سوپای ئەمریکا لە دەرەوە ئەنجامی دابێت بهێنێت.لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات: ئایا دەکرێ بگوترێت پێچەوانەی ئەوەی هەندێ وا باسی لێوە دەکەن، دۆنالّد ترەمپ کەسێکی شەڕخواز نییە؟



لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بۆ ساڵی 2016، هیلاری کلینتۆنی کاندیدی دیموکراتەکان و رکابەری ترەمپ، هۆشداری بە دەنگدەرە ئەمریکییەکان دەدا دەیگوت ترەمپ کەسێکە ناتوانێت کۆنترۆلی خۆی بکات ، ئەگەر کلیلی بۆمبی ئەتۆمی ئەمەریکا بکەوێتە ژێردەستییەوە لەوانەیە شەڕی ئەتۆمی هەڵبگیرسێنێت! لێدوانە تووندو تیژو ئاگرنییەکانی ترەمپیش کە سیاسەتی هێزی بەلاوە پەسندتربوو لە سیاسەتی دیبلۆماسی، وایکرد ئێستاش هەندێ لە ترەمپ بترسن شەڕێک هەڵگیرسێنی. لەبەر ئەوەی ترەمپ لەکاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، هەڵمەتەکەی لەسەر گەڕاندنەوەی پێگەی گەورەی جارانی ئەمەریکا چڕکردبۆوە، بانگەشەی دەکرد سەر لەنوێ ئەمەریکا بۆ پێگەی هێزی یەکەمی جیهانی دەگەڕێنێتەوە.لەکاتی قەیرانی ڤەنزەویلاش لە نێوان ساڵانی 2018و 2019 ترەمپ پەنابردنە بەر چارەسەری سەربازی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکە بەدوور نەزانی، لێدوانەکانی پەیامێکی وای بەدەستەوە دەدا گوایە پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ ولاّتی چیندا هەیە.سەرەڕای ئەمانەش، دۆنالّد ترەمپ بەشێوەیەکی بەرچاو بوودجەی سەربازی ولاّتەکەی زیاد کرد، کەخۆی هەر لەبنەڕەتەوە پێشتر بڕێکی زۆری بۆ تەرخان کرابوو، تەنیا لەماوەی دووساڵدا لە (600) ملیار دۆلارەوە گەیاندییە بری (720) ملیار دۆلار، جگە لەمەش ترەمپ بەبەردەوامی داوای لە ولاّتە هاوپەیمانە ئەورووپی و ئاسیاییەکانیشی دەکرد بڕی بوودجەی تەرخان کراو بۆ کاروباری سەربازی زیاد بکەن.

ئەوەی روونە ترەمپ مەبەستیەتی دەستبالاّیی ئەمەریکا بەسەر جیهان مسۆگەر بکات، بەڵام نایەوێت ئەو ئامانجەی لە سیاسەتی هەیمەنەتی لیبرالەکان کە لە ساڵی نەوەدەکان سەری هەڵدا یەک ناگرێتەوە. لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەم بۆچوونەی لەگەڵ رای گشتی ئەمەریکا یەک دەگرێتەوە کە مەیلی دەستێوەردانی دەرەکییان نییە ، لەمەدا ترەمپ پێی وایە پێشینەی کارەکانی پێویستە بۆ دابین کردنی پێداویستییە ناوخۆییەکانی ئەمەریکا بێت، وایدەبینێت گوشاری ئەمەریکا لە رووی ئابوورییەوە زۆر بەهێزترو کاریگەرترە، چونکە یاسای ئەمەریکا رێگای بە جێبەجێ کردنی یاسای لەدەرەوەی خاکی ئەمەریکاش داوە، ئەمەش هەلی بۆ ئەمەریکا رەخساندووە بێ ئەوەی پەنا بۆ دەستێوەردانی سەربازی ببات، ئیرادەی خۆی بەسەر ولاّتانی تر بسەپێنێت. لە رێگای دەستێوەردانی سەربازییەوە بهێنێتە دی، بەڵکو پێی وایە هەر لەکۆتایی شەڕی ساردەوە دەستێوەردانە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە جیهان سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە، ئەمە جگە لەوەی پێی وایە ئەمەریکا ناچار نییە دیموکراتییەت هاوردەی دەرەوە بکات، هەرچەند ئەم بۆچوونەی لەگەڵ لایەکی دیکەوە ترەمپ ئارەزووی کشانەوە لە ئەورووپاو ئاسیا دەکات، هەر بەهۆکارەشەوەیە داوا لە ولاّتە ئەورووپییەکان و کۆریای باشووری ژاپۆن دەکات، بودجەی سەربازییان زیاتر لکەن و چەکی زیاتر لە ئەمەریکا بکڕن.ئاشکرایە ترەمپ مەبەستیەتی لە رژێمی ئێران و فەنزەویلاو کوبا رزگاری بێت، بەڵام دەیەوێت ئەو مەبەستەی لە رێگای سەپاندنی سزای ئابووری و قەدەغەکردنی ئالوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ ئەو ولاّتانە بەدی بهێنێت نەک لە رێگای سەربازییەوە، بەو هیوایەیە قەدەغەکردنی کرینی نەوتی ئێران و فەنزەوێلا وا لەگەلانی ئەو ولاّتانە بکات لە دژی حکومەتەکانیان راپەڕن و بیان روخێنن، لە رێگای خستنی گوشاری زۆرەوە هەڕەشە لەو ولاّتانە دەکات ئەگەر نەوت لەو ولاّتانە بکڕن ئەوا نەک هەر بازاری ئەمەریکا بەرووباندا دادەخات، بەڵکو سزاشیان دەخاتە سەر.پوختەی قسەکە ئەوەیە ترەمپی تووندو دەستبالاّیە، بەڵام مەیلی هەڵگیرسانی شەڕی نییە.

باسکال بونیفاس * * بەڕێوەبەری پەیمانگای پەیوەندییە نێودەوڵەتیی و ستراتیژییەکان- پاریس
www.alittihad: سەرچاوە

کاریکاتێر



ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1913:
تەیمور بن فەیسەل بووە سولتانی عومان و مەسقەت .



ساڵی 1946:
دوای تۆمەتبارکردنی لە دادگای نۆرنبێرگ، هێرمان گۆرینگی سەرکردەی نازی خۆی کوشت .



ساڵی 1950:
هێزەکانی چین چوونە ناو خاکی کۆریا .



ساڵی 1969:
عەبدولڕەشید عەلی شارمارکی سەرۆکی سۆماڵ تیرۆر کرا .



ساڵی 2003:
ئیلهام عەلییێف وەک سەرۆکی ئازەربایجان هەڵبژێردرا .



ساڵی 2012:
حکومەتی فلیپین ڕێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ بەرەی مۆرۆی ئیسلامی مۆر کرد.



ڕێککەوتنی ئەستانە جێبەجێ کرا



ڕێبین ڕەحیم

ڕێککەوتنی ئەستانە بریتییە گەڕێکی دووردرێژی گفتوگۆی نێوان(ڕوسیا+تورکیا+ئێران) کە گروپە چەکدارەکانی ئەم وڵاتانەش تێیدا بەشداربوون لە کوشتنی خەڵکی سیڤیل و هەر گروپێکیان و وڵاتێکیان دروستیان کردوون و چەندین کۆبوونەوەی بۆ سازدرا تاسەرەنجام بەئەو درێژەنجامە گەشتن کە چەند ڕۆژە ئەزدۆغان جێبەجێی دەکات و جیهانیش بێدەنگی هەڵبژاردوە.

ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە:

ڕوسیا:

هەموو ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی (هەسەدە)دابوو کەنزیکەی سێ یەکی خاکی سوریا بوو بدرێتەوە بە ڕژێمی (بەشار ئەسەد) کە ڕوسەکان ئەمەیان بۆ زیندوکردنەوەی ئەسەدو ڕژێمەکەی پێویستە لەبەر ئیعتیباراتی سیاسی و دەستگرتن بەسەر سەرچاوەکانی وزەی ئەو ناوچانە چونکە نزیکەی لە(٤٪) ووزەی سوریا لەو ناوچانەدایە وە شتێکیش بەناوی خاوەندارێ ڕاستەقینەی سوریا و ئەسەد نەماوە دۆزی سوریا بەتەواوی لەدەستی پۆتین و ولاتەکەیدایەو ئەم هەنگاوەش یانی بەهێزتربوونی ڕوسەکان لەناوچەکەداو لاوازتربوونی هەژمونی ئەمریکی

تورکیا:

ئۆپەراسۆنی کۆتایی هێنان بەدەسەلاتی ڕۆژئاوای کوردستان ئەردۆغان جێبەجێی دەکات سوودی تورکیا لەم هەنگاوەدا کۆتایی هێنانە بەدەسەلاتی ڕۆژئاوای کوردستان و کاتۆنەکانی پەیەدە کە تورکیا بە هەڕەشەی دەزانێت بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆیی و وەشاندنی گورزی کەمەرشکێن لەتەواوی دۆزی کورد لەناوچەکە بەهەرێمی کوردستانیشەوە وە هەندێک دەستکەوتی ئابووری و نیشاندانی هێزی تورکی لەناوچەکەو جیهان

ئێران:

جێبەجێ بوونی ڕێککەوتنی ئەستانە ئێران ئامانجی ئانی و ستراتیژیشی هەیە کە ستراتیژیەکەی گرنگترە سوودی هەنوکەیی سوریای بەشار یانی پەلێکی بەهێزی ئێران و بلۆکی شیعی لە جیهاندا و بەهێزبوونەوەی بەشار سوودی بۆ ئێران دەبێت سوودی درێژخایەنیش ئێران لە کۆنترۆڵکردنی تەواوی سوریا ئەڵقەیەکی بەهێزی (هیلالی شیعی) تەکمیلە دەکات کە سەدان ساڵە خەونی پێوە دەبینێت بۆ ئێران تەواوکردنی هیلالی شیعی بۆ سوودی ئابووری و فیکری هەیەو زۆر واتابەخشە

ئەمەریکا چی؟

لەجێبەکردنی ئەم ڕێککەوتنەدا ئەمریکەکان دەست بەتاڵترین و سودێکی دیاریان نیە تەنها ئەوەندە هەیە کە ئیدارەی ترەمپ بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان خەریکی کشانەوەی هێزەکانیان لە سوریا چونکە ئەم هەڵوێستە بۆ کەسپکردنی دەنگدەرانی ئەمریکی سودێکی زۆری دەبێت چونکە بۆ چونێک لای ئامریکیەکان دروست بوە دەڵێن ئەوە نزیکەی بیست ساڵە لەشەڕادان و کاتی پشوەو دەبێت هێزەکانمان بگەڕێنینەوە بۆ وڵاتەکەمان ئەم هەنگاوەی ئیدارەی ترامپ هەڵەیەکی هاوشێوەی ئیدارەی ئۆبامایە کە هێزەکانی ئەمەریکای لەعێراق کشاندەوە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن ئەمەش سەرەتای دۆڕاندنی عێراق بوو بە ئێران وە لەسوریاش دۆڕاندنی سوریایە بۆ ڕوسیا کە بێگومان ئەم هەڵە ستراتیژیە گەورانە گورزی گەورە لە هەژمونی ئەمەریکا لەناوچەکە دەدات لە ئایندەی نەخشەڕێژکرنی سنوری وڵاتان و سەرچاوەکانی وزەی ناوچەکە ئەمەریکا دەست بەتاڵ دەبێت.

جەورهەرو ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتننامەیەی ئەستانە بریتیە لە دێڕێک ئەویش کۆتایی هێنان بە ئەزمونی ڕۆژئاوای کوردستان و لێدان و بچوککردنەوەی هەرێمی کوردستان و حکومڕانیەکەی و دۆزی نەتەوەیی کورد

زمانی ژمارە

ئەمەریکا و با و بۆران

ئا: ل. کاروباری نێودەوڵەتی:

بەم دواییانە گێژەڵوکی باری لە ویلایەتی لویزیانا هەڵیکرد و زیانێکی گەورەی لەدوای خۆی بەجێ هێشت.

بە گوێرەی ئەو زانایاریانەی کە بەم دواییە لەلایەن نوسینگەی ئاماری ئەمەریکیەوە بڵاوکراونەتەوە، نزیکەی 100 ملیۆن هاوڵاتی ئەمەریکی ، واتە 29%ی کۆی دانیشتوان لە ناوچە کەناراویەکان دەژین .

لە ماوەی نێوان ساڵانی 2000تا 2017 ژمارەی دانیشتوانی ناوچە کەناراویەکان بە ڕێژەی 15%زیادی کردووە .

لە ماوەی نێوان ساڵانی 2000تا 2017 نزیکەی 13 گێژەڵوک لە خاکی ئەمەریکایان داوە و 600ملیار دۆلار زیانیان بەو وڵاتە گەیاندووە .

کۆی زەرەر و زیانەکان

گێژەڵووکی هارڤی لە ساڵی 2017: 127.5 ملیار دۆلار.

گێژەڵووکی هارڤی لە ساڵی 2017: 127.5 ملیار دۆلار.

گێژەڵووکی ماسیۆ لە ساڵی2016: 10.6 ملیار دۆلار .

گێژەڵووکی ئیرما لە ساڵی 2008: 51 ملیار دۆلار .

گێژەڵووکی ئیکی لە ساڵی 2008: 35.7 ملیار دۆلار .

گێژەڵووکی کاترینا لە ساڵی 2005: 165 ملیار دۆلار .

گێژەڵووکی ویلما لە ساڵی 2005: 25.1 ملیار دۆلار .

گێژەڵووکی ریتا لە ساڵی 2005: 24.4 ملیار دۆلار .

گێژەڵووکی ئیڤان لە ساڵی 2004: 27.9 ملیار دۆلار .

گێژەڵووکی چارلی لە ساڵی 2004: 21.8 ملیار دۆلار .

گێژەڵووکی فرانسیس لە ساڵی 2004: 13.3 ملیار دۆلار .

گێژەڵووکی جین لە ساڵی 2004: 10.2 ملیار دۆلار .

گێژەڵووکی ئیرین لە ساڵی 2001: 15.4 ملیار دۆلار .



مانشێت



سکای نیوز:
وەک وەڵامێک بۆ خۆپیشاندەرانی هۆنگ کۆنگ ، سەرۆکی چین ڕایگەیاند ئەوانەی هەوڵی دابەشکردنی وڵاتەکەی دەدەن ، ئێسکەکانیان ورد و خاش دەکەن.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
دوای ئەوەی هەڕەشەی لێکرا ، جاستن ترۆدۆی سەرۆکوەزیرانی کەنەدا بە جلی گوللەنەبڕەوە بەشداری لە هەڵمەتێکی هەڵبژاردن کرد .



ئیلاف :
لە هەڵبژاردنی مەجەر ، باڵی ئۆپۆزسیۆن شارەوانی بۆدابێستی پایتەختی وەدەست هێنا.



ئەی ئێف پی :
حکومەتی ئیکوادۆر و دانیشتوانی ڕەسەنی ئەم وڵاتە سەبارەت بە سەرجەم کێشەکانی نێوانیان کۆبوونەوە .



فرانس 24:
لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی تونسدا، قەیس سەعید توانی 76%ی دەنگی خەڵک وەدەست بێنێ .



کەنالی ئار تی :
بە گوێرەی سەرچاوەکان ، بڕی قەردی نەتەوە یەکگرتوەکان لەلای ئەمەریکا ملیارێک دۆلاری تێپەڕاندووە .

www.xebat.net
سێ شەممە 2019/10/15 ژمارە (5849)
خەبات



چەند زانیارییەک سەبارەت بە ئاڵوباڵوو

دەرخـتـی ئـاڵـوبـاڵـوو لـە نـاوچـە تـورشی، هەروەها گەڵا بچوکەکانی یان سەرەتادا سەوزێکی ڕەقە پاشان دوای - 3.5 سانتیمەترە بە شێوەی هیشووە لە پێگەیشتن ڕەنگی دەگۆڕێت بۆ زەردێکی زێڕین.

کەمەرییەکاندا وەک هیندستان و مالیزیا و سریلانکا و ئەندەنوسیا هەیە. دەرختێکە گەشەکردنی خێرایە و بەرزییەکەی دەگاتە 18 مەتر و گەڵا وەریو. گەڵاکانی ئاوێتەیی پەڕەموچەییە لە نزیکەی 9- 25 گەڵای بچووک پێکهاتووە کە شێوەیان هێلکەییە و دڕێژییان 6- 10 سانتیمەتر دەبێت و دڕکدارن و گوڵەکانی ڕەنگیان سپییە و کەوتوونەتە پڕگەوە، بەرەکەشی شێوەی هێلکەییە و دڕێژییەکەی لە نێوان 2.5

ئاڵوباڵوو بە هۆی تۆز یان قاشووەوە زیاد دەکرێت. وەک سەرچاوەیەکی خۆراک بەکار دێت و گەڵاکانی وەک بەهارات بەکار دێت یان ڕاستەوخۆ دەخورێت وەک زەڵاتە و تامێکی تیژی هەیە. بەرهەمەکەی تامی ئەنەناس و مانگۆ دەدات بە خاوی و بە کوڵایی دەخورێت و دەکرێتە شەربەت و جەلی و مەربا و



چۆنیەتی دروستکردنی سرکە

سرکە بریتییە لە شلەیەکی بەرهەمهاتوو لە ئەنجامی کەمکردنەوەی خەستی ترشیی خەلیک بەهۆی ترشاندنی میوەی جیاواز. سرکە بۆ زۆر مەبەست بەکار دێت وەک چارەسەر و جوانکاری، هەروەها لە ئامادەکردنی جۆرەها چێشت بەکار دێت. زۆر جۆر سرکە هەیە وەک سرکەی سێو و سرکەی خورما و سرکەی تری.

بۆ دروستکردنی سرکەی سێو، 10 دانە سێو و بڕێک ئاو بەکار دێت. سەرەتا سێوەکان باش دەشۆردرێن و هەر دانەیەک دەکرێتە 4 لەت و لەسەر سینیەک ڕێز بەخاوی یان بەکوڵایی لەگەڵ گۆشت دەخورێت.

گیراوەی ئاڵوباڵوو بۆ چارەسەری هەوکردنی چاو بەکار دێت و گۆزپکەکانی بۆ چارەسەری خوێنبەربوون لە کاتی منداڵبوونداو بەکار دێت.

بەرهەمەکەی وەک هاندەر بۆ میزکردن بەکار دێت، هەروەها قاش قاش دەکرێت و تێکەڵ بە ئاو دەکرێت بۆ دابەزاندنی پەستانی خوێن.

دەکرێن و بەسەر والآیی لە پلەی گەرمی ژوور چێدەهێڵدرێت تا ئەو کاتەی ڕەنگی بۆ قاوەیی دەگۆڕێت، پاشان دەفرێکی شوشەی خاوێن ئامادە دەکرێت و سێوەکەی تێدا دادەندرێت و ڕێکدەخرێت بە مەرجێک دەفرەکە زارکەکەی گەورە بێت بۆ ئەوەی ئیشکردن تێدا ئاسان بێت، دوایی دەفرەکە ئاوی تێدەکرێت تا ئەو ئاستەی لەتە سێوەکان لە نێو ئاودا دەبن و زارکی دەفرەکە بە پارچە قوماشێکی خاوێن دادەپۆشرێت، بەڵام بە تۆندی نابەستریتەوە بۆ ئەوەی ئۆکسجین تێدا ڕەت بێت و دەفرەکە لە شوێنێکی وشک و تاریک دادەندرێت بە مەرجێک سارد نەبێت بەم شێوەیە جێدەهێڵدرێت بۆ ماوەی 6 مانگ، هەر حەفتەی جارێک جوولەی پێدەکرێت دوای تەواو بوونی کاتەکە چینێک بەکتریا لەسەر دەفرەکە دەبینرێت کە ئەلکهولکە دەگۆڕێت بۆ سرکە، دەستدەکرێت بە پاڵاوتنی گیراوەکە و لە دەفرێکی دیکە دادەندرێت کە زارکی بەرینە و بەهەمان شێوەی پێشووتر دایدەپۆشین بۆ ماوەی مانگێک بۆ مانگ و نیوێک دووبارە جێدەهێڵین. پاشان سرکەکە لە سارکەڕەوە هەڵدەگیرێت.

هۆکارەکانی قڵێشانی تووکڵی پرتەقاڵ



هۆکاری سەرەکی قڵێشانی تووکڵی پرتەقاڵ بۆ زێدەڕۆیی لە ئاودان دەگەڕێتەوە لە هەمانکاتدا بەرزی ئاوی ژێر زەوی هۆکارێکی دیکەیە، بۆیە پێویستە ماوەی ئاودان دوور بێت لە یەک کە ئەوەش ڕێگر دەبێت لە بڵاوبوونەوەی کەڕوو لە نێو باخدا بە هەمانشێوە نەبێتە هۆی قڵێشانی تووکڵ یان کەوتنی بەر کە هۆکارە بۆ کۆبوونەوەی کەڕوو لەسەریان و پاشان گواستنەوەی کەڕووەکە بۆ دارەکان، بۆیە لە کاتی بینینی بەری کەوتوو پێویستە کۆبکرێنەوە و لە نێو کیسەیەکی نایلۆن دابندرێن و دارکی کیسکە دابخرێت و دووایی لەبەر تیشکی خۆر دابندرێت بۆ ماوەی دوو حەفتە بۆ نەمانی کەڕووەکە.

قڵێشان کێشەیەکی گەورەیە بە تایبەتی بۆ لالەنگی هۆکارەکەشی بۆ گەورەبوونی بەر یان دروستبوونی بۆشایی دەگەڕێتەوە کە لەگەڵ گەورەبوندا تووکڵکەی دەقڵێشێنێ، هەروەها توشبوون بە مێروو لە شوێنی لکانی بەر بە دار دەبێتە هۆی لاوازبوونی گەشەی لایەکی بەرەکە و پێبدرێت بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە وەک تێنوو نەکردنی دار و گرنگی دان بە ئاودان، گرنگی دان بە پەینکردن بە کالیسیۆم و پۆتاس و تۆتیا هەر وەها هەڵپاچینی دژوار و زۆر بۆ دارەکە نەکرێت.

ئەوەو دەرکەوتنی لقوپۆپی سەوز کە ڕکابەری لەسەر هەڵمژینی کالیسیۆم و پۆتاس کە ئەوەش دەبێتە هۆی قڵێشانی تووکڵ ڕکابەرییەکە لە بەرژەوەندی گەڵاکان دەبێت لەسەر حیسابی بەرهەم. بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە دارەکان لە قۆناخی گوڵکردندا بە کالیسیۆم و بۆرۆن و ترشە ئەمینییەکان دەڕشێندرێت وێڕای ڕشاندنی بە کەڕووکۆژەکان وەک مانگۆزیب ڕاستەوخۆ دوای کەوتنی پەڕی گوڵەکان، هەروەها بۆ توشنەبوونی دارەکان بە کەڕوو کە هۆکاری قڵێشانە پێویستە دارەکان لە مانگی ئەیلوول و تشرینی یەکەم بە فۆسفیتی پۆتاس بڕشێندرێت.

چالاکوانێک لە بۆڕۆندی خەڵاتی پاراستنی دارستانی وەرگرت

چالاکوانێکی دارستان لە وڵاتی بۆڕۆندی بە ناوی (لیزنیداس نزیجیمبا) خەڵاتی (وانگاری ماتای) واتا پاڵەوانی دارستانی پێ درا وەک ڕیزلێنانێک بۆ پابندبوون و بەشداریکردنی بێ وێنەی بۆ باشکردن و پاراستنی دارستان و ژیانی نەتەوە ڕەسەنەکان و ئافرەت و گەنجی وڵاتەکەی.

ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکە لە پەرەوێزی کۆنگرەی جیهانی بیست و پێنجەم بۆ یەکێتی جیهانی ڕێکخراوی توێژینەوەکانی دارستان (IUFRO) بوو.

(نزیجیمبا) بەوە ناسراوە کە هەوڵی جدی داوە بۆ پاراستنی دارستانەکان تەنانەت هەندێک جار تەندروستی خودی خۆی خستۆتە مەترسییەوە بۆ دابینکردن ئاسایشی خۆراک و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی دانیشتوانی لۆکاڵ لە وڵاتەکەیدا، هەروەها ڕۆڵی هەبووە لە باشکردنی پەروەردە و فێرکردنی منداڵان لە زۆر بوارداو وەک ژینگە و چاکسازی و بەڕێوەبردنی دارستانەکان بە شێوەیەکی نوێبووەوە.

یەکێ لە دەستکەوتە زۆرەکانی (نزیجیمبا) یەکەم کەس بووە لە میزووی بۆڕۆندی هەوڵی داوە بەشداری بە نەتەوە ڕەسەنەکان بکات لە بەڕێوەبردنی نوێبووەوەی دارستانەکاندا، پەیوەندی بە 130 کەس کردووە کە لە نەتەوەی (ئەلباتوا)ی ڕەسەنن کە لە شەقامەکانی شاری بۆڕۆری دەژیان لە بارودۆخێکی ناجێگیردا بەسەر دەبرد. پێکەوە کۆمەڵەیەکیان دامەزراند و سەرمایە پاشەکەوتکراوەکانی خۆیان کۆکردەوە و خانووییان پێ دروستکرد و بوون بە پاسەوانی دارستانێک کە بە شێوەیەکی نا یاسایی لە ژێر هەڕەشەی بڕینی دارەکانی دابوو.

لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتەکە (نزیجیمبا) وتی: بڕیارمدا گەنجەکان بخەمە بواری کارکردن لە ڕێگای ئاشناکردن و بەستانەوەیان بە سروشتەوە و فێرکردنیان و کاریگەری لەسەریان کە لە کۆتاییدا بووە هۆی گۆڕینیان، چونکە گەنج ئایندەی وڵاتە و چاندنی داریک پاڵپشتییە بۆ ئایندە.



خواردنی بیبەری تووں تەمەن درێژ دەکات

لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە زاناکانی زانکۆی هارڤەرد بە هاوکاری پزیشکانی نەخۆشیی ئافرەتان لە پریگهام ئەنجامیان داوە دەردەکەوێت، ئەو کەسانەی بیبەری تووں دەخۆن دەرفەتی درێژبوونی تەمەنیان زیاد دەبێت.

زیاتر لە 487 هەزار کەس بەشدار بوون لەو لێکۆڵینەوەکەدا کە تەمەنیان لە نێوان 30 - 79 ساڵ بوو، بۆ ماوەی 7 ساڵ ئەو لێکۆڵینەوەیە بەردەوام بوو لە چوارچێوەی بەرنامەی توێژینەوەی چینی نیشتیمانی.

لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا 20 هەزار بەشداربوو گیانیان لەدەست دا، دەرکەوت ئەوانەی بیبەری تیژ (تووں) دەخۆن تەمەنیان بە ڕێژەی 12-14% زیاد دەکات بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی نایخۆن.

بە بڕچوونی شارەزایان هەبوونی بیبەری تووں لە سیستەمی خۆراکیدا هاوکارە بۆ کەمکردنەوەی مەترسیی مردن بەهۆی شێرپەنجە و نەخۆشییەکانی دڵ و خوێنبەرەکان و کێشەکانی کۆئەندامی هەناسە دان.



دوای 40 ساڵ لە ئێران دەرگەی یاریگا بەڕووی هاندەرانی ئافرەت کرایەوە



دەسەڵاتدارانی ئێران رێگەیان بە ئافرەتان دا، بلیتی چوونە نێو یاریگە بکڕن و بە ژمارەی زۆر، ئامادەی یارییەکی تۆپی پێ بن، ئەوەش بۆ یەکەمجار دوای چوار دەیە رووی دا. رۆژی پێنج شەمەی ڕابردوو، ئافرەتانی ئێران، یاری هەڵبژاردەی پیاوانی وڵاتەکەیان، بەرامبەر کەمبۆدیا لە نێو یاریگە بینی. یاریەکەش بە ئەنجامێکی پێوانەیی کۆتایی هات، کە بردنەوەی ئێران بوو بە ئەنجامی 14گۆڵ بەرامبەر بە هیچ. شیاوی باسکردنە، لەوەتەی شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی 1979 بەرپا بووە، رێگە بە ئافرەتان نەدەدرا، لە یارییەکانی تۆپی پێ ئامادە بن، چونکە پیاوانی ئایینی پێیان وایە، دەبێت ئافرەتان لە کەشوهەوای پیاوانە دوور بن و نابێت بە جلی تۆپی پێوە، سەیری پیاوان بکەن. تەنیا لە چەند حاڵەتێکی دەگمەندا، رێگە بە ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئافرەتان دراوە، لە یارییەکان ئامادە بن، بەڵام فیفا بەم دواییە، داوای لە دەسەڵاتدارانی ئێران کرد، رێگە بە ئافرەتان بدەن، ئامادەی نێو یاریگەکان بن. ئەوەش دوای ئەوە بوو، کچێکی ئێرانی، کە جلی پیاوانی لەبەر کردبوو و بەدزی چووبووە نێو یاریگە، پێش ئەوەی سزای بەندکردنی بەسەردا بسەپێندرێت، خۆی کوشت. لە یاری هەڵبژاردەی ئێران، بەرامبەر کەمبۆدیا، لە پالاوتنەکانی گەیشتن بە مۆندیال و جامی ئاسیا، زیاتر لە 3500 بلیت، فرۆشرایە هاندەرانی ئافرەت، بەڵام رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی، ئەو ژمارەیەی بە شتێکی "ڕەمزی و فرتوفێڵی پروپاگەندەیی" وەسفکرد، ئەوەش بەهۆی فراوانی یاریگەکە، کە جێگەی 78 هەزار هاندەری تێدا دەبێتەوە. ئەو کێشەیە لەسەر ئاستی جیهانییەوە دەرکەوت، دوای ئەوەی سەحەر خەدیری، ناسراو بە (کچە شینەکە- بەهۆی ڕەنگی درێسی ئەو یانەیەی هاندەری بوو)، لە مانگی ڕابردوودا، لەبەردەم دادگە، کە چاوەڕێی سزادانی دەکرد، بەهۆی ئامادەبوونی بە یارییەک بە جلوبەرگی پیاوانەوە، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. ئەو خانمە تەمەن 29 ساڵییە، دوای یەک هەفتە لە رووداوەکە، کۆچی دواییکرد. خاتوو جویس کوک، سەرۆکی بەشی فێرکردن و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە فیفا وتی:"شتەکە تەنیا بەیەک یارییەوە پەیوەست نییە، ئێمە چاو لەو مەسەلەیە ناپۆشین". وتیشی:"ئێمە موکڕ و پابەندین، هەموو هاندەران، لە ئامادەبوونی یارییەکاندا، مافێکی یەکسانیان هەبێت، بە ئافرەتانیشەوە". هەروەها فیلیپ لۆتەر، لە رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتیش وتی:" رێگەدان بە فرۆشتنی تەنیا 3500 بلیت بە ئافرەتان، فرتوفێڵێکی پروپاگەندەیی دەسەڵاتدارانە و مایەی گاڵتەپێکردنە، مەبەستیان سپیکردنەوەی ڕووی خۆیانە، دوای ئەو ناڕەزاییە جیهانییەی لە مردنی جەرگبڕی سەحەر خەیری کەوتەوە". ئەمەو پیاوانی ئایینی لە ئێران، رێگە بەوە نادەن، ئافرەتان بچنە نێو یاریگەکانەوە. فیفاش دەڵێت، ئاگای لەو خۆپیشاندانەیە کە نزیکەی 50ژنانی تووندڕۆ لە تەهران، لە هەفتەی ڕابردوو، تێیدا بەشدار بوون، وەکو ناڕەزاییەک بۆ بڕیاری رێگەدان بە ئافرەتان، لە نێو یاریگە ئامادە بن.

ڕەمزی میرەکانی

کڕواتییەک دەبێتە ڕاهێنەری یانەی وەرزشی هەولێر

ئا:سەرهەنگ نەجمەدین

دوای ئەنجامدانی سێ گەڕ لەیاریەکانی خولی نایابی عێراق ، یانەی وەرزشی هەولێر بەشێوەیەکی سەرەتایی لەگەڵ ڕاهێنەری کراوتی رادان کاسانین گەیشتنە ڕێکەوتن بۆ ئەم وەرزەی خولی تۆپی پێی نایابی عێراق.

بەپێی هەواڵی سایتی کووردی عەرەبی دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر دوای گفتوگۆکردن بڕیاریاند لەشوێنی ئەکرەم سەلمان ڕاهێنەری کراوتی رادان کاسانین بۆ ئەم پۆستە دەستنیشان بکات، لەکاتێکدا ئەگەر هەردوولا نەگەیشتنە ڕێکەوتنی کۆتایی ، یانەی هەولێر چەند ڕاهێنەرێکی دیکەی بۆ هەمان مەبەست دەستنیشانکردووە تا ڕابەرایەتی یانەی وەرزشی هەولێر بکات وەک ئەرکی ڕاهێنەر.



پێویستە بگوترێ ئەکرەم سەلمان هەر لەگەڵ بەدەستهێنانی 3یەکسانبوون لەیاریەکانی خولی عێراقدا، ناوبراو بەئارەزووی خۆی دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لەیانەکە ڕاگەیاند، لەبەرامبەردا یانەی هەولێریش داوایان لەڕاهێنەری ناوبراو کرد کەبەردەوام بێت لەسەر کارەکەی خۆی یانەکە جێنەهێڵێت، بەڵام دواجار ڕئەکرەم سەلمان لەبڕیارەکەی خۆی پاشگەزنەبووە و بڕیاری جێهێشتنی یانەکەیدا، یانەی هەولێر لەسەر دەستی ئەو ڕاهێنەرە لە 3 یاری بەرامبەر یانەکانی نەفتی باشوور و کارەبا و نەفت یەکسانبوو، واتە لەکۆی 3 یاری تەنها 3 خاڵی کۆکردەوە و لەپلەی یازدەهەمینی ڕیزبەندی خولەکە دەبیندرێت.

پیانیچ: چاومان لە بەدەستهێنانی هەموو نازناوەکانە

یاریزانی بۆسنی، میرالیم پیانیچ، ئەستێرەی هێڵی ناوەڕاستی یانەی یۆڤانتسی ئیتاڵی دووپاتی کردەوە، تیپەکەی چاوی لە بەدەستهێنانی هەموو نازناوەکانە. بیانیچ، لێدوانی بۆ ماڵپەڕی (کالچیۆ میراکاتۆ) دا و وتی:"خەونم ئەوەیە، بەمە یەکێ لە باشترین یاریزانەکانی جیهان، من کار لەسەر ئەوە دەکەم و بە ئاستی ئێستاشم دڵخۆشم". هەروەها وتی:" بەرامبەر ئینتەر، هەموو شتەکان بە باشی گوزەریان کرد، شایستەی بردنەوە بووین، دواجار توانیمان یەکەمی ڕیزبەندی خولەکە بگرین". وتیشی:" وابزانم تیپەکەمان لە ئیتاڵیا باشترینە، دەمانەوێت لە یەکەمی ڕیزبەندی خولەکەدابێنینەوە، چاومان لە بەدەستهێنانی هەموو نازناوەکانە، ئەوەش ئامانجی یۆڤانتسە". ئەوەشی وت:"یۆڤی، یەکێ لە سێ یان چوار باشترین یانەکانی جیهانە ، ئامانجەکانمان زۆر بەرزە، نەوەکو تەنیا بۆ ئەو وەرزە، بەڵکو لە هەموو ساڵێکدا، دەمانەوێت نازناوی هەموو ئەو پاڵەوانییەتیانە بەدەست بهێنین، کە ئەمساڵ بەشداربیان تێدا دەکەین". ئەمەو بیانیچ، توانی ببێتە یەکێ لە ئەستێرەکانی یۆڤی لەو وەرزەدا، دوای ئەوەی بە گۆڵەکانی لە تۆڕی سپاڵ و بریشیا ، توانی شەش خاڵ بۆ یانەکەی بەدەست بهێنێت. شیاوی باسکردنە ، بیانکۆنێری، دوای حەوت گەڕ، یەکەمی ڕیزبەندی کالچیۆی گرتووە، بە کۆکردنەوەی 19خاڵ و بە جیاوازی یەک خاڵ لە پێش ئینتەرمیلانی دووەم دێت.

ڕەمزی میرەکانی



قومار

هەڕەشە لە دوارۆژی یاریزانێک دەکات

چاوەڕوان دەکرێت جیمس حادیسۆنی ئەستێرەی لاو دووچاری سزایەکی تووند ببێتەوە کاتێک ئەو یاریزانە بەهۆی نەخۆشییەوە لە سەربازگای مەشقی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا دوورخرایەوە، کەچی هەر ئەو ڕۆژە لە هۆڵێکی قومار کردندا بینیویانە.

هەینی ڕابردوو لەمیانی ڕکابەرییەکانی کۆمەڵەی یەکەمی پاڵاوتنەکانی جامی یوروژی 2020، هەڵبژاردەی ئینگلتەرا بەرامبەر چیک دۆڕاندی، مادیسۆنیش بەشداری ئەو یارییەی نەکرد و بەهۆی ئازاری نەخۆشییەمەیەوە لە مەشقەکان دوورخرایەوە، کەچی ڕۆژنامەیەکی بەریتانی وێنەی ئەو یاریزانەی بڵاوکردۆتەوە کە لە یەکێ لە هۆڵەکانی لەندەن قومار دەکات، ئەمەش ناڕەزایی لێکەوتەوە و چاوەڕوان دەکرێت یەکێتی تۆپی پێی ئینگلیزی سزایەکی تووندی ئەو یاریزانە بدات و ڕەنگە شزایەکەش دوورکەوتنەوە بێت لە هەڵبژاردە.

هاوکار کەڵهوڕی

زلاتان 900یاری و 533 گۆڵ



زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی گۆڵکاری یانەی لۆش ئەنجەلۆسی گلاکسی ئەمریکی تا ئێستا سەرکەوتوو بووە لە دروستکردنی میتۆوویەکی پرشنگدار لە کاروانی وەرزشی.

زلاتان بەدرێژایی میتۆووەکەی 33نازناوی بەدەستهێناوە و تا ئێستا 900یاری ئەنجامداوە و لەمیانیدا 533گۆڵی تۆماری کردووە، لەوانە 301گۆڵ لەسەرووی تەمەنی 30ساڵیدا کە ئەمەش ژمارەیەکی نایابە لەمیتۆووی ئەستێرەکانی سەرووی ئەم تەمەن.

هەردوو جەمسەرەکەی ئیسپانیا شەڕیانە لەسەر یاریزانێکی ناپۆلی

لە ئیسپانیا ململانییەکی زۆر لەنێوان ڕۆژنامەکانی نزیک لە بەرشلۆنە و ریال مەدرید هەیە، بەتایبەتیش لەبارەی دوارۆژی فابیان رویزی ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی ناپۆلی ئیتاڵی.

هەردوو جەمسەرەکەی ئیسپانیا لە نزیکەوە چاودێری ئەو یاریزانەی ناپۆلی دەکەن، هەردووکیان هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن و بۆ ئەمەش وکابەرییەکیان کەوتۆتە نێوانیانەوە، یانەی بەرشلۆنە ئەبیدالی وەک نێردە ناردۆتە ئیتاڵیا و لەوڵاشەوە ریال مەدرید هەوڵی خۆی داوە، بەڵام لەبەرامبەر ئەم دوو هەوڵەدا یانەی ناپۆلی لەهەوڵی ئەوەدایە کە بۆندەکەی تازە بکاتەوە و مەرجیکیش لە بۆندەکەدا هاتووە کە هەر یانەیەکی دەرەوەی خولی ئیتاڵی داوای بکات نابێ نرخەکەی لە 120ملیۆن یورۆ کەمتر نەبێ.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Tue, 15. Oct. 2019 No: (5849)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

هونەرمەند ئیدریس ڕەواندزی:

لە هونەری کوردی بێسەروبەرییەک هەیە کە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەکان و سەندیکای هونەرمەندان لێی بەرپرسیارن

دیدار: هەمزە سەرحان

(ئیدریس میر ئەحمەد مستەفا) ناسراو بە (ئیدریس ڕەواندزی) لە ساڵی 1974 لە شاری ڕەواندز لە دایکبووە، تەمەنی منداڵی لەو شارە بردۆتە سەر هەر لە منداڵییەوە حەزی لە هونەری گۆرانی وتن کردووە، لە ئاهەنگەکانی قوتابخانە بەشداریکردووە لە سەردەستی مامۆستای گەورە زرار محەمەد کە مامۆستای هونەرو هاوکات سەرۆکی تیپی پاشای گەورە بووە ، لە ساڵی 1993یەکەم بەرهەمی بە نێوی (هەوری غەم) بە دەنگ و ڕەنگ بڵاوکردۆتەوەو تا ئێستا خاوەنی چەندین گۆرانییە لە تیڤی و ڕادیۆکان وە لە ساڵی 1997بە گۆرانی (لێک دابڕان) زیاتر ناسراو دەرکەوت، دواین کاری سیدی (خەندەی حەزەکان) بوو کە تراکی سێیەمی، گۆرانی (چاوڕەش خانم) بوو، کلیپی بۆکردووە لە ساڵی 2012ەوە تا ئێستاش بەردەوامە لە کاری هونەری و فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتی هونەرو میوزیک و ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانە، خێزاندارەو ، خاوەنی سێ منداڵە بە ناوەکانی (ئالا ، ئەحمەد ، ئاران) هونەرمەند لە دیانەیەکدا بۆ (خەبات) بەم جۆرە هاتە ئاخاوتن:



چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئێستای هونەری کوردی هەیە ؟

گەر بە وردی سەیری هونەری کوردی بکەین بێسەرو بەرییەکی زۆری پێوە دیارەو بەزەقی هەستی پێدەکرێت، بە هۆی نەبوونی فلتەرێکی بەهێز لەو بوارەدا کە هەموومان لێی بەرپرسیارین بە وەزارەت و دەزگاو میدیاو هونەرمەندان جا لەو نێوەدا چاک و خراپی تێدا ون بووە.

زۆرگلەیی دەکرێت لە تێکەڵکردنی هونەری بیانی بە هونەری کوردی و کاڵبوونەوەی ڕەسەنایەتی لە ناو هونەر، ئەمە تا چەند ڕاستەوکێ هۆکارە ؟

بەڵێ بە تایبەت لەو ماوەیەدا کاریگەری موزیکی بیانی یەکجار زاڵە بەسەر هونەری کوردی . هونەری کوردی زیاتر تۆخ بۆتەوە بۆ ونکردنی ڕەسەنایەتی ئەمەش ئایا بە مەبەستە یان هەروا خۆڕسکە ؟ بەداخەوە من بە دەستی دەزانم تا خۆڕسک بێ . چونکە چوار دەورمان هەمووی دوژمنە.

کێ هۆکارە لەو فەوزایەی کە لە هونەری کوردیدا هەیە؟

گەر هەر دەزگایەک لە ڕاستی خۆی پێوانەیەکی هەبێ بۆ جوداکردنەوەی کاری باش و خراپ ئەوە تا ئاستێک هونەری کوردی دەبوژێتەوە بە تایبەت وەزارەتی ڕۆشنبیری هیچ نەبێ دەبێت بێتە دەنگ بۆ ئەو هەموو بەرهەمە کرچ و کاڵەی ئێستا هەیە، ناکرێ بەو شێوازە بەردەوامبێت . ئەو فەوزایەی هەیە بە پلەی یەک وەزارەتی ڕۆشنبیری و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سەندیکای هونەرمەندان لێی بەرپرسن.

بە کارهێنانی ئافرەت لە کلیپەکاندا چۆن سەیر دەکەیت؟

بەکار هێنانی ئافرەت لە کلیپدا کارێکی جوان و ئاساییە. بەڵام نەک بۆ دەرخستنی جەستەی ، نەخێر بەڵکو دەتوانرێت ئافرەت وەکو کورتە چیرۆک بەکار بهێنێت کە گوزارشت لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکە بکات و ڕەنگدانەوەی کارەکە بێت . بە تەئکید بەشداریکردنی ئافرەت لە کلیپدا جوانییەکی سیحراوی پێدەبەخشێت.

نەبوونی فلتەر لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری تا چەند زیانی بە هونەر گەیاندووە؟

ئێمەی هونەرمەندان لەمێژە هاوار دەکەین کە دەبێت فلتەرێک هەبێت لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ گۆرانی کوردی . با لیژنەیەکی پسپۆڕ لە بواری ئاوازو تێکست و کلیپ و موزیک و ئاستی گۆرانییەکە پێکبێت ، گەر بەرهەمەکە بەم فلتەرانەدا بڕوات دڵنیام سەرکەوتوو دەبێت و شیاوی بڵاوکردنەوەیە، بەڵام گەر بەرهەمەکە لەم لیژنەیە سەرکەوتوو نەبوو بە هیچ شێوەیەک هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندن ناتوانێ بڵاوی بکاتەوە ،ئەمە کەمترین کارە گەر بکرێت.

تا چەند گلەییت لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەیە لە بڵاوکردنەوەی هەموو جۆرە گۆرانییەک؟

بە تەئکید دەزگاکانی ڕاگەیاندن گەورەترین هۆکارن بۆ ئەو پەرش و بڵاوی و فەوزایە . چونکە هەر کارێک یان کلیپێک یان لایڤێک یان ئاهەنگ بە بێ هیچ فلتەرێک بەرهەمەکە بڵاودەکەنەوە کە ئەوە لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانە شتی وانییە جا بە ڕاستی تیڤییەکان و ڕادیۆکان دەبێت فلتەرێکی زۆر باشیان هەبێت تا هەموو کەسێک نەتوانێ بە ئارەزووی خۆی گۆرانی بڵێت و بڵاوی بکاتەوە.

ئەو گۆرانییە چییە تاکو ئێستا نەتچڕیوو دەتەوێت بیچڕیت؟

لەمێژە حەزمکردووە بەرهەمێک لە سەر شاری هەولێری خۆشەویست بچڕم سوپاس بۆ خوا ئێستا ئاوازو هۆنراوەکەم ئامادەیەو کاری لە سەر دەکەم . بەڵام بە دوای سپۆنسەرێکی باشدا دەگەڕێم پالپشتم بێت، چونکە گۆرانی تۆمارکردن ئێستا بە ڕاستی سەخت بووە جا هیوادارم ئەو ئاواتەم بێتە دی خزمەتێک بە شاری هەولێر بکەم.



ئامانج هاوسۆزییە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان

دینا کارەهونەرییەکانی ڕاگرت

وریشە عومەر

کچەهونەرمەندی دەنگ خۆش دینا لەوانی خۆی لە ئینستەگرام پەیامێکی ڤیدیۆی بڵاو کردەوەو دەڵێت:سڵاو خۆشەویستیم بۆهەموو کوردان و بۆ هەواداڕانم لەهەر کوێیەکی دنیا هەن،لێرەوەپێتان ڕادەگەیەنم وەکهاوسۆزی و پشتیوانی بۆخوشک و براکانمان لەڕۆژئاوای کوردستان، سەرجەم کارەهونەرییەکانم ڕادەگرم و هیچ کلیپ و کۆنسێت و گۆرانییەک بڵاو ناکەمەوە، هەتاهەموولا دڵخۆش نەبن وە داواکارم ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناحکومییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەسەر ئەوجینۆسایدەی بەسەرخوشک و برایانمان لە ڕۆژئاوادێت بێنە دەنگ و دەستیان بگرن هەڵیان بستێننەوە و نەهڵن هیچی دیکە منداڵ بێ باوک بێت، دایک بێ کۆرپە و ژن بێ پیاو و برا .هەتا نەبینم ئەوخوشک وبرایانەمان بەئارامی دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان هیچ کارێکی هونەری بڵاو ناکەمەوە،چێی ئامادەیە خانمە هونەرمەند دینا چەند ساڵێکە دەستی بەگۆرانی وتن کردوە خاوەنی پێگەیەکی بەهێزەو هەواداری زۆری هەیە و لەزۆر بۆنە نیشتیمانییەکان هەڵوێستی هەبووە

میمۆریی دەرەکی SD بە قەبارەی 1 تێرابایت بەردەستە بۆ کڕین

دوای ساڵانێک لەبارەی بوونی میمۆرییەکی دەرەکی بەر قەبارەیە کەوا پیشان دەدرا ڕاستی بێت، لەکۆتاییدا ئەمجارە میمۆریی SDبەقەبارەی 1تێرابایت گەیشتە بازاڕەکان بەهۆی کۆمپانیای ?Lexarبەمەش پێش کۆمپانیای San-Diskی پلەیەکی ئەو بواڕە کەوت، کە یەکەم کۆمپانیا بوو میمۆریی بەو قەبارەیە خستەڕوو، بەڵام نەکەوتە بازاڕەوە.کۆمپانیای Lexarزنجیرەی میمۆریکانی Pro-fessional 633xی دەرکرد بە هەردوو جۆری SDHCو SDXC UHS-Iبە قەبارەی 16گێگابایت تا 1 تێرابایت.کۆمپانیاکە دەڵێت کە میمۆریی SDXC UHS-Iبەقەبارەی 1تێرابایت دەتوانێت بەخێرایی 95مێگابایت لە چرکەیەک زانیاری بخوێنێتەوە و بەخێرایی 70مێگابایت لە چرکەیەک زانیاری تۆمار بکات. نرخیەکەشی بە گرێنتیەوە 499$.بەڵام میمۆریی 512گێگابایت بە نرخی 150$ دەبێت.

شایەنی باسە لە پێشانگای CES 2019شدا، کۆمپانیای SanDisk گەورەترین میمۆریی دەرەکی لە جۆری فلاش بە قەبارەی 4 تێرابایت کە قەبارەی فلاشەکەش زۆر گونجاوە بۆ گیرفان ڕادەگەیەنێت. کێبڵی جۆری USB-Cلەگەڵدایە ئەمەش واتا لەخێرایی وەک جۆری میمۆریی SSD"دەبێت زۆر بە بچوکیش"بەڵام تائێستا هیچ زانیاریەک نییە لەسەر کاتی دەرچونی ئەم بەرهەمە. بە هەمان شێوە زانیاری لەسەر نرخیشی نییە بەڵام نرخی قەبارە 2تێرابایتیەکەی لەوانەیە بگاتە 1200$دۆلاری ئەمەریکی.



گوندنشینان لەکاتی بێری

فۆتۆ/ ناسیح عەلی خەیات